# رامان لە سیاسەت

## رۆشنبیر و خێری گشتی.. رەوشت و فەزیڵەت.. ململانێ و هودنە

**ئەگەر ئەم ململانێیە بە هاوکێشە سیاسییەکان چارەسەرنەکرا، ئەوا دەکەوێتە بەر مەترسییەوە، کە دواتر سیستەمی حوکمڕانی و ژیانی سیاسی رووبەڕووی مەترسی و هەرەسهێنان دەکاتەوە، بۆیە ئەم بارودۆخە پێویستی بە هێمنی و ئارامی هەیە کە شەڕکەرەکان تێیدا بکەونە هودنەیەکەوەو بە بیروبۆچوون و هەڵوێستەکانیان بچنەوە، دواتر پێویستە بگەڕێنەوە بۆ شێوازی ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و گفتوگۆکردن بۆ گەیشتن بە چارەسەرگەلی قەیران و ململانێیەکە.**



د. شێرزاد نەجار

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەنگل فیش Angel Flisfisch توێژەری ناساوی زانستی سیاسەت (لە چیلی)، جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە کە رۆشنبیران بەشدارییان لە سیاسەتی تیۆریی و پراکتیکی کردووە، چونکە سیاسەت خودی (خۆی رۆشنبیرکردووە intellectualization وەرچەرخاوە بۆ میکانیزمێك Mechanism» ئامانجەکەشی بریتییە لە گەیاندنی حەقیقەت بۆ کۆمەڵگا لە رێی ئەو ئەبستیمە عەقڵانییەی کە لەدەست رۆشنبیراندایە، هەروەها سیاسەتمەدارانیش لە خزمەتی بەجێهێنانی ئامانجی گەیاندنی حەقیقەتەکەدان، بەم شێوەیە رۆشنبیری بریتییە لە گواستنەوەی بەها پراکتیکییەکان بۆ کایەی سیاسەت.

لەوەتەی گریك ئەوەی دۆزیوەتەوە کە پرۆسەی سیاسی پەیوەست کراوە بە دامەزراندنی سیستەمی حوکمڕانییەوە، زانستێکی تایبەت کە ئەویش (زانستی سیاسەت)ە، ئەم زانستەش گرنگییەکی تایبەتی لە هزری سیاسیدا وەرگرتووە بە شێوەیەك کە (ئەرستۆ کە لە ٣٢٢پ.ز کۆچی دوایی کردووە) سیفەتی (شای زانستەکان)ی پێ بەخشیوە.

ئەرستۆ بە یەکەم کەس دادەنرێت کە بنەماکانی واقعییەتی بۆ زانستی سیاسەت داناوە ئەویش لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بە ناوی (سیاسەت ساڵی ٣٢٠ پ.ز)و بە دیدێکی واقعبینانە سەیری ژیانی سیاسی کردووە، ئەمەش لە پرەنسیپێکی گرنگەوە بۆی چووە کە: مرۆڤ لەخۆڕا هەوڵدەدات بۆ خێرو بەختەوەری لە رێگەی بەدیهێنانی کارە گرنگ و پێویستییەکان کە پەیوەستن بە فەزیڵەت و رەوشتەوە، مرۆڤ کاتێك هەوڵدەدات خێر بناسێت و بەدیبهێنێت، کەواتە لەم هەوڵەیدا، هەروەك ئەرستۆ لە کتێبەکەیدا تێبینی دەکات: رەوشت بۆ نیکۆماخس، تایبەتمەندیی خودی مرۆڤ پیشان دەدات کە: مرۆڤ بە سروشتی خۆی بوونەوەرێکی سیاسییە.

بنەمای زانستی سیاسەت بریتییە لە دابینکردنی سیستەم بۆ کۆمەڵگا، بۆیە کاتێك ئەرستۆ ئەمەی کردو لە سیاسەت و زانستەکەی کۆڵییەوە، یەکەمجار رووی کردە شرۆڤەکردنی مامەڵە مرۆییەکان یان بەشێوەیەکی وردتر خودی مامەڵە مرۆییەکان، ئەمەش بە ئاشکرا بە واتای: لێکۆڵینەوە لە رەوشت کە بەشی یەکەمی سیاسەتە، بەم شێوەیە لێکۆڵینەوە لە سیاسەتدا لە بنەڕەتدا لێکۆڵینەوەیە لە رەوشت، ئەمەش بە دەوری خۆی پێویستی بە لێکۆڵینەوە لە فەزیڵەت هەیە، واتا وازهێنان لە هەموو خراپەکارییەك، واتا بە وردتر: سیاسەت مانای رەوشت و فەزیڵەت و وازهێنانە لە خراپەکاری، لێرەشدا پێویستە جیاوازی لە نێوان فەزیڵەت و سیاسەتدا بکەین، چونکە فەزیڵەت پەیوەستە بە تاکەوە، بەڵام سیاسەت پەیوەستە بە کۆمەڵەوە، سیاسەت (پڕچەکە بە رەوشت و فەزیڵەت)

هەر ئەوەیە کە دادپەروەری و یەکسانی و پەروەردەی بەرز بۆ کۆمەڵ دابین دەکات، لێرەدا دەوڵەت لە خزمەتی سیاسەتدا دەبێت کە مەبەستی چاودێریکردنی یاساو جێبەجێکردنیەتی لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجێکی باڵا کە بریتییە لە: بەدیهێنانی خێرو بەختەوەری و ژیان لە پێناوی ژیانێکی تەواو ساغڵەمی کۆمەڵایەتیدا،لەم دەوڵەتەدا(یۆنانییەکان بە پۆلس Polis) ناوزەدیان کرد کە دیموکراسیەتی راستەوخۆ پیادە دەکات، بۆیە هاووڵاتی ئازاد مافی بەشداریکردنی لە دەسەڵاتدا هەیە، ئەمەش بە دەستوور رێکدەخرێت، کە بریتیە لە شێوازێکی رێکخستنی دامەزراوەیی مەدەنی(دەوڵەت)، ئەمەش مانای رێکخستنی ژیانی هاووڵاتیانە، لەمەدا ئەرستۆ دەستوور و مافی هاووڵاتیبوون یەکسان دەکات، ئەمە دەرئەنجامی بوونی مرۆڤە کە بوونەوەرێکی سیاسییەو ناتوانێت لە دەرەوەی کۆمەڵ بژێت، واتا بوونەوەرێکە دەیەوێت لەنێو کۆمەڵگەیەکی باشدا بژێت، کە هەموو هاووڵاتیان تێیدا یەکسانن، مرۆڤ بوونەوەرێکی عاقڵ و بیرمەندە پێویستە خێرو شەڕ و راست و چەوت و دادپەروەری و ستەمکاری بناسێت، بەم شێوەیە بنەمای کۆمەڵی مرۆیی زانینی رەوشتە، رەوشتبەرزیی هاووڵاتی دروست (بە ڕای ئەرستۆ) پەیوەستە بە ناوەڕۆکی دەستووری مەدەنی(دەوڵەت). بۆیە بەهۆی فرەدەستووری(هەندێکی باشن و هەندێکی خراپن) رەوشتبەرزی پیاوی سەلار تەنیا لەگەڵ رەوشتبەرزیی هاووڵاتی سەلاردا لە شاری باش(دەوڵەتی باش)دا دەگونجێت، کە بەپێی دەستوورێکی باش رێکخرابێت کە خزمەتی پێداویستییەکانی هاووڵاتیان بکات، بۆیە هەر کەموکوڕییەك لە ناوەڕۆکی دەستوورەکە تەنیا خزمەتی پێداویستیی حوکمڕان و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان دەکات، لێرەدا لەسەر ئەوانەی لە بواری سیاسەتدا کار دەکەن پێویستە بەدوای باشترین دەستووردا بگەڕێن یان بەدوای چ جۆرە خەڵکێك کە دەستوور لەگەڵیاندا دەگونجێت، لەبەر ئەوە سیاسەتوان پێویستە زانیاریی روونی هەبێت سەبارەت بە دەستوورەکان و شێوازی دانانیان و جیاوازییەکانی نێوانیان، ئەم جیاوازییە لە دەستوورەکان و بۆ جیاوازییەکانی بنیادو چین و پلە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە، کە جۆری دەستوورەکان دیاری دەکات، بە ڕای ئەرستۆ وایە کە دەستوور زۆرترین سوودی بۆ هاووڵاتیان هەیە، پێویستە هێزێکی تێدا بێت کە بەردەوامییەکەی دابین بکات، ئەم هێزە پەیوەستە بە بەشێك لە هاووڵاتیان کە لەسەر دەستوورێکی دیاریکراو دەسازێن، ئەوانە لەو بەشەی کە دەستوورەکە رەت دەکەنەوە بەهێزترن.

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوە دەربارەی گۆڕانکارییە بنیادگەرییەکان لە ژیانی سیاسەتدا: هۆیەکانی گۆڕانکارییە دەستوورییەکان چین؟ ئەو هەلومەرجانە چین کە دواتر لە داهاتوودا دەبنە هۆکارگەل بۆ گەیاندنی زیان بە دەستوور؟ چۆن شێوەی دەستووری سیستەمێکی دیاریکراو دەبێتە شێوەیەکی دیکە؟

لەم کێشمەکێشەدا رووبەڕووی پرسێك دەبینەوە ئەویش ئەوەیە باشترین جۆرەکانی حوکمڕانی چییە؟ بەڕای ئەرستۆ باشترین جۆرەکانی حوکمڕانی ئەوەیانە کە چاکترین پیاوانێك سیستەمی حوکمڕانیی لەم جۆرە بگرنە دەست کە تێیدا تاك بە رەوشتبەرزی و مۆڕاڵ و زانستەکە شیاو بێت بۆ حوکمڕانی، بۆ خەڵکانی دیکەش خۆبەخشانە ملکەچی بن.

بەڵام لە حاڵەتی ململانێ لە سەر دەسەڵات چی روودەدات؟

ئەو شتەی کە هۆکاری ململانێیە پەیوەستە بەوەی کە هەندێ لە بەشداربووانی پرۆسەی سیاسی پێیانوایە کە یەکسانی و خێری گشتی مەترسییە بۆ سەر ئامانجەکانیان ئەو ئامانجانەی کە پەیوەستن بە دەستکەوت و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانەوە، بەم شێوەیە چەند رای دیکەش دەربارەی گۆڕین کە رەنگە بە توندوتیژی یان بە فێڵ و چەواشەکاری و خۆڵکردنەچاوی ئەوانی تر رووبدات، دەربارەی ئەم رەوشە کە لەوانەیە بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێت و پشێوی بکەوێتە پرۆسەی سیاسییەوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە پێویستە ددان بنرێت بەو هەڵوێستانەی کە دەبنە هۆی گۆڕینەکە، ئەگەر نا، هەندێ شت روودەدەن کە پەیوەستن بە گوێ پێنەدان و پێشێلکردنی دەستوورو دەرچوون لە یاسا، لەبەر ئەوە دەبینین کە ئەرستۆ لە کتێبەکەیدا( سیاسەت)، ئەو فاکتەرانە دەخاتەڕوو کە دەستوور دەپارێزن، لەوانە جێبەجێکردنی یاساو رێگەنەدان بە تێپەڕاندنی ئەو شتەی کە دواتر دەبێتە هۆکاری ئاژاوەنانەوە.


ئەگەر ئەم ململانێیە بە هاوکێشە سیاسییەکان چارەسەرنەکرا، ئەوا دەکەوێتە بەر مەترسییەوە، کە دواتر سیستەمی حوکمڕانی و ژیانی سیاسی رووبەڕووی مەترسی و هەرەسهێنان دەکاتەوە، بۆیە ئەم بارودۆخە پێویستی بە هێمنی و ئارامی هەیە کە شەڕکەرەکان تێیدا بکەونە هودنەیەکەوەو بە بیروبۆچوون و هەڵوێستەکانیان بچنەوە، دواتر پێویستە بگەڕێنەوە بۆ شێوازی ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و گفتوگۆکردن بۆ گەیشتن بە چارەسەرگەلی قەیران و ململانێیەکە.











# وەرچەرخان لە میتۆدی قەیران دروستکردنەوە
# بۆ میتۆدی ئاشتی هەمیشەیی و
# ڕیشەکێشکردنی ڕق و کینە



**(( بۆ ئیدارەدانی تەنگژەکان، سازان و ڕێککەوتن وەک هەنگاوی یەکەم زۆر باشە، بەڵام چارەسەری کۆتایی نییە بۆ تەنگژە و کێشەکان. ئێمە باس لە چارەسەرکردنی ریشەیی کێشەکان و وەرچەرخانی کێشەکان دەکەین. لەم حاڵەتەدا وەرچەرخانی تەنگژە بۆ ئاشتییەکی هەمیشەیی نێوان لایەنەکان لەگەڵ ئیدارەدانی تەنگژە یاخود هاتنی لایەنی سێیەم بۆ لێکجیاکردنەوەی لایەنە پێکناکۆکەکان دوو چەمکی لێکجیاواز دەبن ... توێژەران زۆرجار بەو ئەنجامە گەیشتوون ئیدارەی تەنگژە دەدرێت بۆ ئەوەی توندوتیژی بوەستێندرێت، ئەمەش زۆرجار نابێتە چارەسەر بۆئەو کێشە دیاریکراوانەی کە ناکۆکییەکەی لێوە دروستبووە. کەواتە زۆرجار لە نێوان ئیدارەدانی تەنگژە و هەوڵەکان بۆ چارەسەکردنی تەنگژەکە هیچ پێوەندییەک نییە، یان وەک ئەوەی من ناوم ناوە، گەیشتن بە ئاشتیەکی بەردەوامی چەسپاو، بۆیە ئێمە لەم دیمانەیەدا باس لە چارەسەری ریشەیی بۆ گەیشتن بە ئاشتیەکی بەردەوام دەکەین، ئەمە کاتێک دێتە ئاراوە کە بتوانرێت چارەسەرێکی مامناوەندی بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی پێوەندی نێوان لایەنەکان بەردەوام بێت، باشترین چارەسەر ئەوەیە هەموو لایەنەکان خۆیان بە براوە بزانن، ئەمەش کاتێک ڕوودەدات کە هەموو لەسەر ئەو ئاکامەی پێیدەگەن رازی بن، بەڵام تەحەددی سەرەکی ئەو کاتە دێتە ئاراوە کە لایەنێک تۆتالیتاریانە بیر بکاتەوە و بە ئاکامی سازان رازی نەبێت)).**

**پرۆفیسۆر دانیال دۆرکمان**
**لە زانکۆی جۆرج ماسۆن بۆ گوڵان**

### ● تێگەیشتن لە کێشەکە وەك خۆی ئەوجا هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی

کێشە و تەنگژە لەنێوان گرووپە جیاوازەکان، ئەوجا ئەو گرووپە نەتەوەیی یان ئاییینی جیاواز بن، یان حزبی سیاسی جیاواز بن، هەتا بەشێوەیەکی قووڵ و وەك خۆی لە کێشەکە تێنەگەین ناتوانین بیر لە چارەسەرکردنی بکەینەوە، ئەم حاڵەتە زۆر جار بۆتە سەرئێشەیەکی قورس بۆ لایەنی سێیەم کە دەیەوێت ببێتە میانگیر بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك، هۆکاری سەرەکی بۆ ئەم سەرئێشەیەش ئەوەیە کە لایەنی سێیەم وەك پێویست لە کێشەکە تێنەگەیشتووە، یان ئاگاداری ئەو پەروەردە حزبی و ئاییینی و نەتەوەییە نییە، کە تاکەکانی هەردوو گرووپە جیاوازەکەی لەسەر پەروەردە کراوە، هەربۆیە چەند هەوڵبدرێت ئەو لایەنانە بگەنە ڕێککەوتن یان دروستکردنی ئاشتی لەنێوانیاندا، ئەوا ئەم هەوڵانە هیچی لێ بەدینایەت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەموو هەوڵەکان کە بۆ ئەو جۆرە ڕێککەوتنانە دەدرێت لە دەرەوەی تێگەیشتنە لە کێشە راستەقینەکەی نێوان لایەنەکان، بۆیە هەتا ئەگەر گوشارەکان و هەوڵەکانی لایەنی سێیەم هەردوولاش ناچار بکات بگەنە ڕێککەوتن، ئەوا ئەگەر ئەو لایەنانە شەڕ لەنێوانیاندا هەبێت، هەوڵەکان دەبنە ئاگربەس یان هودنەیەکی کاتی، خۆ ئەگەر شەڕیش لە نێوانیاندا نەبێت دەبێتە چارەسەرێکی کاتی، لەبەرئەوەی ئەسڵی کێشەکە بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە، ئەوا ئەو ئاگربەسە یان ئەو چارەسەرە کاتییە دەبێتە کاتێکی دیاریکراو بۆ خۆئامادەکردنەوە بۆ کێشە یان شەڕێکی دیکەی توندتر و خوێناوی تر لە پێشتر.

ڕەگو ڕیشەی ئەم جۆرە کێشانە بەشێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ یەکتری قبوڵ نەکردن و ڕەوایەتی یەکتری سڕینەوە، هەر بۆ نموونە کێشەی پرۆتستانەکان و کاسۆلیکەکان لە ئیرلەندای باکوور کە یەکێك بوو لە خوێناویترین کێشە هەتا کۆتایی سەدەی رابردوو، ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠٠ ساڵ پێش ئێستا و بۆ شەڕی نێوان پرۆتستانت و کاسۆلیك لەو وڵاتە، راستە ٣٠٠ ساڵ پێش ئێستا لایەنگرانی مەزهەبی پرۆتستانت سەرکەوتنیان بەسەر مەزهەبی کاسۆلیك بەدەست هێناوە، بەڵام ڕەگ و ڕیشەی ئەم کێشەیە لەماوەی ئەو ٣٠٠ ساڵە وەك خۆی ماوە و بەردەوام پێڕەوانی پرۆتستان وەك دوژمن سەیری پێڕەوانی مەزهەبی کاسۆلیکیان کردووە، هەربۆیە لەناو گەڕەکەکانی ئیرلەندا تەنها لەسەر ناسنامەی ئاییینی یەکتریان دەکوشت، پرۆسەی ئاشتی

# خەسڵەتەکانی وەرچەرخانی تەنگژە

• جەخت لەسەر ڕەگ و ڕیشەی ناکۆکییەکان دەکرێتەوە، ئەم تیشکخستنەسەر ڕەگ و ڕیشەی ناکۆکییەکەش پێویستی ئەنجامدانی شیکردنەوەیەکی هەمەلایەن دەهێنێتە ئاراوە ( لەبارەی ڕیشە قووڵ و نزیکەکانی ناکۆکیەکەوە.

• سێ ڕەهەندە سەرەکییەکەی وەرچەرخانی ناکۆکی بریتین لە : تێڕوانین و دیدگای خەڵک، ئەو سیاقەی خەڵکەکەی تێدا دەژین و ڕەفتاری خەڵکەکە. ئەم سێ ڕەهەندەش لە نزیکەوە پێکەوەگرێدراون:

١. تێڕوانین و دیدگا: ڕەفتاری خەڵکی ڕەنگدانەوەی تێڕوانین و دیدگایانە، نموونەی تێڕوانین و دیدگاش، بێ متمانەیی، هەستکردن بەوەی لە ڕەگەزێکی باڵایت (نمونەی سلبی)، یان باوەڕ و متمانە ( نمونەی ئیجابی).

٢. سیاقەکە: ئەمە پەیوەستە بەو هەلومەرجەی خەڵکەکەی تێیدا دەژی، ئایا خەڵکی بە یەکسانی دەستیان بە خزمەتگوزارییەکاندا ڕادەگات، ئایا دەرفەتی ئابووریان بۆ ڕەخسێنراوە و ئایا بەشداری لە سیستمە سیاسەکەدا دەکەن. ئەو هەلومەرجەی تێیدا دەژین کاریگەری دەبێت لەسەر دیدگا و تێڕوانین، هەروەها هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان.

٣. ڕەفتارکردن: ڕەفتاری خەڵکی دەرئەنجامی ئەو تێڕوانینەیە کە هەیانە و ئەو هەلومەرجەیە کە تێیدا دەژین. نموونەی ڕەفتارەکان توندوتیژی و گەندەڵیە (نموونەی سلبی)، یان پێکەوەژیانی ئاشتیانە و دیالۆگە ( نموونەی ئیجابی). بە هەمان شێوە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانیش کاریگەریان دەبێت لەسەر تێڕوانین و هەلومەرجەکە.

پێکەوە پەیوەستبوونی تێڕوانین و ڕەفتار و سیاق، دەبنەهۆی ئەوەی لە پرۆسەی وەرچەرخانی ناکۆکیدا ئەم سێ ڕەهەندە پێکەوە لەبەرچاو بگیرێن و چارەسەر بکرێن.

سەرچاوە: Conflict transformation: Three lenses in one frame

کە بێجگە لە نەتەوەیەکگرتووەکان هەردوو دەوڵەتی گەورە بەریتانیا و ئەمریکا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیان دەکرد چەندین ساڵ خەریك بوون هەتا بتوانن شێوازێك یان ڕێگەچارەیەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی ئەو دوژمنایەتیەی نێوان پرۆتستانت و کاسۆلیك بگۆڕن بۆ لێبووردەیی و پێکەوەژیان، ڕاستە لە لە ساڵی ١٩٩٨ لە بەلفاست توانرا ڕێککەوتنێکی گەورە ئەنجامبدرێت بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام هەتا ئێستاش کە ١٧ ساڵ بەسەر ئەو ڕێککەوتنە تێپەڕیووە ، کۆمەڵێك کێشەی هەڵواسراو ماوەتەوە و بەتەواوەتی چارەسەر نەکراوە، ئەمە بۆ کێشەی فەلەستین- ئیسرائیل و کشمیری پاکستان و هیندستانی ڕاستە، هەروەها بۆ ئەو شەڕە خوێناوییەی ئێستاش لەسەر دوو ئاست لەنێوان شیعە و سوننە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بەڕێوەدەچێت، دیارە ئاستی یەکەمیان شەڕێکی خوێناویی ئاشکرایە لەنێوان شیعەو سوننە وەك دوومەزهەبی جیاواز لە ئیسلامدا، ئاستی دووەمیان شەڕی نێوان ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامییە، کە ڕاشکاوانە مەزهەبی شیعەی وەك دوژمنی سەرەکی دەوڵەتی ئیسلامی پێناسەکردووە، لەبەرامبەریشدا شیعەش بە هەمان شێوە دەوڵەتی ئیسلامی داعش وەك هەڕەشەیەکی زۆر گەورە لەسەر بوونی خۆی هەژمار دەکات و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش بوو مەرجەعیەتی باڵای شیعە لە عێراق حەشدی شەعبی درووستکرد بۆ ئەوەی هەموو شیعە دژی ئەم مەترسییە ڕابوەستنەوە. ئەمە زۆر جار لەناو بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانیشدا ئەم لێکترازانە ڕوودەدات، کە لایەنی دەستپێشخەر بۆ ئەو لێکترازانە دەبێتە دژ و ئەنتی بۆ هەموو بیروبۆچوون و ڕەفتارەکانی لایەنی یەکەم، هەر بۆ نموونە جیابوونەوەی نیتاجی سبهاس چاندرا لە مەهاتما گاندی لە کاتی پرۆسەی سەربەخۆیی هیندستان، چاندرا لەژێر پەردەی نیشتمانپەروەری و سەربەخۆیی هیندستان بە جۆرێك دژایەتی گاندی دەکرد، کە چوو هاوپەیمانی لەگەڵ ئەڵمانیای نازی کرد، لەکاتێکدا گاندی بە کاروانی خوێ (مسيرة الملح) شکۆی بەریتانیای مەزنی خستبووە ژێر پرسیارەوە، هەروەها وەك جیابوونەوەی چەپە هیگڵییەکان کە مارکس ڕێبەریان بوو لە فیکری هیگڵی، هەموو هەوڵی مارکس بۆ ئەوەبوو هیگڵ لەعەرشی ئیمپراتۆریەتی فەلسەفەوە بێتە خوارەوە و خۆی ببێتە ئیمپراتۆریەتی عەرشی فەلسەفە، ئەمە وەك جیابوونەوەی بلیخانوف و لینین وایە، هەروەها وەك کێشەی نێوان ترۆتسکی و ستالین کە بوونە دوو ئاڕاستەی جیاوازی پێکنەگەیشتوو، تا گەیشتە ئەوەی هەریەك لە

# کۆماری ئیرلەندای باکوور

**پێویستە پرۆسەی وەرچەرخانی ناکۆکی چالاکانە هەڵبستێت بە لەبەرچاوگرتن و لەخۆگرتن و ڕێزگرتن و پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆیی و کەلتورییەکان لە سیاقێکی دیاریکراودا، ئەمەش دیدگا و تێڕوانینی نوێ لە خۆدەگرێت، کە نابێت چیتر سیاق و کەسانی نێو سیاقەکە بە کێشە بزانین و کەسانی دەرەکی بە هەڵگری چارەسەر بزانین، بەڵکو دەبێت وا لێی تێبگەین کە ئامانجی دوورمەودای وەرچەرخانی ناکۆکی پەرەپێدان و پشتبەستنە بە خەڵک و بە سەرچاوەکانی نێو خودی سیاقەکە خۆی.**


**باکووری ئیرلەندا چەندین وانەمان فێر دەکات لەبارەی وەرچەرخانی ناکۆکییەوە، دەتوانین بەڵگەی وەرچەرخان لە هەر پێنج ئاستەکەدا بەدی بکەین لە قۆناغە جیاوازەکانی بەرەپێشچوونی ڕووداوەکانی ئیرلەندا.**

**١. وەرچەرخان بەسەر سیاقی ناکۆکییەکەدا هات، بەهۆی گۆڕانکاری دوورمەودا لە کۆمەڵگەی بەریتانی و ئیرلەندیدا، هەروەها بەهۆی بەرەوپێشچوونی یەکێتی ئەورووپا و کۆتایی هاتنی شەڕی ساردەوە.**

**٢. وەرچەرخان بەسەر بونیادی ناکۆکییەکەدا هات، کاتێک هاوپەیمانێتی پان-ناسیۆنالیستی پەرەی بە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی و دروستکردنی متمانەی پێویست دا بۆ هاوسەنگکردنەوەی پێوەندی لاسەنگی نێوان پارتەکان.**

ترۆتسکی و ستالین، یەکتریان بە سەرسەختترین دوژمنی کۆمونیست و سۆشیالیزم لە قەڵەمدەدا.

ئەم حاڵەتە بەداخەوە لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بەتایبەتیش لە باشووری کوردستان بەر لە ٥١ ساڵ روویداوە، لەماوەی ئەم ٥١ ساڵەدا دەیان جار رێککەوتن و بەرەی هاوبەشی کوردستانی و چەندین جار رێککەوتنی ستراتیژی ئیمزا کراوە و ماوەیەکی کاتی توانراوە بە حەزەر و هەستیارییەوە پێکەوە لە چوارچێوەی ئاشتیەکی ساردا کاربکەن، بەڵام هەر کاتێك بچووکترین کێشە روویدا بێت، کێشەکە گەڕاوەتەوە ئەو ساتەوەختەی کە دروست بووە، لەمەش خراپتر لە ماوەی ئەم ٥١ ساڵەدا چەند جار رێککەوتن کرابێت، دوای ماوەیەکی کاتی، کێشەکە توندتر و خوێناویتر سەریهەڵداوەتەوە، هەر بۆ نموونە لەساڵی ١٩٩٤ کە شەڕی ناوخۆ بەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان فەرز کرا، سەرۆك بارزانی زۆر هەوڵیدا ئەم شەڕە روونەدات، لەگەڵ ئەوەی دۆستانی کورد و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و دایکی شەهیدان گوشاری راستەقینە بوون بۆ ئەوەی ئەو شەڕە دروست نەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی نیەتێکی جدی بۆ هەڵگیرسانی ئەو شەڕە هەبوو، شەڕەکە هەر روویدا، ئەوەی لە ئەدەبیاتی شەڕی ناوخۆی ساڵی ١٩٩٤ پێی دەگوترێت جەولەی یەکەمی شەڕی ناوخۆ، کۆنترۆڵکردنی ئاسان بوو، بەڵام بە گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا بە بیانووی ئەوەی دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی شەڕەکە کۆتایی بێت، بەڵام لەماوەی کەمتر لە ٥ مانگدا پیلانی بۆ قۆناخی دووەمی شەڕی ناوخۆ دارشت و بەرنامەی بۆ گرتنی خافڵگیرانەی شاری هەولێر پایتەختی کوردستان دارشت، خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی هەولێر شاهیدی ئەو مێژووەن ، کە لە رۆژانی ٢١و٢٢ی مانگی ١٢ ی ساڵی ١٩٩٤، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان گەیشتنە رێککەوتنێکی گرنگ و ئەو شەوە لە هەولێر هەموو بێ جیاوازی تەقەی خۆشیان بۆ ئەم رێککەوتنە کرد و بڕیار بوو رۆژی ٢٥ی ١٢ی ١٩٩٤، ئەم رێککەوتنە لە پەرلەمان ئیمزای لەسەر بکرێت، نەوشیروان مستەفا فەرمانی بەهێزەکانی یەکێتی دا کە ناحیەی کەسنەزان بگرن. ئەمە بووە یەکەم هەنگاوی دروست بوونی دووئیدارەیی لە کوردستان و لەتبوونی خەڵك و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لەمەش خراپتر کە پێویستە تیشکی بخەینە سەر ئەوەیە، کە پیلانەکانی نەوشیروان مستەفا بەرهەمی بیرکردنەوەیەکی موجەرەدی



٣. وەرچەرخان لە کاراکتەرەکاندا ڕوویدا، کە گۆڕانکاری لە حکومەتی بەریتانیا و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە بیرکردنەوەی سەرکردایەتی شین فیندا دروست بوو.

٤. وەرچەرخان لە پرسەکانیشدا ڕوویدا، لە نێویاندا ڕیککەوتنی دوولایەنە «Good Friday Agreement» بۆ پێکەوەگونجاندنی شەرعیەتی هەردوو نەریتە کەلتورییەکە و بنیاتنانی ئەو دامەزراوانەی کە دەبوونە هۆی ئەوەی ڕەهەندی پەیوەست بە بەریتانی و ئیرلەندیەکان لە ناو حکومڕانیدا بەهێز بکەن.

٥. هیچ یەکێک لەمانە ڕوویان نەدەدا ئەگەر لەسەر ئاستی تاکەکەس و نوخبەدا وەرچەرخانی گەورە لە هزر و عەقڵەکاندا ڕوویان نەدایە.

سەرچاوە: Conflict Transformation: A Multi-Dimensional Task

لە نووسینی: Hugh Miall

خۆیەتی نەك بیرکردنەوەی ئەقڵێکی پراکتیکی، بۆیە کاتێك پیلان بۆ سڕینەوەی بەرامبەر دادەڕێژێت، بەوجۆرە بیردەکاتەوە ئەم پیلانە لە ماوەیەکی کورتدا ئەو ئاکامە بەدەست دەهێنێت کە ئەو پیلانەی بۆ داڕشتووە، لەوانەیە ئەم جۆرە پیلانانەی نەوشیروان مستەفا بەرامبەر حزبەکانی دیکەی کوردستان ئەو ئاکامەی بەدەست هێنابێت، بەڵام لە بەرامبەر پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو ئاکامەی بۆ بەدەست ناهێنێت، پاش ماوەیەکی کورت وڵات بەجێدەهێڵێت بۆ ئەوەی خۆی لە ئۆباڵی شکستەکە بخاتە دەرەوە، هەر بۆ نموونە لەدوای هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ کە نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، چووە دەرەوەی وڵات، هاوینی ١٩٩٤ کە شەڕ دەستی پێکرد گەڕایەوە، لەماوەی ساڵانی دوو ئیدارەیی سلێمانی و هەولێر، هەر خۆی هەوڵی مانەوەی دووئیدارەیی دەدا، لەگەڵ گەیشتن بە ڕێککەوتنی ستراتیژی لە نێوان پارتی و یەکێتی و دامەزراندنی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نەوشیروان مستەفا جیابوونەوەی خۆی لە یەکێتی ڕاگەیاند و دروشمی سەرەکی بووە هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی و دووبارە دروست بوونەوەی دوو ئیدارەیی.

ئەم باکگراوەندە بۆ ئەوە نییە لاپەرەی کۆن هەڵبدرێتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە رق و کینەی پشت ئەم کێشەیە بەشتی لاوەکی پەردەپۆش نەکرێت و نەتوانرێت چارەسەری راستەقینە بۆ کێشە ئەسڵیەکە بدۆزرێتەوە.

**● گرفتی نوخبەی سیاسی لۆکاڵ لەگەڵ شکۆی کاریزمای سەرۆکدا**

لە مێژووی قۆناخی سەربەخۆیی هەموو گەلانی جیهاندا، گرفتێکی هاوبەشی نوخبەی سیاسی لوکاڵ لەگەڵ سەرۆکی نەتەوە لەو قۆناخە هەستیارەدا بوونی هەبووە، ئەم حاڵەتە لە بەریتانیا لە دژی چەرچڵ و لە فەرەنسا دژی دیگۆل و لە هیندستان دژی گاندی و لە سەنگافورە دژی لی کوان یو، لە کۆریای باشوور دژی پارگ چانگ و لە ئەمریکا دژی لنکۆڵن و لە باشووری ئەفریقیاش دژی ماندێلا بوونی هەبووە.

کێشەی سەرەکی نوخبەی سیاسی لۆکاڵ لەگەڵ سەرۆکە کاریزماکاندا، بەراوردکردنێکی میکانیکییە، واتە پرسیار لە خۆیان دەکەن نهێنی بوونی ئەم کاریزمایەی سەرۆك لە چیدایە، ئەوجا بۆ شکاندنی ئەم کاریزمایەی سەرۆك ئەم نوخبە سیاسیە لۆکاڵە هەموو ڕێگایەك دەگرنە بەر بۆ ئەوەی شکۆی سەرۆك بشکێنن، هەر بۆ نموونە

# باشووری ئەفریقیا

**لە هەندێ ڕووەوە دەکرێت کەیسی باشوری ئەفریقیا بە نموونەیەکی سەرکەوتوویی وەرچەرخانی تەنگژە لێکبدەینەوە، لە دوای ئەنجامدانی یەکەم هەڵبژاردنی دیموکراسی لەساڵی ١٩٩٤دا، توندوتیژی سیاسی بە شێوەیەکی دراماتیکی داکشا. لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکاندا ئەو ڕاستیە ڕوون بۆوە کە باشووری ئەفریقیا پێویستی بە وەچەرخانی تەنگژەیە نەک چارەسەری تەنگژە.**

**وەرچەرخانی تەنگژەش بە سازدانی سیاسی و هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی یاساکانی ئەپارتهاید دەستی پێکرد، سەرەتا لە مەحەلیەوە و دواتر لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا ڕەهەندێکی نێودەوڵەتیشی وەرگرت. لە سەرەتادا دەرفەتی چارەسەری تەنگژەیەکە دەرفەتێکی دوورەدەست بوو و پێویست بوو ئامانجەکە لە خوڵقاندنی کەشێکدا بەرجەستە بێت کە ئەگەری سازشکردن لەسەر پرسە کۆنکرێتییەکان بێنێتە ئاراوە، ئەم ئامانجەش بەوە هاتەدی کە جەخت لەسەر وەرچەرخان و گۆڕینی ڕەگ و ڕیشەی تەنگژەکە بکرێت. واتە ئەگەرچی هۆکارە سیاسییەکانی تەنگژەکە چارەسەر کران، بەڵام چاکسازی ئابووری و کۆمەڵایەتی گەورە**

نوخبەی سیاسی لۆکاڵ لە باشوری ئەفریقیا و هیندستان، دژی شێوازی ئاشتیانەی ماندێلا و گاندی بوون، لە فەرەنسا نوخبەی سیاسی لۆکاڵ دژی ئەو سەقامگیرییە سیاسی و حکومییە بوون کە شکۆی دیگۆل دروستی کردبوو، لە ئەمریکا دژی قەناعەتی ئازادی و نەمانی کۆیلایەتی بوون کە ئەبراهام لنکۆڵن بڕوای پێبوو، تەنانەت کۆنگرێسی ئەمریکا دژی ئەوەبوو کە لنکۆڵن کۆیلایەتی لە ئەمریکا نەهێڵێت. ئەوەی لەم حاڵەتانە دەبێتە جێگەی مەترسی بۆ سەر ئایندەی نەتەوە، بێ ویژدانی و رق و کینەی ئەو نوخبە سیاسیە لۆکاڵەیە کە ئامادەن یاری بە چارەنووس و سەقامگیری وڵات و نەتەوە بکەن لە کاتە زۆر هەستیار و ناسکەکاندا، واتە بەدوای فرسەتێکدا دەگەڕێن کە سەرۆکی کاریزمای نەتەوە نەتوانێت بە ئاسانی بڕیار بدات، بۆ ئەمەش ژینگەیەکی نائارام و ناسەقامگیری ئەوتۆ دروست دەکەن کە سەرۆکی وڵات بڕیاری هەڵە بدات یان بیخەنە دووڕیانێکەوە ئایندەی نەتەوە بخەنە مەترسییەوە، هەر بۆ نموونە ئەوانەی دژایەتی ماندێلایان دەکرد و لەسەر شەقامەکان خەڵکیان بەکوشت دەدا، لەو کاتە بوو کە ماندێلا خەریکی چارەسەری ئاشتیانە و زەمینە خۆشکردن بوو بۆ هەڵبژاردن، ئەوانەی دژایەتی چەرچڵیان دەکرد، پاکانەیان بۆ هیتلەر و فاشیزم دەکرد، ئەوانەی دژایەتی گاندییان دەکرد، دیسان ئەوانیش هاوپەیمانیان لەگەڵ فاشیزم و نازیزم دەکرد، ئەوانەی دژایەتی دیگۆلیان دەکرد، ئامادەبوون سۆربۆن بسووتێ، خوێن بە شەقامی شانزێزلێزێ بڕوات، بەڵام چاویان هەڵنەدەهات سەقامگیری و ئارامی فەرەنسا ببینین.

ئەم حاڵەتە لە کوردستان سەرەتا لە بەرامبەر کارێزمای مستەفا بارزانی دروست بوو، برادەرانی ئەوکاتی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان پێیان وابوو، ئەوە پۆستی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە شکۆی بۆ مستەفا بارزانی دروستکردووە، ئەمە لە کاتێکدا **٣** ساڵ پێش ئەوەی پارتی دابمەزرێت، شێخ مەحمودی حەفید وەك سەرۆکی نەتەوە مامەڵەی لەگەڵ کردووە و هاوکاری کردووە تاکو ئەوەی خۆی بۆ تەواو نەکراوە مستەفا بارزانی تەواوی بکات، لە ساڵی **١٩٤٣**یش کە شۆڕشی دووەمی بارزانی ڕاگەیاند، حزبەکانی ئەو سەردەمە بەبێ ئەوەی بارزانی مستەفا سەرۆك یان ئەندامی هیچ کام لەو حزبانە بێت خۆیان پشت و پەنای شۆڕشی بارزان بوون و ئەفسەرانی ئازادیخوازی کورد خۆیان بوون بە پێشمەرگە و سەرکردەی ئەو شۆڕشە، بەڵام وەك داڤید



**تەنها بە وەرچەرخانی ئەو بونیادە دێتەدی کە تەنگژە بەرهەم دەهێنێت. کەواتە هێشتا و تا ئەم ساتەوەختەوەش باشووری ئەفریقیا پێویستی بە وەرچەرخانی تەنگژە هەیە، چونکە دەبێت زاڵبێت بەسەر بونیادی بەربڵاوی توندوتیژییدا (هەژاری و نەبوونی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان).**

**سەرچاوە:** conflict transformation in south Africa: the impact .of the truth reconciliation commission on social identity transformation

**لە نووسینی:** Hennie Kriel

ئادەمسن لە کتێبی (شەڕی کورد و لێکترازانی ١٩٦٤) ئاماژەی پێکردووە، مەکتەبی سیاسی ئەو کاتی پارتی بەیانێکیان دەکرد بەوەی نابێت مەلا مستەفا سەرۆکی پارتی بێت، ئادەمسن لەو کتێبە ئاماژە بەوە دەکات، لەسەر ئەم پرسە لە (عەلی شەنگاری)م پرسی ئایا لەبەرچی مەکتەبی سیاسی ئەم بەیانەی دژی مەلا مستەفا دەرکردووە؟ لەوەڵامدا (عەلی شەنگاری) دەڵێت: پێیان وتم مەلا مستەفا تەسلیمی عێراق دەبێت و پێشمەرگەش هەڵدەوەشێنێتەوە، (عەلی شەنگاری) بە ئادەمسنی وتووە، لەوەڵامدا من بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیم وتووە، ئەم بەیاننامەیە دوابخەن من سەردانی مەلا مستەفا دەکەم، ئەگەر مەلا مستەفا ئەو نیازەی هەبووە، ئەوا منیش دێمەوە لەگەڵتان ئیمزای دەکەم، بەڵام مەکتەبی سیاسی چاوەڕێی ئەوەیان نەکرد شەنگاری بگەڕێتەوە و بەیانێکیان دەرکرد، مەلا مستەفا سەرۆکی پارتی نییە، لە پاشان شەنگاری دەڵێت : چوومە لای مەلا مستەفا و لێم پرسی، ئایا ڕاستە بەنیازیت تەسلیم بیت و پێشمەرگە هەڵبوەشێنێتەوە؟ لەوەڵامدا شەنگاری دەڵێت بارزانی پێی گوتم : عەلی تۆ بڕوا دەکەی من خۆم پێشمەرگەم دروستکردووە و خۆشم هەڵیبوەشێنمەوە؟، ئەم هەوڵەی نوخبەی سیاسی لۆکاڵی ئەو سەردەمە دژی مستەفا بارزانی، تەنیا یەك هۆکاری هەبوو، ئەویش ئەوە بووە چاویان بە شکۆ و هەیبەتی مەلا مستەفا هەڵنەدەهات، ئەگەر نا خۆشیان باشیان دەزانی، هەموو حزبە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە کە گەورەترینیان حزبی شیوعی عێراق بووە شانازی دەکرد مەلا مستەفا سەرۆکی بێت و هەر لەژێر ڕابەرایەتی بارزانیشدا لە شۆڕشی ئەیلولدا سەرکردە و پێشمەرگە بوون. ئەوجا لەو کاتەوە هەتا ئێستا بەشێوازی فیکری و سیاسی و تەنانەت سەربازیش ئەم ڕق و کینەیە دژی مستەفا بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان درێژەی هەیە.

**● بۆچی مسعود بارزانی کراوەتە ئامانج بۆ ئەم کێشەیە؟**


ئاشکرایە لە ئێستادا هەموو جیهان لەسەر ئاستی عێراق و دەوڵەتانی دەوروبەر و وڵاتانی گەورەی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش، هەموو ئەو سەرکردە سیاسیانەی لە ناو پرۆسەی سیاسی کوردستان کاردەکەن، بێجگە لە مسعود بارزانی هەموویان بێ جیاوازی وەك سەرکردەیەکی لۆکاڵ لەناو هەرێمێکی بچکۆلە وەك بەشێك لە عێراق سەیر دەکات، بەڵام سەرۆك مسعود بارزانی وەك سەرۆکێکی دەوڵەتێکی گەورەی سەربەخۆ

# کینیا

بــە پێی لێکدانەوەی جۆن پاوەڵ لێدێــراچ، وەرچەرخانی تەنگژە چوارچێــوە و چەمکێکە کە ڕوودانی ناکۆکــی تێیــدا گرێدەدرێتەوە بە ســیاق و ڕەفتارە باوەکانــەوە. ئەو پێی وایــە وەرچەرخانی تەنگژە پەیوەســتە بــە هەوڵێکی بنیاتنەرانە بۆ هێنانەئــارای گۆڕانکاری، بەڵام لە بنەڕەتــدا ئەو گۆڕانکارییە سنووری چارەسەرکردنی کێشەگەلێکی دیاری کراو تێدەپەڕێنێت، واتە وەرچەرخانی تەنگژە– لە میانەی شــیکردنەوەیەکی بەرفراوانتری تەنگژەکە لە چوارچێوەی سیاقەدەدا– لەو بونیاد و ڕیشانە دەکۆڵێتەوە کە بوار بە ســەرهەڵدانی نادادپــەروەری و ناکۆکی توندوتیژ دەدەن، بەو پێیە پێشــنیاری وەرچەرخان لــەو بونیادانەدا دەکات، واتە ســەرەڕای ئەوەی ڕەنگە ئــەو تەنگژەیە چارەســەر بکرێت، بەڵام بەبێ چارەســەرکردنی پێویستی سیاقی ناکۆکییە توندوتیژەکە هەمیشــە ئەگەری بەهێزی ڕوودانی ناکۆکی لە ئارادا دەمێنێت. وەرچەرخانی تەنگژە شیکردنەوەی دوورمەودا بۆ بارودۆخی ناکۆکی توند لە خۆدەگرێت. لەگەڵ شــیکردنەوەی ســیاقەکە و ڕێگاکانی وەچەرخانی ئەو بارودۆخانە بۆ ئەوەی مەترسی ناکۆکی و توندوتیژی لە ئایندەدا کەم بکرێتەوە.

لە کەیســی کینیادا، دووبارەبوونەوە و ڕوودانی ناکۆکی توندوتیژ کە پێدەچێت ڕەگ و ڕیشەی قووڵی هاوبەشــیان هەبێت، ئاماژەیە بە شکستی چارەسەرکردنی ئەو پرســانەی پەیوەستن بەو سیاقەی تێیدا ناکۆکیــەکان دووبــارە دەبنەوە، بەو پێیە دەبنەهۆی ســەرهەڵدانی ناکۆکی توند کــە لە هەمان پرس و هۆکاری هاوشــێوەوە ســەرچاوە دەگرن. بۆ نموونە تەنگژەی زەق و باوی ئەو وڵاتە بریتییە لە ناکۆکی لەبارەی خاوەندارێتی زەوی و بەکارهێنان و دەستڕاگەیشتن بە زەویەوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە

پێشــوازی لێدەکات، سەرۆك مســعود بارزانی لە ماوەی ســاڵانی ٢٠٠٠-٢٠١٥ وەك ســەرۆکێك لەســەر ئاستی ئیقلیمــی و جیهانی دەرکەوت کە نەك هەر توانای ئەوەی هەیە ســەقامگیری لە کوردستان فەراهەم بکات، بەڵکو توانای چارەسەرکردنی کێشە ئیقلیمی و عێراقییەکانیشی هەیە و دەتوانێت لەســەر ئاســتی ئاشــتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی ڕۆڵێکی گــەورە بگێڕێت، لەوانەیە نوخبەی سیاســی لۆکاڵ کاتێك ئەم دێڕانە دەخوێننەوە، وا تێبگەن ئەمــە بۆ پێدا هەڵدانی مســعود بارزانی یە و لەوەڵامدا بڵێن ئایا قەت هەبووە ســەرۆکی وڵاتێکی بچکۆلە، ئەم ڕۆڵە گەورەی لەســەر ئاستی ئیقلیمی و جیهان هەبێت؟ ئایا ئەمــە خۆڵ لەچاوکردنی خەڵــك نییە؟ لە وەڵامی ئەو نوخبە لۆکاڵە دەڵێین، دیارترین دەوڵەمەتداری سەدەی بیســتەم ، (لی کوان یو) ی ســەرۆکی ســەنگافورایە، ســەنگافورا زۆر لە کوردســتان بچووکترە، بەڵام کاتێك قســە لەسەر کێشەکانی چین و هیندســتان دەکرێت، ئەو پرســیارە ڕووبەڕووی (لی کوان یو) دەکرایەوە، ئەگەر تۆ سەرۆکی چین یان هیندستان بویتایە چۆن ئەم کێشەیەت چارەســەر دەکرد؟ (لی کوان یو) پێش مردنی لە کۆتایی ســاڵی ٢٠١٣ کتێبێکی بەناونیشانی ( بۆچوونی پیاوێك لەسەر جیهان) ، لەسەر بەرگی ئەم کتێبە باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا نووســیوویەتی ( تۆ ئەگەر لی کوان یــو ت خۆش بوێت یان رقت لێــی بێ ناتوانی ئەم کتێبە نەخوێنیتــەوە) ، ئەمە شــکۆ و هەیبەتــی جیهانی بوو بۆ لی کوان یوی ســەدەی بیســتەم، بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیســت و یەکەمەوە مسعود بارزانی هەمان شکۆ و هەیبەتــی جیهانی بۆ دروســت بــووە، بەتایبەتی کە سەرکەوتنەکانی لە ئاستی پرۆسە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە عێراق و ناوچەکە ، هەتا پێش شــەڕی داعش گەیشتە ئەوەی ئەو نازناوەی بۆ دابنێن (ئەوانەی مسعود بارزانی وەك خۆی ناناسن، ئەم پیاوە پێشمەرگەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك پاریس وایە بۆ فەرەنسا). **٣ی ئابی ٢٠١٤** ش کە بڕیاری شەڕی سەرتاسەری کوردستان یا نەمانی دژی داعشــدا ، ئەم بڕیارە ٨ ڕۆژ پێش بڕیاری ئیدارەی ئەمریکایە بۆ بەشــداریکردن لەو شــەڕە ، بەتایبەتی کە پێش بڕیاردانی ئەمریکا بە سەرپەرشــتی ڕاســتەوخۆی ســەرۆك بارزانی مەخمور ئازاد کرا، ئــەوە ژەنەراڵەکانی پێنتاگۆن بوون دەیانگووت: مســعود بارزانی کوردستانی کردۆتە ســپارتە و دەبێت لەبەر خاتری سوپا بچکۆڵەکەی و ســەرکردایەتییە لۆژیکییەکەی هەمــوو جیهان ڕێز لە



**هەر کەیسێک بە جیا یەکلاکرایەوە، بۆ ئەوەی سیاقە بەرفراوانەکە چارەسەر بکرێت، کە پەیوەست بوو بە خاوەندارێتی زەوی و بەکارهێنان و دەستڕاگەیشتن بە زەویەوە، هەروەها بۆ ئەوەی ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر خەڵکی ئەو وڵاتە، واتە بۆ ئەوەی سیســـتمی سوودوەرگرتن لە زەوی وەرچەرخانی بەسەردا بێت. بۆیە هەوڵدراوە لە ڕێی دەستوورەوە وەرچەرخان لەم تەنگژەیەدا بکەن (کە فەســڵێک لە دەســـتووردا تەرخان کراوە بۆ پرســـی زەوی و ژینگە) بە ئامانجی ئەنجامدانی چاکســازی لە سیستمی زەوی و چارەســەرکردنی نادادپەروەرییە مێژوییەکانی پەیوەست بە زەویەوە.**

**سەرچاوە:** Kenya>s new constitution and conflict .transformation

**لە نووسینی:** Bobby Mkangi and Nyamura Githaiga

کوردســـتان بگرێت). لەمەش زیاتر سەرکردایەتی سەرۆك بارزانی لەشـــەڕی دژی داعش کوردستانی گەیاندە ئەو شکۆیەی سەرۆکی فەرەنســا لەناو پایتەختی کوردستان ســـڵاو بۆ ئاڵای کوردســـتان بکات و لەبەردەم سروودی نیشـــتمانی ئەی ڕەقیـــب ڕابوەســـتێت، ئەمانە هەمووی مانای ئەوەن، لە ئێســـتا جیهان ئەگەر بیەوێت لە شەڕی تیرۆریســـتانی داعش ســـەرکەوتوو بێت دەبێت پرسیار لە مسعود بارزانی بکات، ئەمەش پێدا هەڵدان نییە، ئەوانەی شـــارەزای زانستی ســـەربازین، ئەو راســـتیە دەزانن کە سوپاکانی رۆژئاوا بە سوپای ئەمریکاشەوە کە گەورەترین سوپایە لەم جیهانە، چەند بێ ئەزموون بوون لەشەڕی دژی تیرۆریســـتان بەگشتی و تیرۆریستانی داعش بەتایبەتی، ئەگەر ســـەیری ئەو کتێبانە بکەین کە لەماوەی ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ لەدوای شەڕی داعش لەلایەن ناوەندەکانی فیکری رۆژئاواو ئەمریکا نووســـراون، زۆریان ئاماژە بەوە دەکەن ئەم شەڕە چارەنووسی ئەمریکا وەك ئیمپراتۆریەتی رۆمانی لێدەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم تیرۆریستانە دەتوانن ئیمپراتۆریەتی ئەمریکا بڕووخێنن، بەڵام مســـعود بارزانـــی وەك پێشـــمەرگەیەك ئەو ئەفســـانەیەی بەتاڵ کردۆتەوە و، لە ئێستادا هەموو سوپای رۆژئاوا و ئەمریکا سەرقاڵی ئەوەن لەسەر شێوازی پێشمەرگە هێزێکی دیکەش بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش دروست بکەن، بەڵام هێشـــتا لەم هەوڵەیان ســـەرکەوتوو نەبوون، لەبەر ئەوەی هێزێکی هاوشێوەی پێشـــمەرگە پێویستی بەسەرۆکێکی هاوشێوەی مسعود بارزانی هەیە، شەڕی داعش سەلماندنی سەرۆکێکی پێشمەرگەی هاوشێوەی مسعود بارزانی نەك لەناوچەکە لە جیهانیشـــدا بێ وێنەیە، ئەمەش گۆڕەپانی شـــەڕی تیرۆریستانی داعش ســـەلماندویەتی، نەك هاتو هاوار و دروشمی حزبی و لۆکاڵ.

سەبارەت بەوەی بۆچی ئێستا ئەم نوخبە سیاسیە لۆکاڵە ئەم شـــەڕە بە مسعود بارزانی دەفرۆشـــن، پرسیارمان لە بەڕێز محەمەدی حاجی مەحمود پێشمەرگە و سکرتێری حزبی سوسیالیســـت دیموکرات کرد لە ســـلێمانی و لێمان پرســـی بۆ مســـعود بارزانی بۆتە ئامانج لەم شـــەڕەدا؟ لەوەڵامدا پێی وتین: (ئەمە بەشـــێکی بـــە خیلی بردنە بە کاك مســـعود بارزانی، بەشێکی شـــەڕی بەوەکالەت، بەشێکێشی بەفرســـەت وەرگرتنی بارودۆخی هەستیار و ناسکی کوردستانە بۆ ئەوەی تەنازولیان بۆ بکرێت)، سەرنج بدەن ئـــەم وەڵامەی بەڕێز محەمەدی حاجی مەحمود کە بەشێکە لەدیمانەیەکی تایبەت و لەم ژمارەیەی گوڵان بڵاو

# سریلانکا

لە ساڵی ٢٠٠١دا لە سریلانکا تۆڕێک پێکهێنرا و خرایەگەڕ، کە مەبەست لێی ئەنجامدانی توێژینەوە بوو لەبارەی وەچەرخانی تەنگژەکانەوە، ئامانجە تەقلیدییەکە بریتی بوو لە بەهێزکردنی کۆمەڵەکانی ئاشتی لە سریلانکا، ئەویش لە ڕێی بەشداری پێکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. دوای ماوەیەکی کەم لە هەوڵەکانی بنیاتنانی متمانە و دەستکردن بە گفتوگۆکانی ئاشتی لە نێویان حکومەت و بزوتنەوەی پڵنگەکانی تامیل و بە واژۆکردنی ڕێککەوتنی ئاگربەست لە ساڵی ٢٠٠٢دا دەرفەتێک دروست بوو بۆ ئەوەی تەرکیز بکرێتە سەر بەشداری پێکردنی لایەنە سیاسییە سەرەکییەکان و چارەسەرکردنی نزیکەی تێکڕای ئەو پرسە بنەڕەتیانەی پەیوەست بوون بە پرۆسەی ئاشتییەوە.

ئەرکی ئەم تۆڕە بریتی بوو لە دروستکردنی بنکەیەکی بەرفراوان و هەمەلایەنە لە ڕێکخراو و تاکەکەسەکان بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی چالاک و هۆشیارانە و کاریگەر بگێڕن لە پرۆسەی ئاشتی لە سریلانکا، هەروەها ئەم تۆڕە کار دەکات بۆ بەهێزکردن و برەودان بە تواناکان و بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی مەحەلی وەرچەرخان لە تەنگژەکاندا دروست بێت، لە هەمان کاتدا هەوڵی بەهێزکردنی کارلێک و هاوکاری نێوان کاراکتەر و دامەزراوە مەحەلیەکان دەدات.

ئامانجەکەشی سێ لایەن لە خۆدەگرێت:

١. وەرچەرخان لە عەقڵیەت و تێڕوانینەکاندا کە ڕێگر بوون لەوەی ئیرادەیەکی سیاسی لای سەرکردە

دەبێتەوە، چۆن هۆکارەکانی پشتی ئەم کێشە دروستکراوەیان دژی مسعود بارزانی ئاشکرا کردووە، ئەم وەڵامە وەڵامی پێشمەرگەیەکە کە ماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵە پێشمەرگەیە و باوکی شەهیدێکە کە لەسەنگەری ڕووبەڕووبوونەوەی داعش لەتەنیشت خۆی کوڕەکەی شەهید بووە.

کەواتە لێرەوە ئامانجی نەوشیروان مستەفا ئاشکرایە چی دەوێت؟ ئاشکراشە بێباکە لەوەی بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە هەرچی لەدەستی بێت دەیکات؟ بەڵام پرسیاری دیکە دوا بەدوای ئەم پرسیارە ئەوەیە، ئایا لەم بارودۆخە گەلی کوردستان ئەم شەڕ پێفرۆشتنە بەسەرۆکەیان قبوڵ دەکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە بری گەلی کوردستان نادرێتەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین گەلی کوردستان ، هاوشێوەی گەلانی جیهان ئاشقی ئازادیی و سەربەخۆییە و لەپێناوی گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی زیاتر لە سەد ساڵە خوێن دەبەخشێت، بۆیە چۆن فەرەنسیەکان پشتی دیگۆلیان بەرنەدا و هیندستانییەکان بە پاکستانیشەوە پشتی گاندییان بەرنەداو ئەمریکییەکان پشتی لنکۆڵیان بەرنەدا و سەنگافورییەکان پشتی لی کوان یویان بەرنەدا، هەر ئەوەش لەگەلی کوردستان چاوەڕێ دەکرێت پشتی سەرۆکی خۆیان بەرنەدەن و سەرۆك بارزانی چۆن ئەم پرسەی ڕووبەڕووی خەڵکی کوردستان کردۆتەوە، بەهەمان شێوە خۆیان یەکلاییی بکەنەوە.

## ● لە قەیرانەوە بۆ ئاشتی هەمیشەیی

بێجگە لە شەخسی نەوشیروان مستەفا، هەموو سەرۆك حزبەکانی دیکە بە جۆرێك لە جۆرەکان دەیانەوێت، ئەم کێشەیە نەگاتە ئەوەی کورد خۆی دەستی خۆی بشکێنێت، بۆیە نەوشیروان مستەفا دۆخەکەی گەیاندۆتە ئەوەی یان ئەوەتا ڕازی دەبن ئیرادەی من بەسەر هەمووتان فەرز بێت، یان ئەوەتا با کوردستان کاول بێت، ئەوەی لە بەیانەکەی سەرۆکی پەرلەمانیش دەخوێندرێتەوە، هەر ئەو قسەو بیربۆچوونانەی نەوشیروان مستەفایە کە دەیەوێت کوردستان دووچاری کارەساتێکی گەورە بکات.

لەم حاڵەتەدا کە کوردستان خەریکە لەم لێواری هەڵدێرە نزیکدەبێتەوە، دەبێت هەموو لایەك بزانن، کرۆکی ئەم کێشەیە نە پرسی دەستورە و نەپرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە، بەڵکو پرسەکە پەیوەستە بە شەخسێك کە ئەویش مسعود بارزانی یە، ئەم شەخسە نەك لەبەر ئەوەیە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، بەڵکو لەبەر ئەوەی پێشمەرگەیە و لەشەڕی جیهانی دژی داعش سەرکەوتنێکی هێندە سەرسوڕهێنەری بۆ تێکشانی



و بڕیارسازانی سەرجەم گروپە سەرەکییەکان دروست بێت، ئەو ئیرادە سیاسییەش پێویستییەک بوو بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری.

٣. برەودان بە تێڕوانینی ستراتیجی و دوورمەودا بۆ پرۆسەی ئاشتی و مومارەسەکردنێکی مەبدەئیانەی گفتوگۆکردن و ئایندەی پێکەوەژیانی ئاشتیانە.

٣. پشـــتیوانیکردن لە بەدامەزراوەییکردن و بە پرۆفیشنالکردن و بنیاتنانی توانای ئەو ڕێکخراوە و تاکەکەسەکانەی بەشدارن لە بەرەوپێشچوونی پرۆسەی ئاشتیدا.

**سەرچاوە:** Systemic conflict transformation: reflections on the conflict and peace process in Sri .Lanka

**لە نووسینی:** Norbert Popors

داعش دروســـتکردووە، کە جیهانی سەرسام کردووە، بۆیە داوا دەکات مســـعود بارزانی لەبەرەکانی شەڕ بکشێتەوە نەك کورســـی ســـەرۆکایەتی بەجێ بهێڵێت، ســـەرۆك مســـعود بارزانی قەت پێویســـتی بە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردســـتان نەبووە و پێویستیشـــی پێی نابێت، د.فوئاد حوسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان گێڕایەوە، لەو ماوەیەی سەرۆك بارزانی خۆی سەرپەرشتی بەرەکانی شەڕی دەکرد ، لەسەرۆك بارزانی یان پرسی بوو، تۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستانی بۆچی کۆشکی سەرۆکایەتیت بەجێهێشتووە و لێرەیت؟ لە وەڵامدا ســـەرۆك بارزانی پێی وتبوون: (گەڕاومەتەوە سەر پیشە ئەسڵیەکەی خۆم کە ئەویش پێشـــمەرگایەتییە) ، بۆیە لێرەدا ئێمەش هەمان قســـەی پرۆفیســـۆر کینس پۆلاك ســـەرۆکی ئامۆژگای برۆکینگز دووبـــارە دەکەینەوە و دەڵێن: (بۆ ئەو نوخبە سیاسیە لۆکاڵەی تا ئێستا مسعود بارزانی وەك خۆی نەناسیوە، مسعود بارزانی پێشمەرگەیە و پێویستی بە پۆست و نازناوی دیکە نییە)، ئەگەر لەم خاڵەوە ســـەیری رق و کینەی کەسێکی وەك نەوشیروان مســـتەفا بکەین بەرامبەر بە مسعود بارزانی و سەیری ئـــەو خاڵانە بکەین کە لەم کاغـــەزە هاتووە کەپێی دەڵێن پـــرۆژە، دووخاڵی زۆر کینە لە دڵی تێدایە و هەردووکیان داوا دەکەن مســـعود بارزانی ســـەرۆك بێت و پێشمەرگە نەبێت، لەبـــەر ئەوەی داوا دەکات فەرماندەی گشـــتی هێزە چەکدارەکان نەبێت و راستەوخۆ بەرپرسی پەیوەندییە دەرەکیەکان نەبێت، لە کاتێدا لەم دوو دۆســـیەدا، مسعود بارزانـــی وەك پێشـــمەرگە مامەڵەی لەگـــەڵ دەکرێت، تەنانەت لەســـەردانی ئەم دواییەشی بۆ کۆشکی سپی و پێنتاگۆن وەك سەرۆکێکی پێشمەرگە پێشوازی کراوە نەك تەنها سەرۆکێك.

لێـــرەوە ئەگەر خەڵکی کوردســـتان بیانەوێت بۆ هەتا هەتایە رەگ و کینەی سیاسی لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردســـتانی ریشـــە کێش بکـــەن و دەردی لێکترازان و دووبەرەکی لەناو ماڵی کورد کۆتایی بێت، هەروەك چۆن لە چلەکاندا شـــێخ مەحمود و بارزانی و قازی محەمەد رێزیان لە یەکدەگرت و ئەمڕۆش ئەو رێز و خۆشەویستییە بگەڕێتەوە ناو هێز و لایەنە سیاســـییەکان و سەرکردەکان، دەبێت چاویان لەســـەر مێزی وتووێژی حزبەکان نەبێت، بەڵکو دژی ئەو خەڵکە رابوەستنەوە کە تۆوی دووبەرەکی و لێکترازان لەناو هەناوی کۆمەڵگەی کوردســـتانی لە هەر چوار پارچەی کوردستان دەچێنێت.



پرۆفیێسۆر دانیال دروکمان پسپۆر لە وەرچەرخانی تەنگژە بۆ گوڵان:

# پرۆسەی وەرچەرخانی تەنگژە کارلێکە لە نێوان دروستکردن و پاراستن و بنیاتنانی ئاشتی و جیاوازە لە ئیدارەدانی تەنگژە

**دانیال دروکمان پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتی و گشتییەکانە لە زانکۆی جۆرج ماسۆن بۆ سیاسەت و تایبەت بە کاروبارە نێودەوڵەتی و حکومیەکان، هەروەها توێژەرێکی ناسراوە لە زانکۆی ماکوایەر لە سیدنی و پرۆفیسۆری فەخریە لە زانکۆی کوینزلاند لە بریسباین. پرۆفیسۆر دۆرکمان پسپۆرە لەسەر چۆنیەتی وەرچەرخانی تەنگژە لە تەنگژەیەکی دوورودرێژی خوێناوییە بۆ ئاشتییەکی بەردەوام، سەبارەت بە گرنگی ئەم بوارە و تازەیی توێژینەوەکان لەسەری ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** بە بۆچوونی ئێوە ستراتیژییەکانی ئیدارەی تەنگژە، ئاشتی بەردەوام دابین دەکات؟ چۆن دەتوانرێت تەنگژە بۆ ئاشتی تەواو بگۆڕدرێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی لەجێیە، لە سەنتەری توێژینەوەکەمان جیاوازی هەیە لەنێوان ئیدارەی تەنگژە و چارەسەری تەنگژە. کاتێک تەنگژە ئیدارەدەدرێت، واتە توندوتیژی دەوەستێت و کێشە گرنگەکانی کە بوونەتە هۆی ناکۆکیەکە دەمێنێتەوە. بۆیە پەیوەندی نییە لە نێوان هەوڵدان بۆ ئیدارە دانی تەنگژە و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی بۆ ئەوەی بگەین بە ئاشتییەکی بەردەوام. نموونەی زۆر لە جیهاندا هەن لەسەر ئیدارەدانی ناکۆکی سەرکەوتوو کە چارەسەرنەکراون. یەکێک لەو نموونانە ناکۆکییەکانی سەر ناگۆرنۆ قەرەباخە لەنێوان ئەرمەنی و ئازەربایجانییەکان کە لەساڵی ١٩٩٤ دا گفتوگۆی ئاگربەستێکی سەرکەوتوو کرا، بەڵام هەردوو وڵات بە نەیاری یەک ماونەتەوە و نایانەوێت ئەو مەسەلانەی دابەشی کردوون گفتوگۆ بکەن. زۆر هەوڵ لەلایەن لایەنی سێیەمەوە دراوە بۆ ئەوەی هانیان بدات کە ئەنجامی زۆر کەمی هەبووە. پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەم ناکۆکییە لە ئیدارەدانە کاریگەرەکەوە بۆ چارەسەر نەچووە. ئەم گۆڕانە گرفتی سەرەکییە و تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی ناکۆکییە دژوارەکانە.

ڕێکەوتننامە ئاگربەستیەکان زۆرجار مەرجی بۆ ئاشتیپارێزەکان تێدایە، تۆمارەکانی کارایی ئاشتیپارێزی کاریگەرە، بەڵام ئەوەی بەباشی تێینەگەیشتوون کاریگەریە لابەلاکانی ئەو ئەرکانەیە کە لە پێویستی بۆ جیاکردنەوەی لایەنەکان لەیەکترەوە هەڵقوڵاوە. بەم شێوەیەش ئاشتیپارێزەکان ئەو دەرفەتانە کەم دەکەنەوە کە چالاکییەکانی چارەسەری ناکۆکییەکانی تیادا ڕوودەدات. بەبێ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەردەوام لە نێوان بەشەڕهاتووەکاندا، بەرەوپێشچوونی لە چارەسەرەکاندا روونادات، بۆیە فرمانی سەرەکی ئەرکەکانی ئاشتیپارێزیی کە بریتییە لە بەرگرتن لە دووبارەبوونەوەی توندوتیژی، وا دەکات کە دابڕان لەنێوان ئیدارەدان و چارەسەردا زیاد بکات.

هەروەها نموونەی وامان هەیە کە ڕێکەوتنەکان بەرەو چارەسەر چوون. توێژینەوە ئاماریەکانمان لەسەر کۆتایی هاتنی جەنگە ناوخۆیەکان پێوەندییەکی گرنگ پیشاندەدات لەنێوان ئاشتی بەردەوام و پابەندبوون بە مەرجەکانی ڕێکەوتننامەوە کە مەرجەکانی ئیدارەدانی تەنگژەشی تێدایە. دۆزینەوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە گرنگی پرەنسیپەکانی یەکسانییە لە ڕێکەوتنەکەدا، هەروەها لە ماوەی قۆناغەکانی پاش ڕێکەوتنەکە، نموونەی ئەو حاڵەتانەی کە سەرکەوتوبوون لە گۆڕینی ئیدارەدان بۆ چارەسەری تەنگژە ئەمانەن: مۆزەمبیق (١٩٩٢)، نامیبیا (١٩٩٢)، گواتیمالا (١٩٩٦)،سلڤادۆر (١٩٩٢)، باشوری ئەفریقیا (١٩٩٣)،هەروەها زیمبابۆی (١٩٧٩). لەهەر یەکێک لەم حاڵەتانەدا، پرەنسیپی یەکسانی لەمەرجەکانی ڕێکەوتنەکەدا شتێکی سەرەکی بووە، بەڵام هەموو کێشەکان بەدەگمەن تەنانەت لە «باشترین» حاڵەتەکانیشدا چارەسەرکراون، ئەویش وەک دووبارە سەرهەڵدانەوەی گرژی و شەڕەکان لە مۆزەمبیق. هەرچەندە یەکسانی دەورێکی گرنگ دەگێڕێت لە سەرهەڵدانی ئاشتیدا، بەڵام بێگومان فاکتەری تر هەن کە ڕێ لە بەرەوپێشچوون دەگرێت لە ئیدارەدانەوە بۆ چارەسەر وەک حاڵەتەکانی ناگۆرنۆ قەرەباخ (١٩٩٤)، سینیگال (٢٠٠٤)، هەروەها لیبیریا(١٩٩٥). ئەو وانانەی لەم حاڵەتانەوە فێردەبین پێویستە کاریگەری هەبێت بۆ ناکۆکییە دژوارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

*** شارەزایان پێیان وایە کە قۆناغی وەرچەرخانی تەنگژە جیاوازە لە ئیدارەی تەنگژە، هەروەک خۆت ئاماژەت پێدا، لەبەرئەوەی قۆناغی وەرچەرخانی تەنگژە زۆر بواری ناو کۆمەڵگە دەگرێتەوە، تاچ ڕادەیەک قۆناغی وەرچەرخانی تەنگژە کاریگەری لەسەر ئاستی ئاشتی کۆمەڵایەتی دەبێت؟**

- ئەمەش پرسیارێکی جوانە. وشەی «وەرچەرخانی تەنگژە- Conflict Transformation» بووەتە وشەیەکی

بەربڵاو لە ئەدەب و ڕۆژنامە بەناوبەنگەکان و تێگەیشتنێکی زۆر روونمان لەسەر واتاکەی نییە. چالاکوانەکانی بنیاتنانی ئاشتی ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن لە پرۆسەی وەرچەرخانی تەنگژەدا ، لە ڕاستیدا کارلێکە لە نێوان دروستکردنی ئاشتی و پاراستنی ئاشتی و بنیاتنانی ئاشتی، کە مەرجەکانی گۆڕینی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دروستدەکات. هەندێک جار یەکەمین شت پێش هەرشتێکی تر ئەوەیە کە هاونیشتمانیان تێبگەن کە گۆڕانی دامەزراوەیی پرۆسەیەکی ماوە درێژە. پەرەدان بە ڕوانگەیەکی ماوەدرێژ لەسەر گۆڕانکاری و بیرکردنەوە بەشیوەیەکی ئاڵۆز لەبارەی ئەوەی چۆن روودەدەن بەسوودە. توێژینەوەیەکی بەرچاو لەسەر لایەنی سایکۆلۆژی-کۆمەڵایەتی دەریدەخات کە گۆڕین پاڵنەرە مەعریفیەکان کاتێک روودەدەن کەبەتایبەتی خولە ڕاهێنانیەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک دووبارە بکرێنەوە. هەروەها توێژینەوەکە ئەوەش پیشاندەدات کە گۆڕانی تاکەکانیش بەشێکی ترە لە گرفتی گواستنەوە، هەروەها پێویستیشە کە هۆشیاریی گشتی لەبارەی پێویستی بۆ گۆڕان و ئەو هەنگاوانەی دەنرێن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکە بگۆڕدرێت. لەرووی تیۆریەوە، گرفتەکە دروستکردنی پردێکە لەنێوان پرۆسە ئاستەبەشیەکان (تاکەکان و گرووپە بچووکەکان) و ئاستە هەموویەکان(کۆمەڵگەیەکان)، کە ئەمەش مەسەلەیەکی سەرەکییە لە بواری سایکۆلۆژیای سیاسی. گۆڕینی ناکۆکی سەرکەوتوو پشت دەبەستێت بە بەستنەوەی گۆڕانی سایکۆلۆژی بە گۆڕانی بونیادیەوە.

لەوانەیە گۆڕانی تاکەکان ئاسانترین بەشی گرفتی وەرچەرخانی تەنگژە بێت و گۆڕانی بونیادی دەمەزراوەکانیش گەورەترین گرفتە. هەڵمەتە پەروەردەیەکان لەگەڵ سازدانی وۆرکشۆپ لەناو گرووپە بچوکەکاندا بەسوودە. بەشێک لە هەڵمەتەک پێویستە تەرخان بکرێت بۆ قسەکردن لەسەر ستراتیژیەتی ریفۆرم کە لەحاڵەتی سەرهەڵدانی دیموکراسیدا لە ریفۆرمی هەڵبژاردن و ویستی لە کێبرکێوە بۆ هاوکاریکردن چوون پێکدێت، هەروەها ئەوەی پێوەندی بە نوخبەکانی خاوەن بڕیارەوە هەیە، وەرچەرخانەکە پێکدێت لە ویست بۆ گۆڕینی دەسەڵات و کۆنترۆڵ کە دراوە بە سەرکردەکانی پێشوو بۆ دەسەڵاتێک کە بدرێت بە هاونیشتمانیان. ئەم ئاڵوگۆڕی فیکرەیە بەهۆی ڕێگە نوێیەکانی بیرکردنەوە بۆ خاوەنداری ئاسان دەکرێت وەک ئەوەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بچنە دەست هاونیشتمانیان نەک نوخبەکان. حاڵەتی مۆزەمبیق ئەو بەرەوپێشچوونانە روونده‌کاتەوە کە دەبێت بنرێن کاتێک گروپێکی شۆڕشگێڕ بۆ پارتێکی سیاسی دەگۆڕدرێت کە مافی تەواوی بەشداری و هەلی پێبدرێت کە کارلەسیاسەتەکان بکات. بەشداریکردن لەسیاسەتەکانی کۆمەڵگە شەرعیەتی گروپەکە و تێگەیشتنی لە دادپەروەری زیاد دەکات و بەشداردەبێت لە ئاشتییەکی بەردەوامدا.

*** ئایا لایەنی سێیەم رۆڵێکی بەسوود دەگێڕێت لە وەرچەرخانی دامەزراوەکان و دڵنیایی ئاشتیەکی بەردەوام؟**

- تۆماری دەستێوەردانی لایەنی سێیەم لە تەنگژە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان زۆر کاریگەر نییە. توێژینەوە ئامارییەکان لەسەر ناوەندگیریی ئەوە پیشاندەدەن کە بەشێوەیەکی بەرچاو کەمتر لە نیوەی حاڵەتەکان لەماوەی سەدەیەکدا کاریگەر بوون لە بەرهەمهێنانی ڕێکەوتننامەیەکی بەهێزدا. زۆر فاکتەر هەن کە بوونە هۆی ئەم دەرئەنجامانەمان دەستبکەوێت و بەدەگمەن توانستی ناوەندگیرەکەی تێدایە، بەڵکو کێشەکان لە فاکتەرە بونیادیەکانی وەک کشانەوەی سەروەرێتی یان بەشێوەیەکی گشتی لاوازی پاڵەپەستۆی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی چارەسەری ناکۆکی سەرچاوە دەگرێت. زۆر لەسەر کەموکوڕییە بیرۆکراتیەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوی هاوکاری و ئاسایشی ئەوروپی نووسراون. پێدانی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بۆ یەکێتیی ئەوروپا لەم دواییانەدا بەسوودە. خەڵاتەک لەپای کارەکانی یەکێتیی ئەوروپا لەسەر چاندنی ناسنامەیەکی ئەوروپی گەورەتر لە ناو ئەو نەتەوانەی کە مێژوویەک لە پەرتبوونیان هەیە درا. بە دروستکردنی یەکێتییەکی ئابووری، یەکێتیی ئەوروپا هانی هەلومەرجەکانی بۆ ئاشتی لە نێو نەتەوە ئەندامەکانیدا دا. ئەمە نموونەیەکە لەوەی کە چۆن گۆڕانکاری لە ئابووری و بازرگانیدا دەرهاویشتەی زۆری لەسەر گۆڕانکاری سیاسی دەبێت کە بابەتێکی سەرەکییە لە بواری ئابووری سیاسی. ناوەندگیری هەلێکی باشتری سەرکەوتنی دەبێت کاتێک لایەنە ناکۆکەکان بەها یان ناسنامەی هاوبەشیان دەبێت. هەروەها ناوەندگیرەکان پاڵنەرێکی بەهێزتریان دەبێت بۆ دەستێوەردان کاتێک لایەنەکان قابیلی ئەگەری چارەسەر بن. ناوەندگیری سەرکەوتوو متمانە دەدات بە تواناکانی ناوەندگیر و ناوبانگی زیاددەکات.

*** ئایا ئەو ڕۆڵەی لایەنی سێیەم دەیگێڕێت لە تەنگژە نەژادی و ئاینیەکاندا قورستر نییە؟**

- لەگۆڤارەکەتاندا بەزمانی ئینگلیزی لە ئینتەرنێت

**کاتێک تەنگژە ئیدارەدەدرێت، واتە توندوتیژی دەوەستێت و کێشە گرنگەکانی کە بوونەتە هۆی ناکۆکیەکە دەمێنێتەوە. بۆیە پەیوەندی نییە لە نێوان هەوڵدان بۆ ئیدارە دانی تەنگژە و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی بۆ ئەوەی بگەین بە ئاشتیەکی بەردەوام**

**کاتێک گرووپێکی شۆڕشگێڕ بۆ پارتێکی سیاسی دەگۆڕدرێت کە مافی تەواوی بەشداری و هەلی پێبدرێت کە کار لە سیاسەتەکان بکات. بەشداریکردن لەسیاسەتەکانی کۆمەڵگە شەرعیەتی گرووپەکە و تێگەیشتنی لە دادپەروەری زیاد دەکات و بەشداردەبێت لە ئاشتییەکی بەردەوامدا**

چاوپێکەوتنێکی ئانا گەیفمانم خوێندەوە، لە کۆتایی چاوپێکەوتنەکەدا شتێکی زۆر جوانی وتووە دەڵێت: «هەموو ئایدۆلۆژیا توندڕەوەکان لە وڵاتانی خۆیان و کەلتورە بیانیەکاندا لە سەرتاسەری جیهاندا زۆر سەرنج ڕاکێشن، بەڵام ئەمە تەنها تا ئەوکاتەی کە ڕژێمە تۆتالیتاریەکان بە بەهێزی دەمێننەوە». مەبەستەکەی ئەوەیە کە ناکۆکییە ئایدۆلۆژیەکان زیاتر لەسەر کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتە نەک تەنگژەی جیهانبینی. ئایدۆلۆژیا و باوەڕەکان وەک ئاوەژووکردنەوەی ڕاستییەکان بەکاردێت بۆ بەرژەوەندی سەرکردەی بزووتنەوەکان. هەرچەندە توێژینەوەکان ئەوە پیشاندەدەن کە قورسترن گفتوگۆی ڕێکەوتنەکان بەدیبهێنرێت کاتێک ئایدۆلۆژیا




ناکۆکەکان لەبەرچاون، بەڵام سەرچاوەی کێشەکە لە حەز بۆ دەسەڵاتەوە هەڵدەقوڵێت نەک خۆی لەخۆیدا لە باوەڕەکانەوە. ئەگەر وایە، کەواتە گفتوگۆکانی سەرەوەم تەواو پێوەندی بەباتەکەوە هەیە. گۆڕانکاری لە ڕوانگەی خاوەنداری لەلایەن ژمارەیەکی کەم لە خاوەن بڕیارەکان بۆ خاوەنداری لەلایەن ژمارەیەکی زۆر دەنگی هاونیشتمانیان پێویستە. کۆمەڵگەیەکی فرەیی کەتیایدا زۆر لەئایدۆلۆژیا نەژادی و ئاینییەکان گەشەدەکەن ئامانجی قۆناغی وەرچەرخانی تەنگژەکەیە. بابگەڕێمەوە بۆ پرسیارەکەت، لەڕاستیدا ئەو ناوەندگیرییەی کە جەخت لە کردار دەکاتەوە زۆر قورسە بۆ چارەسەری تەنگژەکان کە لەسەر بنەمای نەژادی و ئایینین. ناوەندگیری لەو جۆرە تەنگژانەدا سەرکەوتوودەبێت کە ئەگەر یارمەتی لایەنەکان بدات، ستراتیژیەکان بۆ گۆڕینی دامەزراوە گشتگیرەکان پەرەپێ بدەن.

*** بۆچی هەندێک لەو تەنگژانەی کە ناوەندگیردەکرێن لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان و لایەنی تری سێیەمەوە، دووبارە دەستپێدەکەنەوە و تەنانەت گرژتر دەبن کاتێک ناوەندگیرەکە دەڕوات؟**

- ئەمە کاتێک ڕوودەدات کە لایەنە ناکۆکەکان زۆر پشتدەبەستن بە ناوەندگییرەکە، زۆر جار بەرەوپێشچوون لەماوەی ناوەندگیریەکەدا نابێتە پێوانە بۆ ئاشتییەکی بەردەوام، بەڵکو بەرەوپێشچوونەکە دەرئەنجامی کارایی سێ لایەنەکەیە (لە ناکۆکی دوولایەنەدا). ئامادەکردنی لایەنەکان بۆ کاتی دوای ناوەندگیریی گرنگە بۆ هێشتنەوەی ئەو بەرەوپێشچوونەی دروستبووە. پێویستە ناوەندگیرەکان پەرە بە گیانی لێپرسراویەتی

**پێویستە ناوەندگیرەکان پەرە بە گیانی لێپرسراویەتی یان خاوەندارێتی لەلایەن لایەنە ناکۆکەکانەوە بدەن. لە کۆتاییدا، ناوەندگیرەکان تاقەتیان نامێنێت لە ناکۆکیەکە و ناوبانگی خۆیان لەداهاتوودا ناخەنە مەترسیەوە بەلانی کەمەوە تا ئەو کاتەی دووبارە پێویست دەبنەوە. پێشنیار ئەوەیە کە هاندان هەبێت بۆ ناوەندگیرەکان**

**بۆچوونە قبووڵکراوەکانی سازان یەکسانە بە فیکرەی لەدەستچوون نەک بەدەستهێنان. لەڕاستیدا سازان واتە لەدەستدان. بەڵام شتە سەرەکیەکە ئەوەیە کە هەموو یان هەردوولایەن بەیەکسانی شت لەدەست بدەن**

یـــان خاوەندارێتی لەلایەن لایەنـــە ناکۆکەکانەوە بدەن. لـــە کۆتاییدا، ناوەندگیـــرەکان تاقەتیـــان نامێنێت لە ناکۆکییەکـــە و ناوبانگی خۆیـــان لەداهاتوودا ناخەنە مەترســـیەوە بەلانـــی کەمەوە تا ئەو کاتـــەی دووبارە پێویســـت دەبنەوە. پێشـــنیار ئەوەیە کـــە هاندان هەبێت بۆ ناوەندگیـــرەکان بۆ ئەوەی لە دەســـتێوەردانەکانیان پێشـــەنگانە نزیک بنەوە یان ڕوانگـــەی ماوەدرێژیان لەسەر ناکۆکییەکە هەبێت.

*** بینیمان کە فەرەنســـا و ئەڵمانیا توانیان بەســـەر ڕکێگریەکانـــدا زاڵبـــن و هاوکاری یـــەک بکەن پاش سەدەیەک لە ناکۆکی توند. چۆن ئەم نەتەوانە توانیان پەیوەندیەکانیان بگۆڕن؟**

- هاوڕام کە ئەمە گەشـــەکردنێکی ســـەرنجدارە لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا. قســـەکانم لەسەرەوە لەبارەی ڕۆڵی یەکێتی ئەوروپا لە دروستکردنی پەیوەندی ئاشتیانە لەنێـــو ئەندامەکانیدا پەیوەندی بەمـــەوە هەیە. پەرەدان بە ناســـنامەیەکی ئەورووپی گەورەتـــر بووە هۆی گۆڕینی پەیوەندیە مێژووییەکان، بەڵام ئەوەش دەبێت بڵێین کە ئەڵمانیا بە دوو شەپۆلدا گۆڕا. یەکیان ماوەی دابەشکردنی دوای جەنگـــی دووەمی جیهان کە بەلانی کەمەوە بەشـــێکی ئەڵمانیا لە دیکتاتۆریەوە بۆ لەدایکبوونی دیموکراســـی بەشداری هەنگاوی هەڵگرت، وەک نەتەوە ئەورووپیەکانی تر کە بووبوونە قوربانـــی داگیرکاریی ئەڵمانیا. ئەوی تریان دەرکەوتنـــەوەی ئەڵمانیایەکـــی یەکگرتووە پاش شـــەڕی ســـارد. ئەو وانانەی لەم ئەزموونانـــە فێربوون پارمەتیدەرێکی باشی ئەڵمانیەکان بوو و بوونە بەشێک لە جیهان و شکستیان بە میراتیەکانی داگیرکاری هێنا بۆ پاداشتەکانی هاوکاری نێودەوڵەتی.

*** بـــۆ خەڵکی لـــەم بەشـــەی جیهانـــدا دوودڵن لە سازاندا؟**

- هۆکار زۆرن بۆ بینینی دوورکەوتنەوە لە چارەسەری سازان. یەکێک لەوانە پەیوەندی بە گەشەی کۆمەڵایەتی سیاســـییەوە هەیە. منداڵان لەهەندێـــک لە کەلتورەکاندا فێردەبن کە ژیانـــی کۆمەڵایەتی بریتییە لە کێبڕکێ. مانـــەوە بەندە بە بردنەوەی کێبەرکێـــکان لە قوتابخانە، لـــە گۆڕەپانی یاری و لەژیانی پیشـــەیدا. ئەوی تریان پەیوەندی هەیە بە توندی ناسنامە نەژادی و ئاینیەکانەوە. ژیانی کۆمەڵایەتی لە زۆربەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و وڵاتانی ســـۆڤیەتی پێشـــوو لەدەوری گرووپە وەک- خێڵەکییـــەکان ڕێکخـــراون. ســـزای ڕەفتـــارە گومڕاییـــەکان زۆر تونـــدن. ســـێیەمیان پێوانەییـــە، بۆچوونە قبوڵکراوەکانی ســـازان یەکســـانە بە فیکرەی لەدەستچوون نەک بەدەســـتهێنان. لەڕاستیدا سازان واتە لەدەستدان. بەڵام شتە سەرەکیەکە ئەوەیە کە هەموو یان هەردوولایەن بەیەکسانی شت لەدەست بدەن. زۆر فیکرەی سەرنجڕاکێش لەبارەی چارەسەرە هاوسەنگەکان و سازشی وەک یـــەک (ئاڵوگۆڕی پەســـەندیە جیـــاوازەکان) و پاراستنی هاوڕێیەتی ماوەدرێژ لەسەر حسابی ڕێکەوتنە کورت ماوەکان پێویســـتن بۆ سەرکەوتنی گفتوگۆ. ئەم سوودانەی سازان پارســـەنگ دەدرێتەوە بە خەوشەکانی ڕێکەوتنە نانموونەیەکان (لەهەر گفتوگۆیەکدا شـــتێک لەدەســـت دەدەیت). چارەسەری سازان دادپەروەرانە دەبێت کە پێوەندییەکان بهێڵێتەوە. چارەســـەر باشەکان کە پێی دەوترێـــت تەواوکاریی (هەموو لایەنـــەکان براوە دەبن) لەپێوەنـــدی بە ئەنجامەکانی ســـازانەوە مانـــادارە. ئەو گرفتەی ئاماژەم پێدا پێشتر ئەوەیە کە پەرە بە نرخاندنی ئەو چارەســـەرانە بدرێت. گرفتەکە لەو کۆمەڵگەیانەی کە پابەندن بە سیســـتەمە باوەڕییە شامیلەکانەوە گەورە دەکرێت.

*** هەندێک لە دەرهاویشـــتەکانی شکستی ئیدارەی تەنگژە چین؟**

- یەکێـــک لـــە دەرهاویشـــتەکان بەردەوامی (یان زیادبوونی) توندوتیژیە. یەکێکی تر هەڵوەشـــاندنەوەی دەوڵەتە. ســـێیەمیان ئەگەری بڵاوبوونەوەی توندوتیژیە لەودیو ســـنورەکان، چونکە لەهـــەردوولاوە یان لەهەموو لایەنەکانـــەوە پەل دەهاوێژن بۆ ئەوەی هاوپەیمان لەدەرەوە پەیدا بکەن. هەروەها چوارەمیان لەدەســـتدانی متمانەیە لەنێـــو لایەنـــە ناکۆکەکاندا لە پرۆســـەی ئاشـــتیدا و هەروەهـــا لەلایەن ناوەندگیرەکان یان پارێزەرانی ئاشـــتی کە بەدەست لەدەستدانی ناوبانگەوە دەناڵێنن. ئیدارەدانی ناکۆکـــی هەنگاوێکی گرنگە بەدرێژایـــی ماوەی تا دەگاتە ئاشتی بەردەوام. ئاشـــتی بەردەوام بەشێوەیەکی گرنگ بەشداردەبێت لە یەکسانی ژیاندا و گرنگ نییە بۆ مانەوە. ئیحتیواکردن و سووککردنی توندوتیژی کە لەگەڵ ناکۆکییەکاندایە گرنگە بۆ مانەوە و لێرەشـــەوە دەبێتە بنەڕەتترین ئامانج.

*** هیچ شتێکت ماوە بیڵێیت؟**

- سوپاســـت دەکەم کە بانگهێشـــتت کردم بۆئەوەی بۆچوونەکانم بگەیەنم بە خوێنەرانتان. هیوادارم زانیاری پشتبەســـتوو بە توێژینەوە بکرێتە ڕێبەری سیاســـەت. ســـامانێکی زۆری مەعریفی زانســـتی کۆمەڵایەتی لەماوەی ئەم چەند دەیەیـــەی ڕابردوودا کەڵەکە بووە و بووەتە سەرچاوەی تێگەیشـــتنێکی بەبەها کە دەتوانێت بەشـــداربێت لە پێدانی زانیاری بە سیاســـەت بۆ ئەوەی ڕێگـــری و ئیـــدارەدان و چارەســـەری چەندین جۆر لە ناکۆکییەکان بکات.



جەی مایکل گریگ پسپۆر لە تەنگژەی مەدەنی و نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# وەرچەخانی تەنگژە بۆ ئاشتییەکی بەردەوام کاتێک دروست دەبێت کە هۆکاری سەرەکی کێشەکە باس بکرێت و سەرلەنوێ بیربکرێتەوە

**جەی مایکڵ گریگ پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکانە و حاڵی حازر سەرۆکی بەشی زانستە سیاسییەکانە لە زانکۆی نۆرس تێکساس و پێشترین وەك پرۆفیسۆر لە هەمان ئەو بەشە وانەی وتۆتەوە. پرۆفیسۆر گریگ تایبەتمەندە لە بوارەکانی تەنگژەی نێودەوڵەتی، تەنگژەی مەدەنی و ئیدارەدانی تەنگژە و خاوەنی پەرتوکی «International Mediation»ە کە لە ساڵی ٢٠١٢دا بڵاوی کردۆتەوە. گوڵان لەسەر پرسی وەرچەرخانی تەنگژە و چۆنیەتی هێنانەئارای ئاشتییەکی کۆمەڵایەتیی درێژخایەن گفتوگۆیەکی تایبەتی لەگەڵدا ئەنجامدا کە بەمجۆرە راو سەرنجی خۆی لەسەر ئەم پرسە خستە روو.**

*** لە پرسی چارەسەرکردنی تەنگژەدا ، زۆرتر باس لە ئیدارەدانی تەنگژە دەکەن، نەك چارەسەرکردنی تەنگژەکان، ئایا چۆن دەتوانرێت تەنگژە بگۆڕدرێت بۆ ئاشتی سەرتاسەری و چارەسەی کێشەکان؟**

- پێموایە یەکەم هەنگاو لەرووی ڕۆڵی ئیدارەدانی تەنگژە بۆ ئەوەی بەرەو ئاشتی بچێت ئەوەیە کە ئیدارەدانی تەنگژە ئامرازەکانی سنووردارکردنی ئاستی ناکۆکی لەناو کۆمەڵگەدا دابین دەکات و تەنانەت شەڕ لەنێوان لایەنەکاندا دەوەستێنێت و پاشان فرسەت دەدات بە لایەنەکان کە جارێکی تر بیربکەنەوە لەو مەسەلانەی کە بووەتە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوانیاندا. بۆیە تا زیاتر دوو لایەنەکە شەڕ لەگەڵ یەکتر بکەن و لە توندوتیژییەوە بگلێن، ئەوا زیاتر قورس دەبێت بۆیان کە جارێکی تر بیرلە مەسەلەکان بکەنەوە و لە بۆچوونی یەکتری تێبگەن و بگەنە ڕێگایەک کە گفتوگۆ بکەن و بگەن بەسازان لەبەرئەوەی توندوتیژی ڕادەوەستێت دوای گەیشتنی لایەنەکان بە سازان. بۆیە ئیدارەدانی تەنگژە دەرگای کرانەوی پێویست دابین دەکات و ڕێدەدات هەردوولا سازش بۆ یەکتر بکەن و دواجار ڕۆڵی کۆتایی هێنان بە هۆکارە ڕیشەییەکانی تەنگژە دەگێڕێ.

*** پێت وانییە کە ئیدارەدانی تەنگژە ناتوانێت هۆکاری سەرەکیی تەنگژەکە وەك خۆی دەهێڵێتەوە و ئەمەش وا دەکات بەردەوام ئەگەری سەرهەڵدانەوەی تەنگژە لە ئارادا بێت، ئایا چۆن دەتوانین ئەم مەترسییە دووربخەینەوە؟**

- پێم وایە ئەم جۆرە لە چارەسەر کە چارەسەرێکی درێژخایەنە بەگشتی پرۆگرامەکانی پەروەردە دەگرێتەوە وەک ئەوەی ئەندامانی کۆمەڵگە بەتایبەتی منداڵان چیتر ئەندامانی گرووپە نەژادییەکەی تر بەچاوی شەڕانگێز و دوژمن نەبینین، ئەمەش بە هەوڵی بنیاتنانی کۆمەڵگە دەدرێت لەنێوان تاکەکان لەسەرتاسەری کۆمەڵگەدا کە پێشتر لەناکۆکیدا بوون لەگەڵ یەکتر و تێبگەن لەیەکتر. ئەمانە هەمووی لەو جۆرە چالاکیانەن کە پێویستن بۆ وەرچەرخان کۆمەڵگە.بۆ نموونە ئەگەر سەیری هەندێک لەوهەوڵانە بکەین کە دراون لە باکووری ئیرلەندا، دەبینین خەڵکی سەرقاڵکراوە بە پرۆگرامە پەروەردەییەکان و پاڵەوانێتی باسکەوە، یان ئەگەر سەیری ئەو هەولانەی قوبرس بکەین کە خێزانەکانیان لەهەردوو لای تورک و یۆنانییەکان کە لە ناکۆکییەکاندا خۆشەویستانیان لەدەستداوە، هەردوولایان کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی پێکەوە قسە بکەن. ئەمانە ئەو هەولانەن کە پێویستن بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بگوێزرێتەوە بۆ ئاشتییەکی درێژخایەن و بەردەوام. ئیدارەدانی تەنگژە لەراستیدا هەوڵی سنووردار وماوەکورتە کە ڕێگە خۆش دەکات بۆ وەرچەرخانی تەنگژە.

*** تا چ ڕادەیەک وەرچەرخانی تەنگژە کاریگەریی هەیە لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی بۆ ماوەیەکی درێژ؟**

- ئەمە گرنگە بۆ ئاشتییەکی کۆمەڵایەتی درێژخایەن لەڕاستیدا وەرچەرخانی تەنگژە کاتێک ڕوودەدات کە لایەنەکانی تێوەگلاو لە تەنگژە جارێکی تر بیربکەنەوە لە ناکۆکی و لەلایەن هەموو ئەوانەی لە ناکۆکییەکەوە گلاون قسەی لەسەر بکرێت بۆئەوەی ببێتە کێشەیەک کە قسەی لەسەربکرێت. بۆیە ئەگەر بەم شێوەیە لەگەڵ تەنگژە مامەڵە بکرێت، ئەوا ڕێگە بە وەرچەرخانی کێشەکان دەدات چارەسەربکرێن لەلایەن هەموو ئەوخەڵکانەی کە لە تەنگژە و گلاون، ئەمەش دەبێتە دانانی بناغە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و هێنانەدی ئاشتیەکی دریژخایەن لەنێوان هەردوولادا. هەتا ئەمە روونەدات، هیچ هەولێک ناتوانێت سنوورێک بۆ توندوتیژییەکان دابنێت، تا بەڕاستی قسە لەسەر هۆکارە ڕیشەییەکانی تەنگژەکە نەکرێتەوە.

*** لە ئیدارەدانی تەنگژەکە، هەندێک جار دەبینین لایەنی سێیەم هەیەو کێشەکە بە ڕەچاوکردنی جۆرێک لە هاوسەنگی چارەسەردەکات، بەڵام وەرچەرخانی تەنگژە پێویستی بە دامەزراندنی دەزگاکان هەیە و کاتی دەوێت کە کینە بۆ ئاشتی بگۆڕدرێت. بەبۆچوونی تۆ تا چ ڕادەیەک دامەزراندنی دەزگاکان پێویستن بۆ قۆناغی وەرچەرخانی تەنگژە و لایەنی سێیەم گرنگە بۆ ئیدارەدانی تەنگژە ؟**

- پێم وایە دامەزراندنی ئەو جۆرە دامەزراوانە بوارێکی گرنگی وەرچەرخانی تەنگژەیە بەگشتی کاتێک ناکۆکی لەنێوان گرووپە نەژادیەکانی کۆمەڵگەدا ڕوودەدات و ئەم گرووپانە لە دەرەوەی پارتە سیاسییەکانن و توندوتیژی بەکاردێنن بۆ چارەسەری ئەو شتانەی لەسەری ناکۆکن، ئەوا درووستکردنی دامەزراوەی سیاسی متمانەپێکراو کە ئەندامانی ئەو گرووپانەی تێدابن کەباوەڕیان بە چارەسەری تەنگژەکان هەیە و لەلایەن ئەو پارتە سیاسیانەی کە لە تەنگژەکانەوە تێوەگلاون قبوڵ بکرێت زۆر باشە و دەبێتە میکانیزمێک بۆ چارەسەری ئەو تەنگژانەی لە نێوان گرووپە نەژادیەکاندا هەیە، جا هەر گرووپێک بێت کە وەرچەرخانی تەنگژەکانی تێوەگلابێت، نەک گەڕانەوە بۆ ناکۆکی و شەڕ بۆ چارەسەری کێشەکان. کەواتە بەڵێ ئەو دامەزراوانە یەکێکن لە گرنگترین هەوڵەکان بۆ وەرچەرخانی تەنگژە، هەروەها یەکێکن لە قورسترین شتەکانی کە دادەمەزرێنرێن، هەربۆیە لەماوەیەکی کورتدا هەتا ئەگەر نەشتوانێت کێشەو ناکۆکییەکان چارەسەر بکات لەنێوان لایەنەکاندا لەکۆمەڵگەدا، بەڵام هانیان دەدات کە لەگەڵ مەسەلەکاندا بەشێوەی ناتوندوتیژی

**تا زیاتر دوو لایەن شەڕ لەگەڵ یەکتر بکەن و لە توندوتیژییەوە بگلێن، ئەوا زیاتر قورس دەبێت بۆیان کە جارێکی تر بیرلە مەسەلەکان بکەنەوە و لە بۆچوونی یەکتری تێبگەن و بگەنە ڕێگایەک کە گفتوگۆ بکەن و بگەن بەسازان لەبەرئەوەی توندوتیژی ڕادەوەستێت دوای گەیشتنی لایەنەکان بە سازان**

**زۆرجار سەرکردەی سیاسی هەن لەم بارودۆخە سوودوەردەگرن و دابەشبوونەکانی ناو خەڵک بەکاردەهێنن بۆ ڕێکخستنی خەڵک بۆئەوەی پشتگیریان لێبکەن و زۆرجاریش زمانێکی زۆر ناشرین و شەڕانی بەکاردەهێنن وەک ئامرازێک بۆ ڕێکخستنی خەڵک و بەدەستهێنانی پشتگیریان، بۆ نموونە ئەمە لە یوگوسلاڤیای پێشوو روویدا، بۆیە ئەمەش کەشێکی وا دروستدەکات کە کینە زۆر زۆر بەرز بێت و ناکۆکی دروست ببێت و زۆر مەترسیدار ببێت**

برۆن. بۆیە ئیدارەدانی تەنگژە توندوتیژیەکان لەنێوان لایەنەکاندا دەوەستێنێت و پاشان بەڕۆشتنی کات لایەنەکان توندوتیژییەکانیان کەمتر دەکەنەوە و هەر لە یادگاریاندا کاڵ دەبێتەوە، بۆیە ئەگەر چارەسەری کێشەکانیش نەکات، ئەوا دەکات کە کۆمەڵگەکان وورده وورده لەگەڵ توندوتیژیدا نەبن، لە زۆربەی ئەو کۆمەڵگەیانەی کە کێشەیان هەبووە هەر بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە، بەڵام بەپێویست تەنگژەکانیان بۆ توندوتیژی نەگۆڕیوە، ئیتر مەسەلە رەگەزیەکانی وڵاتەیەکگرتووەکان بێت یان مەسەلە نەژادیەکانی دەرەوەی وڵات بێت هێشتا هەر مەسەلەن کە دەبێت کۆمەڵگە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و هێشتا بەیەکجاری چارەسەر نەکراون، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە پەنا بەرنەوە بەر ناکۆکی.

*** زۆر جار کە خەڵکی لە تەنگژەدا دەبن و کارەساتیان بەسەردێت، چاوەڕێی هاریکاریی نێودەوڵەتی و دامەزراوە نیودەوڵەتییەکانن بۆ ئەوەی ببنە میانگیر. هەر بۆ نموونە هەندێك جار پارێزەرانی ئاشتی دێنە ناوەوە وەک لە ناکۆکی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین یان ناکۆکی نێوان پاکستان و هیندستان لەسەر کشمیر، بەڵام هەر دوای ئەوە ناکۆکییەکان خوێناویتر لەجارانی پێشوو دەستپێدەکاتەوە. کەواتە هۆکارەکانی نەچەسپاندنی ئاشتی لەو ناکۆکییانەدا چین؟**

- کاتێک نەتەوەیەکگرتووەکان هەنگاوی ناوەندگیری، ئیدارەدانی تەنگژە یان پارێزەری ئاشتی دەدات، هەندێک جارئیرادەی ئەنجومەنی ئاسایش لەگەڵ قسەکانیدا یەکناگرێتەوە، لەبەرئەوەی ئەمە ئیلتیزامێکی ماوە درێژە کە پشتگیری دەکرێت بۆ چارەسەری تەنگژەکان، بۆیە شتێکی قورس دەبێت کە بڕیاری یەکلایکەرەوەی لەبارەوە دەربچێت یان ئاشتی یەکلاکەرەوە بکرێت. لە هەمان کاتدا لە دەرەوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ بەدیهێنانی چارەسەرێکی ماوە درێژ، پێویستی بە ویستی ئەو لایەنانە هەیە کە لە ناکۆکییەکە تێوەگلاون بۆ ئەوەی گۆڕانی سیاسی پێویست و سازشی پێویست بکات بۆ ئەوەی ئەو جۆرە ئاشتییە ماوەدرێژە بەرهەم بێت. هەندێک جار ئەگەر ویست نەبێت لەنێوان هەندێک لە لایەنەکاندا، ئیتر بەهۆی سیاسییەوە یان ناکۆکییەکەوە، ئەوا زۆر قورستر دەبێت کە ئاشتییەکی ماوەدرێژی باش بدۆزنەوە، بۆیە نەتەوەیەکگرتووەکان هەندێک جار سەرکەوتوو نابێت و هەندێک جاریش دەتوانێت ئاشتی بەدی بهێنێت.

*** لە دوای شەری دووەمی جیهانیی بە تایبەتی لە ئەورپا بینیمان کە پرۆسەی وەرچەرخانی تەنگژە بۆ ئاشتی بەردەوام لەنێوان دەوڵەتانی ئەوروپا وەرچەرخانی گەورەی بە خۆیەوە بینی، هەر بۆ نموونە ئەڵمانیا لە شەڕی دووەمی جیهانیدا فەرەنسای داگیرکرد، بەڵام ئێستا دوو هاوپەیمانی گرنگن لەناو یەکێتیی ئەوروپادا، ئایا ئەم پرۆسەیە چۆن لە بەشەکانی دیکەی جیهان دووبارە دەکرێتەوە؟**

- پێم وایە فەرەنسا و ئەڵمانیا نموونەیەکی باشن لەو وڵاتانەی کە مێژوویەکی دووردورێژیان لە شەڕو ناکۆکی هەبووە، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات جارێکی تر بیریان لە پێوەندییەکانیان کردەوە پاش جەنگی دووەمی جیهانیی، بێگومان رژێمە دیموکراتییە نوێیەکە کە لە ئەڵمانیا جێیگرتەوە وورده وورده شتەکانی گۆڕی و ڕێگەی دا کە جارێکی تر بیر لە پێوەندی نێوان هەردوولا بکرێتەوە. ئەمەش واتە بەرژەوەندی هاوبەش بووە هۆی دامەزراندنی یەکێتی ئەوروپا و وای لێکردن کە یەک ئامانجی هاوبەشیان هەبێت و ڕێگەی پێدان کە دان بە بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی یەکتردا بنێن و ئەمەش وایکرد بە ڕۆیشتنی کات یادگاری تەنگژەکانیان بسڕێتەوە و دووبارە بیر لە پەیوەندی نێوان فەڕەنسا و ئەڵمانیا بکرێتەوە لە بری جەختکردنەوە لەسەر ناکۆکی درێژخایەنی نێوان هەردوولا، واتە لەجیاتی ئەوەی وەک جاران لە تەنگژەدا بن، جەخت لەسەرپەرەدان بە ناسنامەی ئەوروپی هاوبەش و یەکێتی ئەوروپا کرایەوە و پێشم وایە شەڕەنگێزییە هاوبەشەکەی سۆڤیەتی پێشوو لە سەردەمانی شەڕی سارددا ئەمەی باشتر کرد.

*** ئەگەر ئیدارەدانی تەنگژە شکستی هێنا لە چارەسەری ناکۆکییەکاندا، مەترسییەکانی داڕمان لەنێو دەوڵەتاندا وەک ئەوەی لە یوگوسلاڤیای پێشوو روویدا چین؟**

- پێم وایە تۆ باس لەکۆمەڵگایەک دەکەیت کە بەهۆی ئایین و نەژاد و شتی واوە دابەش بووە بەشێوەیەک هەوڵەکان بۆ پاڵپشتی کردنی ئاشتی بەردەوام لەنێو بەشەکانی کۆمەڵگەدا و پەرەپێدانی ئەو دامەزراوانەی پێویستن بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان دەکەن بە باشی کار ناکات و ئەمەش هانی خەڵکی دەدات کە لە دەرەوەی ئامرازە سیاسییەکان بەشوێن چارەسەردا بگەڕێن و لە توندوتیژییەوە بگلێن. مەترسی ڕاستەقینە ئەوەیە کە زۆرجار سەرکردەی سیاسی هەن لەم بارودۆخە سوودوەردەگرن و دابەشبوونەکانی ناو خەڵک بەکاردەهێنن بۆ ڕێکخستنی خەڵک بۆئەوەی پشتگیریان لێبکەن و زۆرجاریش زمانێکی زۆر ناشرین و شەڕانی بەکاردەهێنن وەک ئامرازێک بۆ ڕێکخستنی خەڵک و بەدەستهێنانی پشتگیریان، بۆ نموونە ئەمە لە یۆگوسلاڤیای پێشوو روویدا، بۆیە ئەمەش کەشێکی وا دروستدەکات کە کینە زۆر زۆر بەرز بێت و ناکۆکی دروست ببێت و زۆر مەترسیدار ببێت.

**هەندێک جار ئەگەر ویست نەبێت لەنێوان هەندێک لە لایەنەکاندا، ئیتر بەهۆی سیاسییەوە یان ناکۆکییەکەوە، ئەوا زۆر قورستر دەبێت کە ئاشتییەکی ماوەدرێژی باش بدۆزنەوە، بۆیە نەتەوەیەکگرتووەکان هەندێک جار سەرکەوتوو نابێت و هەندێک جاریش دەتوانێت ئاشتی بەدی بهێنێت**

محەمەدی حاجی مەحمود بۆ گوڵان:

# ئەم شەڕەی بە بارزانی دەفرۆشن بەشێکی بەخیلی پێبردنە بەشێکی شەڕی بەوەکالەتە بەشێکیشی فرسەت وەرگرتنە



ئەو بارودۆخە هەستیار و ناسکەی ئێستا کوردستان و ناوچەکەی پێدا تێدەپەڕێت، بارودۆخێکە دەرگای بەسەر هەموو ئەگەر و گۆڕانکارییەکاندا وەڵا کردووە، خەڵکی کوردستان و حزب و لایەنە نیشتمانپەروەرەکان لە هەوڵی ئەوەدان لەم بارودۆخەدا گەلی کوردستان یەکڕیز و یەك هەڵوێست بۆ ئەوەی ئەو دەسکەوتانەی بە خەبات و قوربانیدانی دەیان ساڵەی گەلەکەمان هاتۆتە دی بپارێزرێت و بەرژەوەندی حزبی تەسك رووبەرووی هەڵدێری نەکاتەوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو دەسکەوتانەی میللەتەکەمان بەدەستی هێناو سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەبەرەکانی شەڕی دژی داعش بە درێژایی زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتر، لەهەمانکاتدا بۆ تاوتوێکردنی ئەو تەنگژەیەی ئێستا هەندێك لە حزبە سیاسیەکان لە سەرپرسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دروستیان کردووە ، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ بەڕێز محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان و فەرماندەی پێشمەرگە لە میحوەری کەرکوك کرد و ئەمەش دەقی دیمانە تایبەتەکەیە.



**دەبێت پەرلەمان خۆی هۆکارێک بێت بۆ چارەسەکردنی کێشە سیاسیەکان، بەڵام لە ئێستادا پەرلەمان خۆی بۆتە کێشە بۆ ئەم وڵاتە**

**سەرۆکی پەرلەمان خۆی پێی گوتین: پەرلەمان دەسەڵاتی بڕیاردانی نییە و حزبە سیاسیەکان خۆیان لە پەرلەمان بە گەورەتر دەزانن ، ئەگەر بمانەوێت بڕیار بدەین هەر پەرلەمانتارێک فایلەکەی دەخاتە بندەستی دەچێتەوە لای حزبەکەی تا بزانێت حزبەکەی چ بڕیارێک دەدات**

**هەتا ئێستا ئێمە پێوەرێکمان نییە تابزانین کێ دەبێتە ئەندام پەرلەمان و کێ دەبێتە وەزیر، کێ دەبێتە سەرۆکی وڵات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ رێکخستی یاساکان و دەستور و ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان**

*** بارودۆخی ئێستای کوردستان و عێراق و ناوچەکە لە ناو ئاڵۆزییەکی گەورەدایە و لەناو ئەم ئاڵۆزیەشـــدا هەست بە گۆڕانکارییەکی بەردەوام و خێرا دەکرێت، ئایا لەناو ئەم هاوکێشـــەیەدا رۆڵی چییە و ئێوە لە چ گۆشە نیگایەکەوە سەیری ئەم هاوکێشە ئاڵۆزە دەکەن؟**

- بۆ خوێندنەوەی ئەم بارودۆخەی ئێستا، ئەوا دەبێت ئاماژە بـــەوە بکەین کە کورد کۆمەڵێـــك قۆناخی زۆر باشی بڕیوە، ئەگەر بە خێرایی ئاماژەیان پێبکەم، دیارە راپەڕینی ئاداری ١٩٩١ وەرچەرخانێکی زۆر گەورەبوو بـــۆ دۆزی گەلەکەمان لەمەش زیاتـــر ئەم وەرچەرخانە بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشـــی بەدوای خۆیدا هێناو نەوای ئارامیان بۆ کوردستان دروستکرد و، توانیمان بۆ یەکەمجار هەڵبژاردن لە کوردســـتان ئەنجامبدەین، لە ئاکامی ئـــەم هەڵبژاردنە حکومەت و پەرلەمان پێکهات و پاشـــانیش پەرلەمانی کوردســـتان لە هەمان ســـاڵی ١٩٩٢ بڕیاری فیدرالیزمی راگەیاند، ئەمانە کۆمەڵێك قۆناخی باشبوون هەتا ساڵی ٢٠٠٣ بەڵام مەترسیمان هەر لەسەر بوو، بەڵام لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ بە رووخانی رژێمی ســـەدام حوسێن لە ٢٠٠٣/٤/٩، مەترسی لەسەر سڕینەوەی نەتەوەییمان کەمبۆوە، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن، هەموو هێزەکانی ســـوپا و جەیشی شـــەعبی و ئەمن و پۆلیسی عێراق و هەڵوەشـــێنرانەوە، ئەمە دەرفەتێکی زۆر باش بوو دەبوو زۆر سوودێکی گەورەی لێ وەربگرین و بۆ بەرژەوەندی خۆمـــان بیقۆزینـــەوە، بـــەڵام بەداخەوە وەك پێویســـت سوودمان لێوەرنەگرت، لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٣- ٢٠١٤ گۆڕانـــکاری زۆر هاتنە پێش بەڵام لەبەشـــی زۆری ئەو گۆڕانکاریانەش ئەوانیش وەك پێوســـت ســـوودمان لێوەرنەگـــرت و رەنگە لە هەندێك حاڵەتەدا کاتیشـــمان زۆر بەفیرۆ دابێت. پاشـــان لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ بارودۆخەکە گۆڕانکاریەکی زۆر گەورەی بەسەرداهات، تیرۆریســـتانی داعش پەلاماری موســـڵیاندا بۆ ئەوەی بەندیخانەیـــەك بگرن و چەنـــد بەندییەك هەبوو ئازادی بکەن، بەڵام زیاتر لە ٩٠ هەزار ســـەرباز و پۆلیســـی فیدرالی لە موسڵ و تکریت چەکەکانی خۆیان تەسلیمی داعش کرد و هەردووشـــارەکە کەوتە ژێر دەستی داعش، کە تیرۆریستانی داعش خۆشیان مەزندەی ئەم رووداوەیان نەدەکرد، بۆیە ئەمەش وایکرد گۆڕانکارییەکی ریشەیی لەسەر هەموو ئاستەکان لە هاوکێشەی سیاسی ناوچەکە رووبدات، کە ئێســـتا داعش نزیکەی لە ٤٠٪ ی خاکی عێراقی لەبەردەستە. ئەوەی بۆ ئێمە وەك کورد جێگەی خۆشحاڵیە لەماوەی ســـاڵی ٢٠١٤-٢٠١٥ کورد توانی بەرگری لە کوردســـتان بکات، دیارە ئێمە لەسەر خاکی خۆمان بووین و ئەوان هاتوون هێرشـــیان کردووینە سەر بۆیە بەرگریمان کردووە و توانیوومانە کە پاشەکشـــە بە تیرۆریســـتانی داعش بکەین، دەتوانم بڵێم لەماوەی ئەم ساڵەدا توانیوومانە نزیکەی لە ٤٠٪ ی خاکی کوردستان لەدەستی تیرۆریستانی داعش ئازاد بکەین.

*** دیارە لەماوەی ئەم ســـاڵەدا تیرۆریســـتانی داعش کارەساتیشیان بەسەر کورد هێناوە بەتایبەتی کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدی ئێزیدییەکان، هەروەها هێزی پێشمەرگەی کوردستان قوربانییەکی گەورەی داوە، ئایا تا چەند لەم ماوەی ئەم ساڵە دۆزی کوردستان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە؟**

- لەگەڵ هەموو ئەو کارەســـاتەی دژی کوردســـتان بەگشـــتی و کوردی ئێزیدی کراوەو وێڕای ئەو هەموو خوێن و فرمێســـکەی بۆ بەرگری کردن لە کوردســـتان رشـــتوومانە، بـــەڵام بەرامبـــەر بە ســـەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و تێکشکانی تیرۆریستانی داعش، سۆزێکی نێودەوڵەتی بەرامبەر کوردستان دروست بووە، من پێموایە ئەو سۆزەی لەماوەی ئەم ساڵە بۆ کوردستان دروست بووە و هێندەی خەباتی ٣٠-٤٠ ســـاڵی رابردوومانە، لەمەدا مەبەستم ماوەی ئەم ساڵەیە ئەوجا کە شەڕەکە تەواو بوو پشـــکی کورد لە گۆڕانکارییەکان چۆن دەبێت ئەوەیان مەســـەلەیەکی دیکەیە. زیاد لەمەش کورد توانیوویەتی لەســـەر ئـــەرزی واقیع کۆمەڵێك دەســـکەوتی گرنگ بەدەست بهێنێت لەوانە:

١. توانراوە لەماوەی ئەم ساڵەدا ئەو ناوچانەی پێشتر پێیان دەگوترا ناوچە کوردســـتانییەکانی دەرەوەی هەرێم یان ماددەی ١٤٠، بەشی هەرە زۆری ئەو ناوچانە ئێستا لەژێر دەستی پێشمەرگەدان. دیارە ئەو ناوچانەش خاکی کوردســـتانن و بە خوێنی پێشمەرگە ئازاد کراون و هەر بارودۆخێك بێتە پێشەوە چۆڵناکرێنەوە.

٢. لەماوەی ئەم ساڵەدا سۆزێکی گەورەی نێودەوڵەتی بۆ کوردســـتان دروســـت بووە، ناوی پێشمەرگە هەموو ســـنورەکانی بەزاندووە و جیهان بە چـــاوی ئیعجابەوە سەیری پێشمەرگە دەکات.

٣. بەدەیان هاووڵاتی رۆژئاوا لە ئەوروپا و ئەمەریکا هاتوون شان بەشانی پێشـــمەرگە شەڕی تیرۆریستانی داعش دەکەن.

٤. لەم ســـاڵەدا پێشـــمەرگە چووە کۆبانـــی، ئەمە لەوانەیە لای خۆمان شتێکی ئاسایی بێت، بەڵام چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانی واتە پێشمەرگە سنووری هەرسێ دەوڵەتی (عێراق و تورکیا و سوریا) ی بڕیوە.

٥. ئێستا کورد هاوپەیمانە لەگەڵ بەرەی دژە تیرۆر، بەرەی ئاشتی و پێکەوە ژیان و دیموکراتی لەگەڵ جیهانی

ئازاددا، ئێمە سەد ساڵ خەباتمان کرد نەمانتوانی ببین بە هاوپەیمانی ئەو بەرەیە ئێستا لەماوەی ساڵێکدا بووینە هاوپەیمان، ئەمە دەسکەوتێکی گەورەیە.

٦. لەمەی ئەم ساڵەدا ئەو توخمانەی پێویستین بۆ دەوڵەت، کورد بەدەستی هێناوە، ئێستا کورد خاکی خۆی لەبەر دەستە، خۆی نەوت دەفرۆشێ، ئابووری خۆی لەبەردەست، هەروەها خەریکە دەبینە سوپایەکی بەهێزی پێشمەرگە و هەموو جیهان هاوکاری دەکات و مەشق و راهێنانی پێدەکات، ئەمانە کۆڵەگە سەرەکیەکانی دەوڵەتن، لەوانەیە زۆر دەوڵەت لە ئەفریقیا ئەو کۆڵەگە سەرەکیانەی نەبێت.

*** بەڵام هێشتا کێشەمان لەگەڵ بەغدا ماوە و چارەسەرنەکراون، هەروەها لە ناوخۆی هەرێمی کوردستانیشدا، هەندێك کێشە دروست بوون، ئایا ئەمانە چۆن دەخوێنێتەوە؟**

- ئەو کێشانەی لەنێوان عێراق و کوردستان ماون، یان ئەو کێشانەی کە لەناوچەکە بەگشتی هەن، زۆربەی ئەو کێشانە ئەو لایانە دروستی دەکات کە بەوەکالەتی خەڵکی دیکە کاردەکەن، ئەگەر سەیری سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بکەین و لەخۆمان بپرسین بۆ پێشمەرگە توانی پاشەکشە بە داعش بکات، بەڵام حەشدی شەعبی چوون دەوروبەری رومادی پاك بکەنەوە، بەڵام داعش رومادیشی لێسەندنەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاشکرایە لەبەر ئەوەی پێشمەرگە شەڕ بۆ خۆی دەکات و حەشدی شەعبی بە وەکالەتی خەڵکی دیکە شەڕەکە دەکات، بۆیە ئەم شەڕی وەکالەتە لایەنەکانی دیکەش دەگرێتەوە، من پێوایە ئەو کێشانەی هەندێك جار رووبەروومان دەبێتەوە، ئەو کێشانە ئەو لایەنانە دروستی دەکەن کە بەوەکالەت کاردەکەن.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، ئێمە زۆر باشتر توانیومانە بەتەنگ کێشەکانی خۆمانەوە بچین، کێشەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان هەمووی لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێم و دەستوور چڕبوونەتەوە، ئەم کێشەیە هەندێك نیگەرانی لای خەڵکی کوردستان دروستکردووە، بە نەفەسێکی ئیجابیانە نایانەوێت ئەم کێشانە چارەسەر بکەن، باس لە دوو ئیدارەی دەکرێت، بۆیە ئەم لایەنە خەڵکی نیگەران کردووە، بۆیە ئێمە وای دەبینین ئەم کێشەیە پێویستە لە چوارچێوەی دستوور یەکلایی بکرێتەوە و یان سازانی لەسەر بکرێت، بۆیە چۆن لە قۆناخەکانی پێشتر هەڵبژاردن و دامەزراندنی حکومەت و پەرلەمان و جاردانی فیدراڵی بەرەو پێشەوەی بردین، بۆ ئێستاش پەلە لەدەستورەکە بکەن و لەدەستوردا یەکلای بکەنەوە هەم کێشەکان چارەسەر دەکات، هەم بۆ خۆشمان قۆناخێکی دیکەی هەنگاو هەڵگرتنە بۆ پێشەوە.

*** حزبە سیاسیەکانی کوردستان نەك هەر خەڵکیان دووچاری دڵەراوکی کردووە، بەڵکو کارگەیشتۆتە ئەوەی کوردستان دابەش بووە بەسەر دووبەرە، پەرلەمان بەهەمان شێوە دابەش بووە، ئایا مەترسی ئەوە نییە ئەم دابەشبوونە هێزەکانی پێشمەرگەش بگرێتەوە؟**

- لە راستیدا ئەم کێشانەی هەرێم، هەموویان لەشتی خودی و شەخسیدا چرکراونەتەوە، بۆیە کێشەکان ئاڵۆزبوون، بە بۆچوونی من دەبێت پەرلەمان خۆی هۆکارێك بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسیەکان، بەڵام لە ئێستا پەرلەمان خۆی بۆتە کێشە بۆ ئەم وڵاتە و بۆ لایەنە سیاسیەکانیش، جارێك سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان داوای کرد بۆ چارەسەری کێشە سیاسیەکان ژوورێکی عەمەلیات لەنێوان حزبە سیاسیەکان دروستبکرێت، ئێمە پێمان وت: بۆ خێرە دەسەڵات لە خۆت وەردەگریتەوە و دەیدەیتە حزبە سیاسیەکان؟ ئەو لەوەڵامدا گووتی لەبەر ئەوەی پەرلەمان دەسەڵاتی بڕیاردانی نییە و حزبە سیاسییەکان خۆیان لەپەرلەمان بە گەورەتر دەزانن، سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی بەوەکرد، فەرموو سەیری پەرلەمانی عێراقی بکە، کەسانی یەکەمی حزبەکان لەناو پەرلەمانن وەك مالکی و جەعفەری و حەکیم و عەلاوی، ئەوان کە لەناو پەرلەمانن دەتوانن بڕیار بدەن، بەڵام لە پەرلەمانی کوردستان ئەگەر بمانەوێت بڕیار بدەین، ئەوا هەر پەرلەمانتارێك فایلەکەی دەخاتە بندەستی دەبێت بچێتەوە بۆ لای حزبەکەی بزانێت، حزبەکەی چ بڕیارێك دەدات. ئەمە یەکێکە لەو کێشانە، کە پێویستە کەسانی یەکەمی حزبەکان لە پەرلەمان و حکومەت بن، بۆیە ئەمە مانای ئەوەی ئێمە خۆمان بایەخی جدیمان بە پەرلەمانەکەی خۆمان نەداوە، بۆیە پەرلەمان دووچاری قەیران بووە، هەروەها لایەنێکی دیکە کە ئەویش گرفتیکی گەورەیە، هەتا ئێستا ئێمە پێوەرێکمان نییە تابزانین کێ دەبێتە ئەندام پەرلەمان و کێ دەبێتە وەزیر، کێ دەبێتە سەرۆکی وڵات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخستنی یاساکان و دەستوور و ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان. هەربۆیە ئەم بارودۆخە قەیراناوییە خەڵکی تووشی دڵەڕاوکێ کردووە، کەسەیری شاشەی تەلەفزیۆنەکان دەکەن و گوێ لە لێدوانی لایەنە سیاسیەکان دەگرن دەترسن، قسەکانیان هەمووی ئاگری لێدەبێتەوەو کەس ئامادە نییە سازان بکات، کە من پێموایە ئەساسی ئەم کێشەیە بەو جۆرە نییە، رەنگە هەندێك لەلایەنە سیاسیەکان داوای ئیمتیازات بکەن و بۆیە شت فەرز دەکەن، بۆیە ئەم ململانێیەی نێوان حزبەکان

**ئێمە لە دووڕیانێکداین، یان ئەوەتا دەبێت بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی دووئیدارەیی کە بێگومان دووئیدارەی شەڕی هەر تێدا دەبێت، یان دەبێت بسازێن بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکرێت**

**ئەو سازانەی داوای دەکەن، سازانی نێوان ٥ حزبە نەک هەموو حزبەکانی کوردستان، ئەوان پێکەوە بەسازان حکومەتیان پێکهێناوە و دەبێت بەسازانیش کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن**

**ئەم تەنگژەیەی ئێستا کوتوپڕ روویندادوە و پێشتریش کاری لەسەر کراوە، سەرەتا ئەو حزبانەیان لە حکومەت و پرۆژەی نووسینەوەی دەستور و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دوور خستەوە کە لە پەرلەماندا خاوەنی یەک کورسین**

بەوجۆرە نییە، ئەم حزبە بڵێت من ئەمە بەرنامەمە بۆ ئەوەی ٢٤ کاتژمێر کارەبا هەبێت و حزبەکەی دیکە ڕێگری لێبکات، یان ئەو حزب بڵێت ئەمە بەرنامەی منە بۆ چاکردنی خوێندن و کەرتی تەندروستی، حزبەکەی دیکە ڕێگری لێبکات، ململانێی حزبەکانی کوردستان بۆ هەریسەکەیە نەك بۆ حوسێن.

بۆیە لە ئێستادا گەیشتۆتە ئەوەی ئێمە لە دووڕیانێکداین، یان ئەوەتا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی دووئیدارەیی کە بێگومان دووئیدارەیی شەڕی هەر تێدا دەبێت، یان دەبێت بسازێن بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکرێت، ئێستا ئەم حاڵەتە بوونی هەیە ئەو ڕۆژە مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی کۆبوونەوە، لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییە هاوبەشەکەیاندا، دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی جەخت لەوە دەکەنەوە، ڕێگا نادەین دوو ئیدارەیی دروست بێتەوە و ڕێگە نادەین شەڕ ببێت، سەیر کەن ئەگەر دوو ئیدارەیی بوونی نییە و شەڕ بوونی نییە بۆ باسی دەکەن، دیارە ئەو پرسانە هەموویان بوونیان هەیە. بۆیە ئێستا بارودۆخە لەبەردەم ئەگەر و گۆڕانکارییەکانی چەند ڕۆژی داهاتوودایە، خۆ ئەگەر هەتا ١٩ی ئابیش نەگەنە ڕێککەوتن دنیا خراپ نابێت، هەندێك باس لەوە دەکەن لە ١٩ی ئاب ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان تەواو دەبێت، خۆ ئەمە وێستگەی پاس نییە بڵێن ماوەکەت تەواو فەرموو دابەزە، بۆیە ئەم ٥ لایەنە کە داوای سازان دەکەن، ئەمە سازانی نێوان ٥ حزبە نەك هەموو حزبەکانی کوردستان، ئەوان پێکەوە بەسازان حکومەتیان پێکهێناوەو دەبێت بەسازانیش کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن.

*** ئەم قەیرانە بۆچی کتوپڕ سەریهەڵدا، بەتایبەتی ئەوەی لە کۆبوونەوەی ٢٣ی حوزەیرانی پەرلەماندا ڕوویدا، ئایا بۆ ئەم پرسە کرایە زۆرینەو کەمینە لە سازان دوورخرایەوە؟**

- ئەم پرسە کوتوپڕ ڕووینەداوە و پێشتریش کاری لەسەر کراوە، سەرەتا ئەو حزبانەیان لە حکومەت و پرۆژەی نووسینەوەی دستور و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دوور خستەوە کە لەپەرلەماندا خاوەنی یەك کورسین،ئەوان وتیان نابێت ئەم حزبانە لەو لایەنانە بەشداربن، ئەمانە زەمینە خۆشکردن بوون بۆ ئەوەی هەنگاوی دیکەی لەسەر هەڵبگرن، بۆیە ئەم بەرنامەیە کاری زیاتریشی لەسەر دەکرێت، سەیر بکەن، هەندێك لەو حزبانە جەخت دەکەنەوە بەوەی دەبێت هەمووشت لەناو پەرلەمان کۆتایی بێت، بەڕای من ئەمە جۆرێك لە ناواقیعیەتی تێدایە، لەبەر ئەوەی هەتا ئێستاش ئاسەواری دوو ئیدارەیی چارەسەر نەکراوە، بۆیە ئەم پرسانە پێویستی بە سازانە، تەنانەت لە عێراقیش کە کورد ٦٧ ئەندام پەرلەمانی هەیە لە کۆی ٣٢٥ ئەندام ئەگەر بەسازان نەبێت هیچی بەرناکەوێت، بۆیە ئەگەر پەرلەمانی عێراقیش بە زۆرینە و کەمینە بیربکاتەوە لەوانەیە کێشەکانی بۆ چارەسەر نەکرێت،یان لەوانەیە بەڕێوەبەری ناحیەی بامەڕنێ و عەربەت دوو عەرەبی خەڵکی بەسرای بۆ بنێرن، بۆیە لەکوردستانیش بەو جۆرەیە چۆن بەسازان حکومەت پێکهاتووە، دەبێت بەسازانیش کێشەکان چارەسەر بکرێت.

*** ئایا لە باربردنی سازان لەناو پەرلەمان لە ٢٣ی حوزەیران هەوڵێك نەبوو بۆ دوورخستنەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی سیاسی؟**

- ڕەنگە کرۆکی ئەم مەسەلەیە لەسەر شەخسی کاك مسعود بارزانی بێت، ئامانج لەم تەنگژەیە بۆ دوورخستنەوەی کاك مسعود بارزانییە لە پرۆسەی سیاسی کوردستان، من وای دەبینم ئەگەر سبەی کاك مسعود بڵێت من سەرۆکایەتی هەرێم ناکەم، دەست بەجێ هیچ کێشەیەك بۆ ماوەیەکی کاتی بوونی نامێنێت، بەڵام دوای ماوەیەکی دیکە توندتر و خراپتر دەست پێدەکەنەوە.

*** ئایا لە ئێستاو لەم بارودۆخە ئاڵۆزەی کوردستان سەرۆك مسعود بارزانی پێویستە بۆ ئەم قۆناخە، هەتا ئەو لایەنانە بەوجۆرە بیر بکەنەوە؟**

- ئەم مەسەلەیە چەند ڕەهەندێکی هەیە، بەشێکی بەخیلی بردنە، بەشێکی شەڕکردنە بەوەکالەت، بەشێکیشی گەڕانە بەدوای فرسەت و قۆستنەوەی فرسەتەکە، هەر بۆ نموونە ئێستا شەڕی داعش هەیە، بارودۆخی ئابووری خراپە، ئەو لایەنانە هەوڵیانداوە سوود لەم دەرفەتە وەربگرن بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەی ناچار بکات تەنازول بکات، بۆیە مەسەلەکە پەیوەندی بەم ڕەهەندانەوە هەیە.

*** ئایا تۆ وەك کەسێك کە ماوەی نزیکەی نیوسەدەیە سیاسەت دەکەی، ئەمە ناو دەنێیت سیاسەت ؟ ڕاشکاوانەتر بارودۆخی هەستیار و ئاڵۆزی وڵاتەکەت بە هەل وەربگیرێت بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەت تەنازولی حزبیت بۆ بکات؟**

- ئەمە واقیعە بەس بەداخەوە، ئەم بیرکردنەوەیەکی خراپە، هەروەها بۆچوونێکی خراپە، ئێستا هەندێك لەو لایانە دەزانن ئەمە خراپە بەس بە قسەی خۆیانەوە بوون، هەندێکی دیکەیان لە کۆبوونەوەکاندا ئەگەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئامادەبن قسەی زۆر دەکات، ڕاگەیاندنی لێ نەبێت کەمتر قسە دەکات، لەوانەی هەندێك حزب لەوە بترسێت ئەگەر بەو جۆرە سیاسەت نەکات، دەنگەکەی دەڕوات بۆ لایەکەی دیکە، بۆیە ئەمە شەڕێکی

**کرۆکی ئەم مەسەلەیە لەسەر شەخسی کاک مسعود بارزانی یە، ئامانج لەم تەنگژەیە بۆ دوورخستنەوەی کاک مسعود بارزانی یە لە پرۆسەی سیاسی کوردستان**

**ئێستا هەندێک لەو لایانە دەزانن ئەمە خراپە بەس بە قسەی خۆیانەوە بوون، هەندێکی دیکەیان لە کۆبوونەوەکاندا ئەگەر دەزگاکانی راگەیاندن ئامادەبن قسەی زۆر دەکات، راگەیاندنی لێ نەبێت کەمتر قسە دەکات، لەوانەی هەندێک حزب لەوە بترسێت ئەگەر بەو جۆرە سیاسەت نەکات ، دەنگەکەی دەڕوات بۆ لایەکەی دیکە**

**ئەگەر بارزانی سەرۆکی هەرێم نەبێت لەوانەیە کۆمەڵێک کێشە دروست بێت، بۆیە بوونی کاک مسعود بارزانی زەرووورەتە هەتا دەگەینە هەڵبژاردنی داهاتوو، یان چارەسەری دەستورەکە دەکەین، بۆیە ئەم دوو ساڵە ماوەیەکی باشە بۆ ئەوەی ئەو کێشانە چارەسەر بکەین**

پێشوەختەی هەڵبژاردنیشە. بەڕای من ئەمانە هەمووی لەلایەک، لەلایەکی دیکە هەموو مەسەلەکە هەوڵێکە بۆ ئەوەی کاک مسعود بارزانی لە پرۆسەی سیاسی دووربخرێتەوە، کێشە سەرەکیەکە لەسەر پارتی و شەخسی کاک مسعود بارزانی یە، ئێستا هەردوو بەرەکە لە هەوڵی جددی دان، پارتی هەوڵدەدات جۆرێك لە زۆرینەی پەرلەمانی بۆخۆی مسۆگەر بکات، کۆبوونەوەی رۆژی ٩ی ئابی رابردوو لەترسی ئەوە دواخرا، دوو دڵنیایەك هەبووە کە نەتوانن نیسابی دانیشتنەکە تەواو بکەن، لەبەر ئەوەی تەئکید نەبوون ئایا یەکگرتووی ئیسلامی دەنگ دەدات یان دەنگ نادات، ئێستاش پرسەکە بەو جۆرە دەڕوات، زۆربەی لایەنە سیاسیەکان ناڵێن نابێت کاك مسعود بارزانی سەرۆك بێت، بەڵکو هەریەکەیان کۆمەڵێك مەرجی هەیە، یان هەندێك داوابکەن دەسەڵاتەکانی کەم بکرێتەوە، هەندێك داوا دەکەن لەپەرلەمان هەڵبژێرێت، هەربۆیە هیچیان بەدیلیان بۆ کاك مسعود بارزانی نییە، وەك ئەوەی بڵێن ئەم کەسە بەدیلی ئێمەیەو سبەی لەپەرلەمان دەنگ بەم کاندیدەی خۆمان دەدەین.

*** ئەگەر دوور لەبەرژەوەندی حزبی سەیری ئەم بارودۆخە بکەین و لەروانگەیەکی نیشتمانی و کوردانەوە ئەم پرسیارە ئاراستەی خۆمان بکەین، ئایا کاك مسعود بارزانی بۆ ئەم قۆناخە پێویستە یان پێویست نییە؟**

- ئێمە وەك حزبی سۆسیالیست دیموکرات بۆ ئەم قۆناخەی ئێستا کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، دووساڵ ماوەیەکی زۆر نییە، جاری پێشووش کە ماوەکەیان بۆ ٢ ساڵ درێژکردەوە پێمان گووتن مەڵێن ٢ساڵ و جارێکی دیکە بواری درێژکردنەوەی نییە، نوێنەری ئێمە لەپەرلەمان قسەکانی لەناو پرۆتۆکۆلەکانی پەرلەمان ماون، بەڵام فراکسیۆنی پارتی خۆیشی ئیمزای کرد، ئێستاش ئێمە پێمان وایە ئەم ٢ساڵە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، ئەگەر بارزانی سەرۆکی هەرێم نەبێت لەوانەیە کۆمەڵێك کێشە دروست بێت، بۆیە بوونی کاك مسعود بارزانی زەرورەتە هەتا دەگەینە هەڵبژاردنی داهاتوو، یان چارەسەری دەستورەکە دەکەین، بۆیە ئەم دوو ساڵە ماوەیەکی باشە بۆ ئەوەی ئەو کێشانە چارەسەر بکەین، با بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو حزبەکان ١٠٠ کاندیدیان بۆ سەرۆکی هەرێم ئامادەبکەن، لەلایەکی دیکە ئێمە ئێستا لەشەڕێکی گەورەداین بە درێژایی زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتر سەرۆکی هەرێم فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی کوردستانە، هەروەها ئێمە لە ئێستا پەیوەندی ئیقلیمی و جیهانی و دەوڵەتانی دراوسێ وەك تورکیا و ئێرانمان هەیە، کاك مسعود بارزانی لەسەر هەموو ئەم ئاستانە پێداویستیە بۆ ئەم قۆناخە و خۆی پێشمەرگەیەو رۆژانە لە بەرەکانی شەڕە، بۆیە لەبەر ئەم هۆکارانە من مانەوەی سەرۆك بارزانی بە پێویست و زەروور دەزانم، بۆیە گرنگە لەمە دووساڵە بسازێن هەتا دەستووریش تەواو دەبێت، رەنگە دەستووریش ماوەی دووخولی دیکەی سەرۆکایەتی بداتەوە بە کاك مسعود بارزانی، بۆیە با هەمووماڕن بێین لەم قۆناخە رێکبکەوین ئەم رێککەوتنە سوودی کورد و هەموو لایەنە سیاسیەکانیشی تێدایە.

*** تۆ وەك فەرماندەیەکی مەیدانی، ترسی ئەوەت نییە، ئەم کێشەیە کاریگەری لەسەر یەکڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەبێت؟**

- هەتا ئێستا خۆشبەختانە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەموویان یەکدەنگن، لەسەنگەرەکاندا پێکەوەن و بە بەرپرسیارانە رەفتار دەکەن، لەچەند رۆژی رابردوو ئاگادارن نامەیەکمان ئاراستەی حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد، ئەمەش زیاتر پەرۆشی فەرماندە سەربازییەکانی پارتی و یەکێتی بوو کە پەرۆش بوون بۆ نووسینی ئەو نامەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی پێشمەرگە لە هەموو کەس زیاتر هەست بەمەترسی بارودۆخەکە دەکات، هەست بە ئێش و ئازاری میللەتەکەی دەکات، کە رۆژانە ئەم میللەتە خوێن لەبەری دەڕوات، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش هێزی پێشمەرگە بریتیە لە هێزەکانی پارتی و یەکێتی و هەندێ هێزی ئێمە کە لەهەندێ شوێن بوونیان هەیە، هەربۆیە ئەگەر خوانەخواستە کێشە لەناو حزبەکان دروست بوو، بە تەئکید لەناو هێزی پێشمەرگەشدا رەنگدانەوەی دەبێت.

*** هەست ناکەی کرۆکی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە لایەنی بزووتنەوەی گۆڕان و شەخسی نەوشیروان مستەفا دەیانەوێت لەم بارودۆخە هەستیارە رای خۆی فەرز بکات؟**

- من ئاگاداری ئەوە نیم گۆڕان و پارتی لەسەر چی رێککەوتن و رێککەوتنەکەیان چۆن بووە، گۆڕان و پارتی و حزبەکانی دیکەش پێکەوە حکومەتیان پێکهێناوە و پێکەوە نەوتیان فرۆشتووە، و پێکەوە دەسەڵاتی ئەم وڵاتەیان لەبەردەست بووە، بۆیە من نازانم وردەکاری نێوانیان چییە، بەڵام ئەوەی لە رووکاری دەرەوە دەیبینم، لەناو ئەم پێنج حزبە کۆمەڵێك شت لەدژی یەکتری دروست بووە، یەکتریان پێ قبوڵ ناکرێت، گوێ بۆ یەکتری ناگرن، هەوڵ هەیە بۆ روشاندنی سومعە و شەڕە جنێو، کلتوری شەڕە جنێویان لەم وڵاتە دروستکردووە، ئەمانە هەمووی وایکردووە خەڵکەکە بشڵەژێ و تووشی نائومێدی ببێتەوە، خەڵکی کوردستان ئامادەیە برسی

**کاک مسعود بارزانی لەسەر هەموو ئاستەکان پێداویستیە بۆ ئەم قۆناخە و خۆی پێشمەرگەیەو رۆژانە لە بەرەکانی شەڕە، بۆیە من مانەوەی بە پێویست و زەروور دەزانم**

**هەرگیز لەگەڵ ئەوەنیم سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان هەڵبژێرێت، ئەمەش لەبەر خاتری هیچ کەسێک نییە، هەروەها لەبەر خاتری پارتی دیموکراتی کوردستانیش نییە، هەتا ئەگەر سبەی پارتیش رازی بێت سەرۆک لە پەرلەمانەوە هەڵبژێرێت، ئێمە کە یەک کورسی پەرلەمانیمان هەیە دژی رادەوەستین**

**ئەوەی حزبەکان دەیکەن هیچ لۆژیکی تیدا نییە و هەمووی دژ بە ئیرادەی خەڵکی کوردستانە. چەند جارێک هەوڵمداوە کە خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە گوشار بخەنە سەر حزبەکان بۆ ئەوەی رێکبکەون و چی دیکە یاری بە ئەقڵی خەڵکی کوردستان نەکەن**

بێــت و مووچەی نەبێت، ئامادەیــە بەگەرمای هاوین ئاو و کارەبای نەبێت، ئامادەی قوربانیدان و پێشــوازی کــردن لە تابوتی خوێناوییە، خەڵك ئەم هەموو شــتەی قبوڵە، پرســیار ئەوەی حزبەکان بــۆ قبوڵیان نییە و ئەم بارودۆخە لەبەرچاوناگرن، بۆیە ئەوەی حزبەکان دەیکەن هیــچ لۆژیکی تیدا نییە و هەمــووی دژ بە ئیرادەی خەڵکی کوردستانە، بۆیە من چەند جارێك هەوڵمداوە کە خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە گوشار بخەنە سەر حزبــەکان بۆ ئەوەی رێکبکەون و بگەنە قەناعەتێك کە چی دیکە یاری بە ئەقڵی خەڵکی کوردستان نەکەن.

*** لەسەر ئەم پێشهاتانە سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیامێکی ئاڕاســتەی خەڵکی کوردستان کرد، هەندێك دەڵێــن توند بوو، ئایا خوێندنــەوەی تۆ بۆ پەیامەکەی چی بوو؟**

- پەیامەکەی کاك مســعود بارزانی دووســێ خاڵی گرنگــی تێدایە، رەنگــە یەکێکیان کاردانــەوەی ئەو کۆبوونــەوەی ٢٣ی حوزەیران بێــت کە حزبەکانی دیکە دژ بە پارتی بەگشتی و شەخسی کاك مسعود بارزانی کردیــان، بۆیە من هەســتم کرد هەندێــك کاردانەوەی ئەوەی پێــوە دیار بوو، خاڵێکی دیکەی کە زۆر گرنگە و لەپەیامەکــە هاتووە، ئەوەیە جەخــت دەکاتەوە کە لەم وڵاتــەدا کــەس ناتوانێت ئیرادەی خــۆی فەرز بکات بەســەر کەســی دیکەدا، خاڵێکی دیکەی ئەوەیە ئێمە چــۆن بتوانیــن بگەینە ئاکام و ســازان، چۆن خۆمان چارەسەری کێشــەی وڵاتی خۆمان بکەین بێ ئەوەی کەسانی دیکە بێن بۆمان چارەسەر بکەن. بۆیە پەیامەکە جۆرێك لە کاردانــەوەی ٢٣ی حوزەیرانی پێوە دیاربوو، لەوانەیە بەشــێوەیەکی دیکەش بنووســرایە دەتوانرا ئەم خاڵانە دەست نیشــان بکردایە، بەڵام ئەوەش راستی یە لــە کۆبوونەوەکەی ٢٣ی حوزەیرانی پەرلەمان، زۆر لەو کەســانەی کە لەکۆبوونەوەکە بەشــداربوون لە شاشەی تەلەفزیۆنەکان بینمان، هەندێك لە قسەکانیان ئەوەی پێوە دیاربوو کە کاك مسعود وەك کودەتا ئاماژەی پێکردووە، دیمەنەکان لە کودەتا دەچوون.

*** بــەڵام ســەرۆك مســعود بارزانی پێــش ئەوەی ســەفەرەکەی بۆ ئەمریــکا بکات و لەگــەڵ ئۆباما کۆبێتــەوە، هەم لەگــەڵ هەموو حزبــەکان کۆبووەوە و هەمیش شــاندێکی تێکەڵ یــاوەری بوو، ئایا پێش ئەو سەردانە رای حزبەکان چۆن بوو؟**

- پێش ســەفەرەکەی لەگەڵ هەموومان کۆبووەوە و هەروەها وەزیری پێشمەرگە کە گۆڕانە و هەروەها جێگری سەرۆکی حکومەت کە یەکێتی یە لە سەفەرەکە لەگەڵی بوون، بۆیە لەم کۆبوونەوەیە کاك مسعود بارزانی ئەوەی لەگەڵ باسکردین، ئەگەر لەگەڵ ئۆباما باسی دەوڵەتی کوردستانمان کرد، ئایا ئێوە هەموو پشتیوانی لە دەوڵەت دەکەن و پەشــیمان نابنەوە؟ هەمــوو حزبەکان جەختیان کردەوە بەوەی پشتگیری دەکەن و پەشیمان نابنەوە.

*** بە هەرحاڵ بەبارودۆخی وا ئاڵۆزدا، هەموو کات دەرگای هەموو ئەگەرەکان کرایەوە، بۆیە دیسان دێنەوە ســەر ئەو خاڵە ئەگەر ئەو ٥ حزبە نەگەیشتنە سازان، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشــوەختە، لە رێگە چارەی دیکە باشتر نییە؟**

- وەك پێشــتریش ئامــاژەم پێکــرد، ئــەو هەموو رەخنەیەی پێشــتری ئۆپۆزســیۆن (گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو) بۆ هەریسەکە بوو نەك بۆ حوسێن، هەربۆیە کە چوونە ناو حکومەت ئاو بە ئاگردا کراو ئیدی هیچ لایەکیان باســی هیچی نەکرد، تەنانەت سەردانی ئەو شەهیدانەی ١٧ی شوباتیشــیان نەکردەوە، کە لەکاتی خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات دەیانهێنانە سەر شەقام و خۆپیشــاندانیان پێ رێکدەخســتن، بۆیە ئەم حزبانە هەموو ئامانجیان ئەوەبوو بگەنە ئەو دەســەڵاتانەی کە مەبەســتیانە، هەربۆنموونە هەر ئەم حزبانە بوون کاتی خۆی ســازانیان داهێنا بەوەی نابێت پرسێك رەهەندی نیشتمانی هەبێت بەبێ سازان تێپەڕێنرێت، بەڵام ئێستا ســازانیان ناوێت، ئەوکات باســی دیموکراتیان دەکرد، ئێســتا دیموکراتیان ناوێت، ئەوکات دەگەڕان بەدوای چاڵە ئاوێکدا وێنەیــان دەگرت و دەیانگوت حکومەت گەندەڵە و کار نــاکات، لەکاتێکدا ئەو کات مووچە و بودجــە هەبوو، خزمەتگوزاری و پــرۆژە هەبوو، بەڵام ئێســتا نە بودجە هەیە نە خزمەتگــوزاری هەیە، نە مووچــەی فەرمانبەران لەکاتی خــۆی دەدرێت، زۆر جار پێدانی مووچە دەکرێت بــە مژدە بۆ هاووڵاتیان، بۆیە ئەم حزبانە لەبری ئەوەی بگەڕێن بەدوای کێشــە بنەڕەتیەکان و چارەســەری قەیرانــی ئابووری بکەن و ســەردانی پێشمەرگە بکەن و کێشــەی پێشمەرگە بریندارەکان چارەســەر بکەن، وڵاتی خۆیان رێکبخەن و پەیوەندی لەگەڵ دنیا دروست بکەن، دێن ئیشێك دەکەن کە لەبنەڕەتدا ئیشــی ئەوان نییە، رەنگە ئەو پرسانەی ئێستا ئەم حزبانە خۆیان پێوە سەرقاڵ کردووە، پەیوەندی بە کۆمەڵێك لایەنی پەیوەندار هەبێت و ئەوان بەشێوەی یاسایی و دەســتووری بتوانن چارەسەری بکەن، بۆیە ئەگــەر بارودۆخەکە بەم شــێوەیە بــڕوات، یەکێك لە چارەســەرەکان کە بتوانێت کێشــەکان چارەسەر بکات، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشــوەختە بێت. ئەمەش واتە حکومەت هەڵوەشــێنرێتەوە و حکومەتێکی ئینتیقالی رابگەیەنرێــت بۆ ئــەوەی لەمــاوەی ٦-١٢ مانگ

**پەیامەکەی بارزانی جۆرێک لە کاردانەوەی ٢٣ی حوزەیرانی پێوە دیاربوو ئەوەش راستی یە ، زۆر لەو کەسانەی کە لەکۆبوونەوەکەی ٢٣ی حوزەیران بەشداربوون لەشاشەی تەلەفزیۆنەکان بینیمان، هەندێک لە قسەکانیان ئەوەی پێوەیە کە دیمەنەکان لە کودەتا دەچوون**

**ئەو هەموو رەخنەیەی پێشتری حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ هەریسەکە بوو نەک بۆ حوسێن، کە چوونە ناو حکومەت ئاو بە ئاگردا کراو ئیدی هیچ لایەکیان باسی هیچی نەکرد، تەنانەت سەردانی ئەو شەهیدانەی ١٧ی شوباتیشیان نەکردەوە، کە لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا دەیانهێنانە سەر شەقام و خۆپیشاندانیان پێ رێکدەخستن**

**هەر ئەم حزبانەی ئۆپۆزسیۆن بوون کاتی خۆی سازانیان داهێنا بەوەی نابێت پرسێک رەهەندی نیشتمانی هەبێت بەبێ سازان تێپەڕێنرێت، بەڵام ئێستا سازانیان ناوێت، ئەوکات باسی دیموکراتیان دەکرد، ئێستا دیموکراتیان ناوێت**



هەڵبژاردن بکرێتەوە، ئەمەش یەکێکە لە ئەگەرەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.


*** پەرلەمان لەم قۆناخە چیدی ناتوانێت نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان بکات، ئایا ئەوما فەی هەیە سەرۆك لەبری خەڵـــك هەڵبژێرێت، ئایا هەڵبژاردنی ســـەرۆك لەلایـــەن خەڵکـــەوە مەودایەکی زیاتر بـــۆ دیموکراتی فەراهەم ناکات؟**

- قەناعەتی من بەو جۆرەیە و چەند جاری دیکەش باسمکردووە، پەرلەمان نوێنەری حزبەکانە و رێکخستنی حزبـــەکان دەنگیان بە حزبەکانی خۆیانداوە و ئەندامانی حزبەکانیان ناردۆتـــە پەرلەمان، بۆیە ئەرکی پەرلەمان بریتیە لـــە یاســـادانان و چاودێریکردنی حکومەت. بۆیـــە پەرلەمان نوێنەری ئەو خەڵکانەی دیکە نییە کە دەنگیان نەداوە، یان بۆی نییە لە بری ٦ ملیۆن خەڵکی کوردســـتان بیربکاتەوە و سەرۆکی بۆ هەڵبژێرێت، بۆیە بە بۆچوونی من ئەگەر پەرلەمان بیر لەوە بکاتەوە هەڵە دەکات، خەڵکی کوردســـتانیش نابێت بیر لەوە بکاتەوە و هەڵەیـــەك دووبارە بکاتـــەوە و رازی بێت لەپەرلەمان ســـەرۆك هەڵبژێرێت، راشـــکاوانەتر سەرۆکی هەرێمی کوردســـتان لەنـــاو ژوورێکی تاریکدا دوو ســـێ حزب بڕیاری لەسەربدەن، لەسەر حسابی دابەشکردنی داهات و دەســـەڵات بڕیار بدەن، خۆ ئەگەر ئەمە بکەن، ئەوا هەموو حزبەکان بێ منەت دەبن لە خەڵکی کوردستان، ئەگـــەر حزبەکان لە ژوورێکـــدا بتوانن هەموو بڕیارێك بدەن، ئایا خەڵکی کوردســـتان بـــوون و نەبوونی وەك یەك نییە؟ بۆیە گرنگە ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێرێت و هەموو خەڵکی کوردستان راستەوخۆ دەنگی پێبدات، بۆ کەسیش نییە ئـــەم مافە لە خەڵکی کوردســـتان پێشـــێل بکات، لە لایەکی دیکە بە هەڵبژاردنی راســـتەوخۆی ســـەرۆك، بوارێکی دیکەی فراوانتر بۆ مەوداکانی دیموکراســـی دێتە ئاراوە، لەبەر ئەوەی زیاتر لە ١٥-٢٠ کەس خۆی بۆ ئەو پۆســـتە کاندید دەکات، جاری پێشوو کاندیدی وا هەبووە نیو ملیـــۆن دەنگی وەرگرتووە، هەبووە ٧٠-٨٠ دەنگی پێـــدراوە، چەندی دیکە هەبوون بۆ نموونە یەکێك لە کەلار، یەکێك لە کۆیە، یەکێکی تر لە دهۆك، دووسێ کەس لە هەولێر، هەموویان ژمارەیەك دەنگیان پێدراوە، پرســـیاری ئێمە ئەوەیە ١٥-٢٠ کەس لەســـەر پۆستی هەرێمێ ململانێ بکەن لەناو خەڵك دیموکراتی ترە، یان دووسێ حزب لە ژوورێکدا بڕیار بدەن؟ بۆیە من هەرگیز لەگەڵ ئەوەنیم ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان لەپەرلەمـــان هەڵبژێرێت، ئەمـــەش لەبەر خاتری هیچ کەسێك نییە، هەروەها لەبەر خاتری پارتی دیموکراتی کوردســـتانیش نییە، هەتا ئەگەر سبەی پارتیش رازی بێت ســـەرۆك لەپەرلەمانەوە هەڵبژێرێت، ئێمە کە یەك کورسی پەرلەمانیمان هەیە دژی رادەوەستین.

**ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە یەکێکە لە چارەسەرەکانە ئەمەش واتە حکومەت هەڵوەشێنرێتەوە و حکومەتێکی ئینتیقالی رابگەیەنرێت بۆ ئەوەی لەماوەی ٦-١٢ مانگ هەڵبژاردن بکرێتەوە**

**پەرلەمان بۆی نییە لە بری ٦ ملیۆن خەڵکی کوردستان بیربکاتەوە و سەرۆکی بۆ هەڵبژێرێت، ئەگەر پەرلەمان بیر لەوە بکاتەوە هەڵەدەکات، خەڵکی کوردستانیش نابێت بیر لەوە بکاتەوە و هەڵەیەک دووبارە بکاتەوە**

# دەستووری کوردستان لەنێوان قووڵایی مەدەنی و گوتاری یاسایی و گوشاری سیاسیدا



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*
بۆ گوڵانی نووسیوە

نووسینەوەی دەستوورەکان بە هەموو ناوەڕۆکەکانیانەوە وەک پرۆسەیەکی یاسایی ڕەها دەمێننەوە، کە ڕێکەوتنێکی کۆمەڵگەیی لەخۆ دەگرن لەسەر گرێبەستێک کە بە گیانی یاسایی و بە جەوهەرو پرەنسیب و میکانیزمەکانی دادەڕێژرێتەوە. دیارە چارەسەرکردنی یاسای سەرتاپاگیر لەخۆدەگرێت بۆ هەموو کایەکانی ژیان، کە نەبێتە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی سەرتاسەری و نەشبێتە دەستوورێکی هاوچەرخ کاتێ دەکەوێتە ژێر باری گوتاری سیاسی و حزبی یان تاقمێکەوە.

له ئێستادا هەرێمی كوردستان سەرقاڵی دارشتنی دەستوورە، كە ئەمەش خواست و ئامانجەكانی گەلی كوردستانە لە ژیانێكی ئازادو سەربەرزدا، هەروەها لە دانانی جەوهەری گرێبەستی كۆمەڵایەتی كە لەسایەیدا هەموو لایەن و پێكهاتەكانی كۆمەڵگەی كوردستانی لە مێژوودا بە گیانی برایەتی و ئاشتی ژیاون.

نووسینەوەی دەستوورەكان بە هەموو ناوەڕۆكەكانیانەوە وەك پرۆسەیەكی یاسایی رەها دەمێننەوە، كە رێكەوتنێكی كۆمەڵگەیی لەخۆ دەگرن لەسەر گرێبەستێك كە بە گیانی یاسایی و بە جەوهەرو پرەنسیب و میكانیزمەكانی دادەڕێژرێتەوە. دیارە چارەسەركردنی یاسای سەرتاپاگیر لەخۆدەگرێت بۆ هەموو كایەكانی ژیان، كە نەبێتە گرێبەستێكی كۆمەڵایەتی سەرتاسەری و نەشبێتە دەستوورێكی هاوچەرخ كاتێ دەكەوێتە ژێر باری گوتاری سیاسی و حزبی یان تاقمێكەوە.

لەپێناو ئەمەدا و بۆ ئەوەی دەستوور گوزارشت لە هەموان بكات بەبێ هیچ جیاوازییەك یان پەراوێزخستنێك، بۆیە لیژنەی دارشتنی دەستوور لە كەسانی یاساناس و لە نوێنەرانی فرەپێكهاتەی كۆمەڵگەی كوردستانی پێكهات. ئەم رێكارەش لەپێناو بەرجەستەكردنی مۆركی جوداخوازیی نەبووە بە شێوازگەلی كانتۆن، هەروەكو هەندێ هەرزەكاری سیاسی دەیخەنەڕوو، ئەوانەی لە تۆڕەكانی پەیوەندیی كۆمەڵایەتی دەنگیان بەرزدەكەنەوە. هاوكات ئەو پێكهاتەیە فرەڕەنگە لە پێناو نووسینەوەی ئەو دەستەواژانە نییە كە ئەم ئاراستە نەرێنییە دابەشكارە مەبەستییەتی، هەروەها كە هەندێكیشیان لەم چوارچێوەیەدا دەیانەوێت دەقی پارچەكراو و بەش بەشكراو بەم دەستوورەوە بلكێنن كە تەنیا گوزارشت لە بیروبۆچوون و حەزو ئارەزووی ئەوان بكات، ئەوانەی كە لە سیاسەتی حزبەكانیان لەسەر حیسابی رۆڵەكانی ئەم گەلە تاكە سوودمەندن.

كەواتە ئەم فرەییە لە نوێنەرانی لیژنەكە بۆ رێزگرتن لە پرەنسیبی فرەیی و هەمەرەنگیی و لەپێناو رێگەگرتن لە دەستدرێژی بۆ سەر هاووڵاتیان و ماف و ئازادییەكانیان هاتەئاراوە، كە بە پاساوی كەمینەو پەراوێزخستن وزەوتكردنەوە پیادە دەكرێت. ئەمەش سیمایەكی پۆزەتیڤە لە بنیادنانی لیژنەكە بە شێوازی یاسایی لەلایەك و بۆ گوزارشتی سەرتاپاگیریی هەموان لەلایەكی دیكەوە، بەڵام بە بنەماگەلێكی ساغ كە دوورن لە هەر گوزارشتێكی سیاسیی بەرتەسك.

پێویستە لیژنەی دارشتنی دەستوور تەئكید لە ئینتیمای ئێستای كوردستانی بە هەموو ئاڕاستەو بۆچوونەكان و لۆژیكی نوێخوازیی لە بنیادنانی دامەزراوەكان بكاتەوە. نەك بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی سەدە تاریكەكان یان گوزارشت لە گوتاری سیاسیی هەندێ لایەن بكات، بەڵكو دەبێ لیژنەكە گوێڕایەڵی لۆژیكی سەردەمیانە و بۆچوونەكانی بێت تایبەت بە بوونی دەوڵەتی مەدەنی كە هەموو لایەن و رەنگەكان لەخۆدەگرێت بە گیانی (دەوڵەتی هاووڵاتیبوون) كە تێیدا گشت ماف و ئازادییەكان بێ هیچ كەم و جیاوازییەك فەراهەمكراوە كە ئەمەش ئەركی جەوهەری و كۆتایی ئەو دەوڵەتەیە.

ئەزموونی گەلان سەلماندوویانە بەتایبەتیش ئەوەی لە عێراقی فیدراڵ رووی داوە، كە رێزگرتنی ئەو مافە بنەڕەتییانە كە لە بەڵگەنامەو پەیماننامە نێودەوڵەتییەكان چەسپاون تەنیا لە دارشتنی دەستوورێكی مەدەنیدا بەرجەستە دەبن، كە رێز لە فرەیی فرەرەنگیی دەگرێت، هاوكات رێگە بە دەستدرێژی و پەلاماردان بۆ سەر هیچ پێكهاتێك نادات، بەڵكو بوون و ماف و ئازادییەكانی دەپارێزێت.

لەبەر رۆشنایی ئەو ئاماژە یاساییانە، پێویستە پرۆسەی دارشتنەوەی دەستوور ئاماژە بكات بۆ رێزگرتن لەم فرەییە لە چوارچێوەی دامەزراندنی دەوڵەتی هاووڵاتیبوون، هاوكات هەموو لایەكی ناو لیژنەكە پێوەی پابەندبن نەك بە مەرجەعە حزبییەكانیان یان پاشخانەكانی بیروباوەڕیان كاریگەر بن.

ئێمەش لێرەداو لە بواری كاری مافگەری و سیاسیی مەدەنیدا، دەبینین كە بە راستی پشتیوانیی لەو ئاڕاستە پۆزەتیڤە دەكرێت، بۆیە هەموومان بە گشت توانایەكمانەوە شان بەشانی هێزەكان كە خەمی خەڵكی كوردستانیانە بە هەموو پێكهاتەو شەبەنگەكانییەوە هاوكاری ئەو هێزانە دەبین كە پابەندن بە كوردستانێكی دادپەروەر، دوور لە چەمكگەلی زۆرینەو كەمینە كە هەندێ جار دەبێتە هۆی ئەگەری تێپەڕاندنی رەفتاری پەراوێزخستنی هەندێ لایەن كە بە هیچ شێوەیەك لێی قبووڵ ناكرێت، لێرەدا ئاماژە دەكەین بەو لایەنانەی لەبەر رۆشنایی ئەوەی كە پێی دەڵێن زۆرینەی موسڵمان و دەیانەوێت وا پیشان بدەن كە ئەوان زۆرینەی حزبە ئیسلامیە سیاسییەكانن و جیاوازیی زۆریش هەیە لە ئازادیی بیروباوەڕی ئایینی و گوزارشت كردن لە بڕواهێنانی تاك بەو بیروباوەڕەی كە لە دەستووری مەدەنی پێیی سپێردراوەو لە نێوان بانگەشەی ئەوەی كە هەموو موسڵمانێك ئەندامێكە لە حزبی ئیسلامی سیاسی، كە ئەمەش بە یەكجاری دوورە لە راستییەوە، بەڵكو لەوەش خراپتر ئەوەیە كە گوزارشت لە دەسەڵاتخوازی و فەرمانخوازیی حزبەكانی ئیسلامی سیاسی دەكات كە بەسەر هاووڵاتیانی ئازاددا دەیسەپێنن كە مافی ئەوەیان هەیە ئەم لۆژیكە رەت بكەنەوە یان لە ئینتیما یاخود ئینتیما نەبوون بۆ هەر ئاراستەیەكی سیاسی.

هێزەكانی خێرو ئازادی خوازیارن كە هەموان بەتایبەتی لە ئەندامانی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور بە گیانی كارلێك و دەستەجەمعیی هاوبەش كاربكەن و رشت بن

**پێویستە لیژنەی دارشتنی دەستوور تەئكید لە ئینتیمای ئێستای كوردستانی بە هەموو ئاڕاستەو بۆچوونەكان و لۆژیكی نوێخوازیی لە بنیادنانی دامەزراوەكان بكاتەوە، نەك بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەدە تاریكەكان**

**دیاریكردنی بڕگەكانی دەستوور و تەوەرو بەشەكانی، لەسەر ئەگەری سیستەمەكانی نێو كۆمەڵگا رێكدەخرێن كە زۆرینەی گەل و نوێنەرانی بەچاكی دەزانن**

لەسەر بەردەوامیی هەوڵەکان، نەك بە شێوازەکانی سەپاندن یان تەگەرەخستنە بەردەم تەواوکردنی کارەکە جا بە هەر شێوەیەك بێت، ئاماژەش بەوە دەکەین کە داڕشتنی دەستوور پێویستە لە چوارچێوەی گوتارێکی یاساییدا بمێنێتەوە کە نە گیانی حزبی و گوتاری تەسکی سیاسی بیشێوێنێت، ئەمەش وا دەکات کە هەموو ئەندامانی لیژنەی داڕشتن هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بە هەموو بێلایەنییەکەوە و پشت بە کارێکراوە یاساییەکان ببەستن، نەك بە شێوازگەلی نوێنەرایەتیکردنی تەسکی تاقمی حزبی کاربکەن، هەروەکو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئیسلامی سیاسی دەیکەن لەگەڵ گوتاری مەدەنییەتی دەوڵەت و مەدەنییەتی چاوەڕوانکراوی داڕشتنی دەستوور، کە لەم چوارچێوەیەدا و لە پەراوێزی ئەم هەڵوێستە حزبییە حاڵەتی کشانەوەی ئەم لایەن و ئەو لایەن ڕوودەدات.

لەلایەکی دیکەوە دیاریکردنی بڕگەکانی دەستوور و تەوەرو بەشەکانی، لەسەر ئەگەری سیستەمەکانی نێو کۆمەڵگا ڕێکدەخرێن کە زۆرینەی گەل و نوێنەرانی بەچاکی دەزانن، بەڵام لە کاتی بوونی هەر ناکۆکییەك لەسەر کێشەیەك ئەوا زۆر ڕێگا هەن بۆ چارەسەرکردن، نەك لەوانە گوشارکردن بۆ سەپاندن یان ڕەفتارێکی نەرێنی هەروەك چۆن لە هەڕەشەی هێزەکانی ئیسلامی سیاسی ڕوودەدات کاتێ پەنادەبەنە بەر تێکدان و ئاژاوەنانەوە، وەك ئەوەی کە هەندێ لایەن دەیکەن بەوەی کە دەکشێنەوە، کە بە ڕای ئەوان دەبێت ئەگەر داواکارییان هەبوو ئەوا لەنێو دەستووردا جێی بکەنەوە یان بیسەپێنن، کە دەستوور گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی یاساییە نەك سیاسی.

بارودۆخ و هەلومەرجی هەرێمی کوردستان بە درێژایی ئەو هەموو ساڵانە لەوەتەی شۆڕش سەرکەوتووە و هەر لەو کاتەوەی کە سیستەمی سەرۆکایەتی بە ڕێگەی دروستی خۆیدا دەڕوات، تا ئەو چرکەیەی کە پێویستە بەردەوام بێت و دەستوور ئامادە بکرێت و بڕیاری لێبدرێت، دەکرێ لە قۆناغەکانی داهاتوودا میللییانە بەدوای گۆڕانکاریەکانی هەر قۆناغێکدا بگەڕێین بەو شێوەیەی کە بارودۆخی دواتر بەسەرماندا دەیسەپێنێت. هەڵبەتە هەموومان دەزانین کە ئەوەی ئەمڕۆ ڕووبەڕووی کوردستان دەبێتەوە لە هەڕەشەی هەموو لایەك و لە سەرکێشەی پەیوەست بوون لەنێوان داڕشتنی دەستوورو گۆڕینی سیستەم لە نێوان جێبەجێکردنی خێرای ئەو ڕاوبۆچوونانەی دەخرێنەڕوو بۆ گۆڕینی سەرۆك لەم هەلومەرجە ئاڵۆزەدا. بۆیە ئەگەر سەیری ئەزموونی گەلان بکەین هیچ بەو شێوەیە ڕووی نەداوە کە لە نێو جەرگەی ئەو شەڕەی وڵات دژی هەڕەشەکانی دەرەکی دەیکات گۆڕانکاری بەسەر وڵاتدا بسەپێنرێت، تەنیا لە دۆخی مەترسیدار نەبێت یان لە کاتی کۆچی دوایی یان پەککەوتەیی یاخود خیانەتکاری، ئەمانەش ئەو مەرجانەن کە ڕوویانداوە بەڵکو ئەوەی ڕوویداوە ئەو قوربانیانەیە یان ئیدارەدانی ئەو کەشتییەیە کە بە باشترین ڕێڕەودا تێدەپەڕێت و کوردستان و گەلەکەی لە هەموو ئەو مەترسی و کارەسات و مەینەتیانە دووردەخاتەوە کە لەگشت لایەکەوە دەورەی دەدەن.

**ئەگەر سەیری ئەزموونی گەلان بکەین هیچ بەو شێوەیە ڕووی نەداوە کە لە نێو جەرگەی ئەو شەڕەی وڵات دژی هەڕەشەکانی دەرەکی دەیکات گۆڕانکاری بەسەر وڵاتدا بسەپێنرێت**

لەبەر ئەوە پێویستە لیژنەکە بەردەوام بێت لەسەر کارەکانی بەپێی بنەما دروستەکانی یاسا و بە پرەنسیپی مەدەنیانەی ئاراستەو ڕەتکردنەوەی هەموو سەپاندنێکی ئیسلامگەراییانە و پارچەکردن و لێکترازان لەسەر حیسابی پرۆژەکانی ڤیتۆی جوداخوازیی چ لەسەر بنەماکانی ئاینی بێت یان نەتەوە یاخود ئایینزایی، ئەوانە هەموویان ناکۆکن لەگەڵ لۆژیك و میکانیزمەکانی دەوڵەتی مەدەنی و یاسا و دەستوورەکانی ئەو دەوڵەتە.

لە هەمان کاتیشدا مەسەلەی سیستەمی کۆمەڵگەیی سیاسیی گشتی بوونی دەبێت لەسەر بنەمای بەردەوامبوون بەو شێوەیەی کە ئەزموونی کوردستانی تێیدا سەرکەوتوو بووەو و هەر گۆڕانکارییەکی ڕادیکالیانە بۆ قۆناغەکانی داهاتوو دوابخرێت کاتێ ڕەوشی دەوروبەری کوردستان سەقامگیر بێت و کوردستانیش وەك ئەمڕۆ لە هەڕەشە بەدووربێت.

لێرەدا پێویستە دوپاتی ئەوە بکرێتەوە کە سەرەڕای ئەو هەموو شتانەی ڕووبەڕووی لیژنەکە بۆتەوە لە پاشخانی حزبی و بیروباوەڕی ئایینی، بەڵام پێداگیری لە هەڵوێست و دانایی ویست و یەکلایی کردنەوەی بە بنەمای دەستووریی هاوچەرخ، ئەوە دەسەلمێنێت کە پێویستە متمانە بەوە هەبێت کە ئەو لیژنەیە کۆتایی بە نووسینەوەی دەستوور دەهێنێت، هیچ سەپاندنێك قبوول ناکات لە ڕووی ئینتیما بۆ ئایین و بانگەشەی نوێنەرایەتیکردنی خودا لەسەر زەوی بە پاساوی تێپەڕاندنی هەڵوێست و گوتاری سیاسی. بڕواشمان بەوە قایمە کە هەموو ئەندامان هەوڵ دەدەن دەستوورێك بە ئاراستەی دەوڵەتێکی مەدەنی بێننەکایەوە کە ڕێز لە هاووڵاتیان و مافەکانیان بگرێت هەروەك چۆن ڕێز لە ئینتیمای ئایینی و نەتەوەیی و ئایینزاییان دەگرێت، پیادەکردنی ڕێگاکانی ژیانیان بۆ دابین دەکات لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی مەدەنیدا کە هیچ لایەك بەسەر لایەکەی دیکەدا زاڵ نەبێت، بە پاساوی زۆرینە جیایان نەکاتەوەو لەسەر بنەمای کەمینەش هیچ لایەنێك پەراوێزنەکرێت، چونکە دەستوور گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی دادپەروەریی تەواوی نێوان هەموانە، واتا یاسای گشتییە بۆ هەموو کایەکانی ژیان بە باشترین شێوازەکانییەوە.

*** توێژەری ئەکادیمی زانستە سیاسییەکان و سەرۆکی زانکۆی ئیبن ڕوشد لە دانیمارك**

# چارەسەری کوردییانە



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

asidiq1962@yahoo.com

بەپێی هەواڵێکی بڵاوکراوە لەبەشە کوردییەکەی ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان، ڕۆژی چوارشەممە بەرواری (٢٠١٥/٧/١) کاتێك هەر یەکە لە (بلیندا لویس)ی جێگری باڵیۆزی بەریتانیا لەعێراق و، (ئەگنس ماکی) کونسوڵی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان سەردانی پەرلەمانی کوردستان دەکەن، لەبارەی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ کێشەکانی ئەم دواییە، ئەم داوایە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەن و دەڵێن:

(پێمان باشە فراکسیۆن و لایەنە سیاسییەکان چارەسەرێکی کوردییانە بۆ کێشەکان بدۆزنەوە)

لێرەوە بەریتانیای خاوەن کەلتووری دیموکراسیی ڕێنماییمان دەکات بۆ زانینی ئەوەی کە هەرچەندە دیموکراسیی چەمکێکی جیهانییە، بەڵام لەواقیعدا ڕەهەندێکی لۆکاڵیشی هەیە، بۆیە پێویستە هەموومان پەند وەربگرین لەم ڕێنماییە بۆ ئایندەی هەرێمەکەمان، چونکە هەرێمەکەمان پێگەیەکی یەکجار گرنگی هەیە لەسەر نەخشەی جیهانیی و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیی و، پێگەیەکی یەکجار گەورەی کەناکرێت بیخەینە بەر هەڕەشەو لێکترازان.

ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان لەڕووی سیاسییەوە ئەزموونێکی نیمچە دیموکراسیی هەڵکشاوە بەرەو باشترو، لەڕووی ئابوورییشەوە خاوەنی نەوت و غازو کانزای گرانبەهاو ڕووبەری کشتوکاڵیی فراوانە بۆ ئایندەو، لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە کۆمەڵگەیەکی کراوەی مەدەنیی و پێشکەوتووانەیەو، لەڕووی ئاینییەوە: شوێنی پێکەوەژیان و قەبوڵکردنی جیاوازەکان و لێبوردەییەو، لەڕووی سەربازییەوە: وەك هێزی سەربازیی یەدەکی دۆستانەی ئەمریکاو ئەوروپا تەماشا دەکرێت و، لەکاتی پێویستیشدا پڕ چەك دەکرێت و مەشقیشی پێدەکەن.

ئەمە جگە لەوەی کە جیۆپۆلۆتیکی کوردستان بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی زۆر گرنگە، چونکە ناوەندێکی چاودێرییە لەنێوان چوار وڵاتی عێراق ئێران، سوریا، تورکیاو، هێڵی ترانزێتە لەنێوان تورکیاو ئەوروپا بەرەو عێراق و وڵاتانی کەنداو، پێگەیەکە بۆ دامەزراندنی بنکەی سەربازیی هەمیشەیی ئەمریکاو ئەوروپاو، کاریگەریی لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان هەیە بە ئاڕاستەی ئاشتی و ئارامیی وڵاتانی ناوچەکەو، ڕێڕەوی زۆرێك لە سەرچاوە ئاوییەکانیشە لێرەوە بەرەو عێراق، دەتوانرێت عێراقی پێ کۆنترۆڵ بکرێت، وەك ڕۆڵی باشووری سودان لەسەر سودان و میسر لەڕووی ئاوەوە.

بۆیە ئێستاش ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپا هەوڵەکانیان هەمیشە بەم ئاڕاستانەی لای خوارەوە بووە بۆ هێشتنەوەی هەرێمی کوردستان وەك ناوچەیەکی خاوەن تایبەتمەندی کەلتووری جیاوازو، هاندانی وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێمەداو، ڕێنماییکردنی وڵاتانی دۆستی ئەمریکا بۆ کردنەوەی کونسوڵخانەی وڵاتەکانیان لە کوردستان و، ڕوانینە هێزی پێشمەرگە وەك هێزێکی جێگەی متمانە بۆ یارمەتیدانی سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکە.

بۆیە هەرچەندە هەرێم بەشێکە لە عێراق، بەڵام بەپێی ئەو ڕاستییەی کە وڵاتانی ناوچەکە پێشی نزیکەی ١٠٠ ساڵ دابەشکران بەسەر وڵاتانی ئەوروپای سەرکەوتووی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی و، چونکە عێراقیش لە دەستی بەریتانیادا بوو بە هەرێمی کوردستانیشەوە، هەروەها لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ وەو بەهاتنی ئەمریکاو هاوپەیمانانی بەشێکی گەورەی دۆسیەی سیاسیی کوردستان بەدەستی بەریتانیاو ئەمریکاوەیە بەپلەی یەکەم .

کەواتە وەك ئەم یاریگە گرنگەمان هەیە، با یاریزانی سیاسیشمان یاریزانی چاك بن و، ئەم هەرێمەمان بگەیەننە ئاستی دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن ئاڵاو سەروەریی، بەسازان و یەکگرتوویی و یەکڕیزیی.

---

**تێبینیی:** ئەمە کورتەی هەواڵەکەو لینکی هەواڵەکەیە لەبەشی ئینگلیزیی سایتی پەرلەمانی کوردستان ٢٠١٥/٢/٧

On Wednesday، July 1، 2015
Deputy-Ambassador of Britain to Iraq، Blinda Louise British Consul General to the Kurdistan Region، Agnus MacKee.
They recommended the Kurdistan Parliament to find a Kurdish solution for the issues...
http://www.perleman.org/Default.aspx?page=article&id=22671&l=1#sthash.xvvq64ah.dpuf



**شێخ نیاز ڕاغب دێگەیی**
**بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی:**

# پەرلەمان بۆتە ئامێری ململانێی حزبەکان و نامانەوێت ئەو ئامێرە سەرۆکمان بۆ هەڵبژێرێت

**دوورخستنەوەی خەڵکی لە هەڵبژاردنی سەرۆک تەنیا بۆ دەسکەوتی حزبی و شەخسییە، فەرزکردنی ئیرادەیە بەسەر خەڵکی کوردستاندا**

**سەبارەت بە فتوای لیژنەی باڵای فتوا لە کوردستان بۆ بەخشینی پلەی شەهید بەو پێشمەرگانەی ڕووبەڕووی تیرۆریستان دەبنەوەو هاوپەیمانێتی دەوڵەتانی موسڵمان لەگەڵ وڵاتانی بیانی ناموسڵمان، بۆ لابردنی ستەمی داعشییەکان و خێری بەرەنگاربوونەوەی ئەو کەسانەی بەگژ تیرۆریستانێکدا دەچنەوە کە مزگەوت و ماڵی خوا دەتەقێننەوەو بەهەزاران حورمەتی کچ و ژنی ئاینەکانی تر بە ناهەق ڕیسوا دەکەن و زۆر بابەتگەلی تر کەجێی قسەوباسی ئەمڕۆن، مامۆستا مەلا نیاز پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی شەهید سەباح-مان لە شاری هەولێر بەسەر کردەوەو ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵی سازدا.**

*** چۆن شەڕێکی فیکری لە دژی تیرۆریستانی داعش ئەنجام بدەین، بە چ ڕێگەیەك ئەم شەڕە فیکریە بکەین؟**

- لە دیدی زانایانی ئایینیەوە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش بە فیکر زۆر سانایە، چونکە ئەوانەی بە هەندێ دروشم و هێمای ئاینی کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن، بۆ نموونە لەژێر ناوی وشەی (جیهاد و خەلافەت) شەڕیان بەرپا کردووە، شەڕەکەش بە تەنیا لە بەرانبەر گەلی کورد لە باشووری کوردستان نییە، بەڵکو لە دژی گەلانی تری ناوچەکەشە، لەمبارەیەوە ئەوەی ئەلف و بێیەك لە ئاین بزانێت، دەزانێت ئەو کردارانەی لەسەر هیچ و باطڵ بونیاد نراون، بە بەڵگەی ئەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە گشتی داوا لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و لە موسڵمانانیش بە تایبەتی دەکات کە لە نێو خۆیانداو بەرانبەر بە یەکتر خانەوادەیەکی بە بەزەیی بن و زیان بە یەکتر نەگەیەنن و ژیان لە یەکتر تاڵ نەکەن، هیچ ئایەت و فەرموودەیەك نییە دەستی کەسێك ئاوەڵابکات بۆ سەربڕینی موسڵمانێك، پێغەمبەری ئیسلام(د.خ) فەرموویەتی هەر کەسێك وتی اشهد ان لا اله الا الله و اشهد ان محمدا رسول الله، شەرەف و ناموس و ماڵ و خوێنی بە دەستی موسڵمانانی تر حەرام دەکرێت، تەنانەت ئەوانەی کە بێباوەڕیش بن، مادام شەڕیان لەسەر تۆ ڕانەگەیاندبێت، بۆت نییە شەڕیان لە بەرانبەردا بکەیت، لەو حاڵەتەدا کوشتنی بێباوەڕێکیش هەر دروست نییە، ڕووبەڕووبوونەوەی فیکری داعش ئاسانە، چونکە ئەو کردارو هەڵسوکەوتانەی دەیکەن لەبەرچاوی هەموو دنیا سەلمێنەری ئەوەن کە فڕیان بەسەر ئایینەوە نەبێ، ئەوانە بوختانیان بە ئیسلامیش کردووەو ئیسلام لەو کردارانە بێبەرییە، زانایان لە کوردستان و لە جیهانی ئیسلامیشدا ڕۆڵی باشیان لە ڕێنماییدان بینیوە، هەموان کۆکن لەسەر ئەوەی لە ئیسلامدا ئەو کردارە قێزەونانە بوونی نەبووە، جیهاد هەیە بەڵام لە شوێنی خۆی، دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی هەبووە بەڵام بە بناغەو هەلومەرجی خۆی، فەتوادان هەیە بەڵام بە هەلومەرجی خۆیەوە، ئەو چەمك و هێماو دروشمانەی ئەوان بەکاریان هێناوە، ناوەڕۆك و بناغەو مەرجەکانی جێبەجێکردنیان هەڵە بەکارهێناوە، شەڕێکیان هەڵگیرساندووە کە خواو پێغەمبەر (د.خ) تورە دەکەن، هەر بۆیە هەرچی زانای ئیسلامی موعتەبەری دنیای وڵاتانی ئیسلامییە، پەیام و نامەی کراوەیان بۆ بەغدادی نارد کە ئەوەی دەیکەن هەڵەی زەق و دیارن بە ناوی ئیسلامەوە، داوایان لێکردون پەشیمان ببنەوە تەوبە بکەن، چونکە زیانێکی گەورەیان بە ئاینی ئیسلام گەیاندووە.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی نەتەوەکەمان، مێژووی کوردو ئیسلام لە خۆشەویستی و لێبووردەیی و پێکەوە ژیان و ئاشتیدا تێکەڵ بوون، بۆچی لە ناوچەکەدا تەنیا کوردو ئیسلام، ئاشتی و پێکەوەژیان و لێبوردەییان بەرهەمهێناوە؟**

- بۆ ڕێگەگرتن لە فیکري توندڕەو، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەك، هەروەها لایەنە سیاسییەکانی ناو هەرێمیش هەڵوێستی یەکلاکەرەوە وەربگرن، ئایا دەمانەوێت لە کوردستان موسڵمانێتی و پابەندبوون بە ئاینی ئیسلام بە گوێرەی ئەو پەروەردەیە بێت کە پێشتر میللەتی ئێمە پیادەیان کردووە، بەدرێژایی هەزار ساڵ لە وڵاتی ئێمەدا موسڵمانان و مەسیحیەکان پێکەوەژیاون، هەرچی سەرکردەو زاناو ئەدیبێ بە فیکری ئاینی پەروەردە کرابێت، جگە لە خێر بۆ ئەم میللەتەو میللەتانی تریش چ شتێکی تریان نەبووە، ئایا ئەم ڕێچکە ئاشتیخوازانەیە بەردەوام بێت؟، یان بمانەوێت خەڵکانێك بێنە پێشەوە کە پەندو ڕێنمایی بە ناوی ئاینەوە بدەن و پەروەردەیەکی نادروستی گەنجانمان بکەن؟ تا لە دەرئەنجامدا هاوشێوەی داعش بەرهەم بێت، پێویستە لایەنە سیاسیەکان لەڕێی نفووزی حزبی و بانگەشەی هەڵبژاردنەوە لە ململانێکردنی یەکتردا دەست لە پشتی خەڵکانێك نەدەن کە لە ڕاستیدا بۆ داهاتوو نەك حزبەکەی خۆیان بەڵکو هەموو کۆمەڵگەش

**هەڵوێستی بارزانی لەبەرامبەر ڕێزگرتنی لە نەتەوەو ئاینزاکان ڕێک هاوکۆکە لەگەڵ ڕۆحی دەقەکانی قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ)**

**پێویستە لایەنە سیاسیەکان لەڕێی نفووزی حزبی و بانگەشەی هەڵبژاردنەوە لە ململانێکردنی یەکتردا دەست لە پشتی خەڵکانێک نەدەن کە لە ڕاستیدا بۆ داهاتوو نەک حزبەکەی خۆیان بەڵکو هەموو کۆمەڵگەش پێیانەوە زیانمەندبن**

**بوونی چەند سەد کەسێکی تیرۆریست لەناو گروپە چەکدارەکان مانای ئەوە نییە کە کورد تێکەڵ بەو فیکرە توندڕەوانە بووە، گەرچی ئێمە وەکو مامۆستایانی ئاینی پێمان خۆش نییە تەنیا گەنجێکیش هەڵبخەڵەتێت و بکەوێتە ناو ئەو گرووپە تیرۆریستانەوە**

پێیانەوە زیانمەندبن و بڵاوبوونەوەی فیکری وەهابیەتی توندئاژۆ سەرهەڵبدات، وەهابیەت بوونەتە دوو بەشەوە، بەشێکیان هاوئاهەنگ بە کۆمەڵگەی خۆیان خەمخۆرانە هەنگاو دەهاوێژن، خەڵکانی توندڕەویشیان هەن کە ڕەفزی هەموو کەسێك دەکەنەوە، گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی، پرۆژەیەکیان پێیە دەیانەوێت بەس خۆیان هەبن، بەو شێوەیە یان دەبێت لەگەڵ ئەو بیت، یان دەبێت بمریت، هیچ بوارێك بۆ تێگەیشتن و گفتوگۆ ناهێڵێتەوە، وەهابیەتی توندئاژۆش لە هەر شوێنێ بن بەم شێوەیەیە، هەمان بۆچوونیان هەیە، پێویست ناکات لایەنە سیاسیەکان بۆ بەرژەوەندیی حزبی خۆیان دەست لە پشتی هەندێ خەڵکی توندڕەو بدەن، لە کوردستان بە درێژایی مێژوو هەموان لەسەر ڕێبازی ئیمامی شافیعی پەروەردە بووین، کارەساتە شانەی ڕێکخستن هەبن، بە ناوی مەدرەسەی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلی و دامودەزگای حکومی مۆڵەتیان پێدرابن، کە هۆکارن بۆ لێکترازانی بواری کۆمەڵگەیی و ئایینی، بە مەرجێك ئەو زانایانەی کە موسڵمانان لەسەر میتۆدی یەکتر قبوڵکردن و پێکەوەیی ژیان و لێبوردن ڕادێنن، بە پێی ئەو پەروەردەیەی موسڵمانی کوردستانیی لەسەر پێگەیوە، ئەگەر بیانەوێت قوتابخانەیەك بکەنەوە، سەد بگرەو بەردەیان پێبکەن، تەنیا حکومەت و حزبە باڵادەستەکان بەرپرس نیین، بەڵکو ئێمەش وەك زانایانی ئیسلامی بەرپرسیارین، ئەو ئاینەی کە هەیەو هەزاران ساڵە بە ئاشتی و نەرمی بڵاوکراوەتەوە، ئێستا وەهابییەك بێت و بە سەدان گەنجی لە چواردەور کۆبکرێتەوە لە کاتێکدا مامۆستایەك کە ئاینی بە فیکرێکی زانستانە وەرگرتبێت، ژمارەیەکی کەمی لە دەور نەبێت، ئەو متمانەیەی زانا میانڕەوەکە هەیەتی بەرزترە لەو متمانەیەی زانایەکی پەروەردەکراوی فیکری وەهابیەت هەیەتی.

*** بەشێکی زۆری سەرکردەو شاعیرە گەورەکانمان پەروەردەی حوجرەو مزگەوتەکانن، بەڵام بە داخەوە کاتێك باسی مێژووی ئیسلام دەکرێت، ئەم مێژووە کوردییە ئیسلامیە فەرامۆشکراوە، هۆی چییە کە ئەو مێژووە درەوشاوەی ئیسلام لە کوردستاندا دەشاردرێتەوە؟**

- میللەتی کورد لە بواری مێژووشدا وەك زۆر لە بوارەکانی تر ستەمی دەرهەق کراوە، ئاشکرانەکردن و بەدیارنەخستنی مێژووی درەوشاوەی گەلی کوردو کەڵەپیاوانی کورد بە تایبەت کە ئیسلام پاشخانی بیرکردنەوەو هزرینیان بووە، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوەی هەندێ کەسی ناو حزبەکانی کوردستان لە دژی ئایین، وا دەزانن ئەگەر زانایانی ئایینی لە ڕووی هزری نەتەوەیی یان لە ڕووی پێڕەوکردنی کاری سیاسی بهێنرێنە پێشەوە، ئیتر جێ بەوانی تر لەق دەبێت، بە نموونە نایانەوێت باسی پاشخانی پەروەردەیی کەسایەتیەکی وەك مەلامستەفای بارزانی بکەن کە لەبەردەستی شێخ عەبدولسەلام و شێخ ئەحمەدی بارزان پەروەردە بووە کە پاشخانێکی ئایینی بەرزیان هەبووە، چونکە ئەگەر بوارێکی باش بدرێت بە زانایانی ئایینی بۆ پێڕەوکردنی کاری هزری نەتەوەیی خۆیان، نەك بۆ پیادەکردنی کاری سیاسی لە چوارچێوەی ئەحزابی ئیسلامیدا، ئەوە زۆر کەڵەپیاو لە کوردستان سەریان هەڵدەدا، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانی بێت ئەوەیە هەندێ لە حزبەکانی کوردستان هەموو توانایان خستۆتە گەڕ بۆ خەفەکردن و شاردنەوەی ڕۆڵی کەڵەپیاوانی ئاینی لە ناو بزاڤی ڕزگاریخوازیدا، هەمیشە ئەوەیان بە گوێی خەڵکدا داوە، کە نابێت زانای ئاینی دەست لەکاروباری سیاسی وەربدات، زانای ئاینی ئیسلامییان وا تەماشاکردووە چۆن قەشەیەك بێت لە کڵێسا، واتێدەگەن ئەگەر وەك چۆن لە ئەورووپا کڵێسایان دوور خستەوە لە دنیای سیاسەت بەو شێوەیەش ئەگەر مەلایەك یان زانایەکی ئاینی پێڕەوی کاری نەتەوەیی خۆی بکات، ئەوە ئایین و نەتەوە یان ئایین و دەوڵەت تێکەڵ دەبن، خۆ ئەگەر زانایەکی ئاینی کاری سیاسی و نەتەوەیی خۆی پیادەبکات، ئیتر ئینتیمای بۆ هەر حزبێك بێت، ڕۆڵی خێر دەگێڕێت، هەم لە ناو حزبەکەی هەم بۆ میللەتەکەی، ئەو زانایە دەتوانێت ئەندامانی ئەو حزبە ڕابهێنێت لەسەر داوێن پاکی و دەست پاکی و دەمپاکی و ڕەوشتی بەرزی.

*** سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی راستەوخۆو هاوشانی پێشمەرگە لەبەرەکانی شەڕدا بووەو توانیویەتی یەکڕیزی گەلی کوردستان بپارێزێت و لەشەڕەکەشدا سەرکەوتوو بێت، تاچەند ڕۆڵی سەرۆك لە ساتە چارەنووسسازەکاندا بۆ نەتەوە گرنگە، ئەو پێشمەرگانەی لەو ڕووبەڕووبوونەوانەی تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامیدا گیانیان بەخت کرد، چ پێگەو مەقامێکیان لای خوای گەورە بۆ دادەنرێت؟**

- لیژنەی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان فتوای دا بەوەی هەر پێشمەرگەیەك لە کاتی بەرەنگاربوونەوە لەسەر خاك و وڵات و نیشتمانی خۆی گیان ببەخشێت، ئەوە پلەی شەهیدی هەیە، ئەوەش بە گوێرەی فەرموودەی پێغەمبەر د.خ، کە فەرموویەتی هەر کەسێك لەپێناوی خاك یان نامووس یان ماڵی خۆی بکوژرێت ئەوە شەهیدە، بەرانبەرەکەشی کە هێرش دەکاتە سەر خاك و وڵاتی کوردستان ئەگەر

بکوژرێت شـــوێنی دۆزەخە، زانایەکی ئاینی بە ناوی دکتۆر ســـەمیر ئەشواك کە لە ئوردن نیشتەجێیە، دەڵێت تەنانـــەت هاوپەیمانێتی دەوڵەتانی موســـڵمان لەگەڵ وڵاتانی بیانیی ناموسڵمان، بۆ لابردنی ستەم کارێکی مەزنی خێرداره، داعش لە ناو وڵاتانی ئیسلامیدا بۆتە شێرپەنجەیەك کە ڕەگ و ڕیشەی خۆی بۆ سەر هەموو زەوی بڵاودەکاتـــەوە، میکرۆبێکە ئەوەی پێی بگات لە خشتەی دەبات، لەبەرئەوە هاوپەیمانێتی کردنی وڵاتانی تری دنیا لە هەر کوێیەك بن دژ بە داعش، نەك لەسەر خاکی خۆمان، بەڵکو داعش لە هەر شـــوێنێ بێ هەر موسڵمانێ لە دژی بجەنگێ خێری دەگاتێ، بە نموونە ئەگەر پێشمەرگەیەك بچێتە تونس شەڕ لەگەڵ داعش بکات خێـــری دەگاتێ، لەبەرئـــەوەی داعش هێزێکی شەڕەنگێزی باطلن، هێزێکن بۆ ناشرینکردنی ئاینێکی پیـــرۆز، ئامانجیان بەس وێرانکاری و کوشـــتوبڕییە، چەنـــد خێرەکە گەورەیە تۆ بچیت بە گژ کەســـانێکدا کـــە مزگەوت وماڵی خوا دەتەقێننەوە، چەند خێرێکی مەزنە شـــەڕ لەگەڵ کەســـانێك بکەیت کە بەهەزاران حورمەتی کچ و ژنی ئاینەکانی تریان بە ناهەق ڕیسوا کردووە، یان ئەو جینۆسایدەی لە سپایکەر کردیان دژ بە موسڵمانان کردیان، ئەوانە دەرچوونن لە ئیسلام، ئەرکی هەموو موســـڵمانێکە بەرەنگاریان ببێتەوە، لە ڕاستیدا ئەمڕۆ خوای گەورە ئەو شـــەرەفە مەزنەی بە سەرۆك مسعود بارزانی داوە ببێتە هەڵگری ئەو ئاڵایەی کە لە سایەیدا هێزو توانای بە پێشمەرگە داوە بەرانبەر ئەو لە ئیسلام دەرچووانە ببنەوەو ڕایانگرن، هەر پێشمەرگەیەك خێرێکـــی گەورەی دەگاتێ کە لەبەرەکانی جەنگدا دژ بەو داعشـــانەیەو خودی مســـعود بارزانی بە هەزاران خێری دەگاتێ کە خۆی لەبەرەکانی شەڕدا شەونخونی دەکێشێت و ورەی پێشمەرگەکانی بەرز دەکاتەوە، ئەمەی دەیکەن بەرگرییە لە میللەت و کەرامەت و شـــەرەف و خاکی هەموومان.

*** یەکێك لەو گرفتانەی کە ئێســـتاکە بووەتە هۆی دروســـتبوونی توندڕەویـــی دەســـکاریکردنی فیقهی ئیســـلامییە یان بەهەڵە خوێندنەوەیەتی یا بەشێوەیەك داڕێژراوە کە لەگەڵ بۆچوون و کلتوورمان نەگونجێت و لە دەقە پیرۆزەکانی قورئان و فەرموودەکان لایان داوە، بەڕێزتان بەو سیفەتەی هەڵگری بڕوانامەی ماستەرن لە فیقهی ئیســـلامیدا چۆن دەڕوانیتە ئەم مەســـەلە هەستیارە؟**

- شـــوورەیی و نەنگیە زانایەکی موسڵمانی کورد لە کوردستان فتوا بدات لەسەر بناغەی فتوایەکی زانایەکی ســـعودیە یان ئەردەن یان تونســـی چونکە بیرکردنەوەو ژینگـــەو کۆمەڵگەی ئەوان زۆر جیاوازە لە کۆمەڵگەو ژینگـــەو بیرکردنـــەوەی ئێمە، لە هەمـــوو بوارەکاندا، هەموو خەڵکی ئێمە لە کوردستان پێڕەوکارانی پێڕەوی شافیعین کەسێك بێت بە ناوی قوتابخانەی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بۆ تەفرەقـــە قوتابخانەیەك دامەزرێنێت بەو نـــاوە، کە ئـــەو مەزهەبە لە وڵاتـــی ئێمە کاری پێنەکراوە، بەڵام ئەمڕۆ فتوایەکانی ئەو بێنن لە وڵاتی ئێمە کاری پێبکەن، ئەمـــە پەرتەوازەیی پەیدا دەکات، خەڵکی موسڵمانی سادە سەری لێدەشێوێت و دەڵێ دیارە ئایینەکـــە گۆڕدراوە، لە وڵاتی ئێمە کە پیاو دەســـتی بەردەســـتی ئافرەت بکەوتایە دەستنوێژی دەشوشتەوە، ئەمەش بە گوێـــرەی مەزهەبی ئیمامی شـــافیعی، بەڵام ئەمڕۆ مەزهەبێکـــی تر بێنن بە خەڵکی بڵێن نا دەستنوێژ ناشکێت، ئەمە وەك نموونەیەك لە ناو سەدان نموونەی تردا بەو شـــێوەیە سەر لە خەڵکی موسڵمانی کورد دەشـــێوێنن، لەبەرئـــەوە لە فیقهی ئیســـلامیدا پێویســـتە ڕەچاوی بارودۆخ و کەلتوورو پێشینەی ئەو گەلەی تێدا بکرێ، ئەگینا مەزهەبەکانی شافیعی و حەنەفی و مالیك و ئەحمەد، چوار مەزهەبن لە جیهانی ئیســـلامیدا موعتەبەرن و زۆرترین موسڵمانانی سوننە پێڕەوی ئایینەکەیانی لەســـەر دەکەن، هەر کۆمەڵگەو بە پێـــی بۆلوان و گونجانی خۆی بە مەزهەبێکیانەوە، خەڵکی مەدینـــە مەزهەبیان مالیکیە، خەڵکی تورکیا ئیمامیان ئەبوحەنیفەیە، خەڵکی هەرێمی کوردســـتان مەزهەبەکەی شـــافیعیە، خەڵکی مەککـــە زۆربەیان مەزهەبی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلیە، پێویســـتە وەك زانســـت و زانیاری هەموو مەزهەبـــەکان توێژینەوەیان لەســـەر بکرێت، لە کاتی پێویست کامە فتوا گونجاو بێـــت بۆ جێبەجێکـــردن لە بەرانبـــەر ڕووداوێك کە لە وڵاتمان ڕوودەدات، ئاساییە هەر کامیان بەکاربهێنرێت، بەڵام بۆ کاری گشـــتی موســـڵمانان پێویستە پابەند بن بەو فیقهەی وەك کەلتوورێك فوقەهای ئیســـلامی وڵاتی خۆمان لەسەری ڕێککەوتون، زانایانی گەورەی ئێمە بە زانســـتەوە پابەندی مەزهەبی شافیعی بوون، میللەتی ئێمە موســـڵمانێتییان هێندە خاوێن وەرگرتووە کام مەزهەبیـــان ئیحتیـــات و پابەندایەتی و بێگەردی زیاتـــری تێدایـــە بەوەیانەوە پابەند بـــوون، لە زۆر بوار فیقهی ئیمامی ئەبوحەنیفە لەگەڵ وڵاتێکی شاخاوی وەك ئێمە گونجاوترە بەڵام هێشـــتا ئیمامی شافیعییان هەڵبـــژاردووە، چونکـــە ئیمامی شـــافیعی لە نەوەی پێغەمبـــەر نزیکترە تەبەرووکەن، لەبەر دڵســـۆزییان بۆ پێغەمبـــەر د.خ میللەتـــی ئێمە ئیمامی شـــافیعییان هەڵبژاردووە.

**ئەگەر پێشمەرگەیەک بچێتە تونس شەڕ لەگەڵ داعش بکات خێری دەگاتێ، لەبەرئەوەی داعش هێزێکی شەڕەنگێزی باطلن، هێزێکن بۆ ناشرینکردنی ئاینێکی پیرۆز، ئامانجیان بەس وێرانکاری و کوشتوبڕییە**

**دەیان قەیران و نەهامەتی ناخۆش ڕووبەڕووی کوردستان بۆتەوە کەچی چەند حزبێکی کوردستانی دەیانەوێت مەسەلەی مانەوەی سەرۆک بارزانی بکەنە قەیرانێکی گەورەو لە قۆناغێکی هەستیارو ناسکدا سەرکردەیەکی مێژوویی کورد لە سەرۆکایەتی هەرێم نەمێنێت**

**حزبەکانی کوردستان ئەگەر لە خەمی میللەتەکەیانن بۆ لەگەڵ پارتی ناگەنە سازان، نە ئێستاو نە دەیان ساڵی داهاتووش پیاوێکی وەکو مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان دروست نابێت بەو شێوەیە خەمخۆرو دڵسۆزو خەباتگێر بێت بۆ میللەتەکەی بەبێ جیاوازی**

**داعش لە ناو وڵاتانی ئیسلامیدا بۆتە شێرپەنجەیەک کە ڕەگ و ڕیشەی خۆی بۆ سەر هەمووی زەوی بڵاودەکاتەوە، میکرۆبێکە ئەوەی پێی بگات لە خشتەی دەبات، لەبەرئەوە هاوپەیمانێتی کردنی وڵاتانی تری دنیا لە هەر کوێیەک بن دژ بە داعش، خێرێکی گەورەیە**

**شەرمەزارییە بکەوینە ژێر کاریگەریی بیرکردنەوەو شەڕی مەزهەبی و تائیفییەوە، میللەتی ئێمە بەدرێژایی مێژوو ئەو هەموو مەینەتی و دەربەدەری و کۆمەڵکوژییەی بەسەرهاتووە، بەڵام نەکەوتۆتە ژێر کاریگەریی مەزهەبگەراییەوە**

*** ململانێیەکی توندی مەزهەبگەرایی لەناوچەکەدا هەیە، بەو پێیەی گەلی کوردستانیش کە دابەش بووە بەسەر ئەو وڵاتانەدا کە ململانێی توندی تائیفیی تێدایە، هەربۆیە مەترسی بۆ سەر ئێمەش هەیە، تەنانەت لەناو بیروبۆچوون و ئاڕاستەی زۆر لەحزبە کوردستانیەکان ڕەنگی داوەتەوە، چۆن گەلی کوردستان و سەرکردەکانمان لەو شەڕە خوێناوییە خۆیان بەدوور بگرن؟**

- شەرمەزارییە بکەوینە ژێر کاریگەریی بیرکردنەوەو شەڕی مەزهەبی و تائیفییەوە، میللەتی ئێمە بەدرێژایی مێژوو ئەو هەموو مەینەتی و دەربەدەری و کۆمەڵکوژییەی بەسەرهاتووە بەڵام نەکەوتۆتە ژێر کاریگەریی مەزهەبگەراییەوە، تەنانەت کاتێك لە ئێران کورد ئاوارە بووەو حزبە کوردستانیەکانمان لەو وڵاتەدا بوونیان هەبووە، هەرگیز نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری مەزهەبی شیعەوە، ئەمڕۆ پێویستە کوردو حزبە کوردستانیەکان پابەند بن بەمێژوو کلتوورو نەریتی خۆیان کە دەوڵەمەندە بەفیکری عەقڵانی و ئەخلاقی و بەهیچ شێوەیەك نەچنە ژێر کاریگەری شەڕی مەزهەبییەوە.

*** لەم قۆناغەدا کورد بەگشتی و سەرۆك بارزانی هەوڵی ئەوەدەدا کلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی لەنێوان هەموو ئاین و ئاینزاو نەتەوەو پێکهاتەکانی کوردستان و عێراق گەشە بکات.**

- سەرۆکی هەرێمی کوردستان چ وەکو پێشمەرگەیەك بەردەوام هەڵوێستی لەبەرامبەر هەموو نەتەوەو ئاینزایەکی کوردستان بەبێ جیاوازی بەرز بووە، ئەم هەڵوێستەی بەڕێزیان لە مێژوودا دەبێت بەئاوی زێڕ بنووسرێتەوە، هەڵوێستی بارزانی لە بەرامبەر ڕێزگرتن لەنەتەوەو ئاینزاکان ڕێك هاوکۆکە لەگەڵ ڕۆحی دەقەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) کە دەفەرمووێت(انما المؤمنون اخوة)،(فاصلحوا بين اخويكم)، ناکۆکی و ململانێی نێوان مەزهەبەکان دژی دەقەکانی قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانە و خودای گەورە پێی نیگەرانە، چونکە ئاژاوەو دووبەرەکی لەنێوان موسڵمانان دژی داواکاری خودای میهرەبانە(واعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا) ئەوەی ئەمڕۆ شیعەو سوننە دەیکەن ڕێك ناکۆکە لەسەر داواکارییەکانی خودای میهرەبان و پێغەمبەرمان(د.خ)، هەر میللەتێکیش ناکۆکی و پەرتەوازەیی تێکەوت بەر ئازاری خودا دەکەوێت. من پێم سەیرە لەکاتێکدا ئەم میللەتە مەزڵومە کە بەدرێژایی مێژوو بەهەزارەها دەردەسەری و نەهامەتی و ناخۆشیدا تێپەڕ بووەو ئێستاکەش دەیان قەیران و نەهامەتی ناخۆش ڕووبەڕووی بۆتەوە کەچی چەند حزبێکی کوردستانی دەیانەوێت مەسەلەی مانەوەی سەرۆك بارزانی بکەنە قەیرانێکی گەورەو دەیانەوێت لەقۆناغێکی هەستیارو ناسکدا سەرکردەیەکی مێژوویی کورد لە سەرۆکایەتی هەرێم نەمێنێت، ئایا بۆچی تائێستا بەدیلیان نییە، مانەوەی ئەو سەرکردەیە کە ناسراوە بە دڵسۆزێتی و شەونخوونی و فیداکاری بۆ میللەتی خۆی کە مێژوو شاهیدی بۆ دەدەن کە باوك و براو خانەوادەو عەشیرەتەکەشی دڵسۆزو گیانفیداکار بوون بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، با هەموو کوردێکی بەئەمەك ئەو پرسیارە بکات. حزبەکانی کوردستان ئەگەر لە خەمی میللەتەکەیانن بۆ لەگەڵ پارتی ناگەنە سازان؟ نە ئێستاو نە دەیان ساڵی داهاتووش پیاوێکی وەکو مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان دروست نابێت بۆ میللەتەکەی بەبێ جیاوازی بەو شێوەیە خەمخۆرو دڵسۆزو خەباتگێڕ بێت.

*** زۆرجار خەڵکی گلەیی ئەوەیان لەهەندێك وتاری مامۆستایانی ئاینی هەیە ڕۆژانی هەینی زۆر بە کەمی باس لەو هێرشە دڕندانەیە دەکرێت کە دەکرێتە سەر هەرێمی کوردستان بەناوی خەلافەتی ئیسلامیەوە زیان بەکەرامەت و سەرو ماڵی کوردستان دەگەیەنرێت.**

- زۆرینەی هەرە زۆری مامۆستایانی ئاینی هەڵوێستیان لەبەرامبەر ستەم و تاوانەکانی داعش هەبووەو، جێگای شانازی یەکێتی زانایانە کە توانیوێتی مامۆستایان و زانایانی ئاینی یەکهەڵوێست بن لەبەرامبەر هەموو ئەو هەوڵە نەزۆکانەی داعش و دوژمنانی میللەتەکەمان کە دەرهەق بە نەتەوەی کوردو کوردستان دەکرێت، تەنانەت لەبەرمبەر دزە کردنی فیکری توندڕەویی و دوور لەئاینی پیرۆزی ئیسلامیش ڕۆڵێکی باشیان بینیوە، ئەگەر ڕۆڵی مامۆستایانی ئاینی نەبووایە هەروەکو چۆن لەناو عەرەب و وڵاتانی تر بەهەزارەها کەسی تیرۆریست بەرهەم هاتووە هەروا لێرەش دروست دەبوون، بوونی چەند سەد کەسێکی تیرۆرست لەناو گروپە چەکدارەکان مانای ئەوە نییە کە کورد تێکەڵ بەو فیکرە توندڕەوانە بووە، گەرچی ئێمە وەکو مامۆستایانی ئاینی پێمان خۆش نییە تەنیا گەنجێکیش هەڵبخەڵەتێت و بکەوێتە ناو ئەو گرووپە تیرۆریستانەوە. گەنجی موسڵمانی کورد چاوکراوەو تێگەیشتووە لەوەی داعش و گرووپە توندڕەوەکانی تر چەند زیانیان بەئاینی پیرۆزی ئیسلام و نەتەوەی کورد گەیاندووەو ئەو فیکرەیە زۆر دوورە لە ڕۆحی


ئیسلام، بەپێی دەقەکانی قورئانی پیرۆزو فەرموودەکان دواکەوتنـــی ئەو بیرە توندڕەویـــەی داعش ناحاڵیبوونە لەم دنیاو لەو دنیاش جێگایان دۆزەخە، چونکە دەچێت خوێنی موســڵمان حـــەڵاڵ دەکات و دەچێت مزگەوت دەتەقێنێتەوەو زانای ئاینی گوللەباران دەکات و نامووس و شەرەفی خەڵکی هەتك دەکات و فیتنە بڵاودەکاتەوە. داوا لەمامۆســتایان و زانایانی کـــورد دەکەم لە خوا بپاڕێنەوەو گەلەکەمان زیاتر هۆشیار بکەن لەو مەترسی و پیلان و مەرامە شـــاراوانەی کە دەرهەق بە نەتەوەی کورد دەکرێت.

*** وەکو ئاشـــکرایە لـــە قۆناغەکانـــی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردســـتان لەنێو حزبە کوردستانییەکان ململانێیـــەك هەیە، باشـــە حزبە ئیســـلامیەکان لەناو پەرلەمـــان و دەســـەڵاتدا بۆ دەبێت پاڵپشـــتی لایەنێك لەدژی لایەنێکی تر بکەن و رۆڵی چاکسازیی نەگێڕن، لەکاتێکدا خودای گـــەورەو میهرەبان و فەرموودەکانی پێغەمبەریش باس لەو رۆڵە گرنگە دەکەن.؟**

- خوزگەم دەخواســـت حزبە ئیســـلامیەکان بەرەی چارەسەرو ئاشـــتبوونەوە بن، تاڕادەیەکیش هەڵوێستی ئەم دواییەی یەکگرتووی ئیسلامیم بەدڵ بوو، چونکە قورئانی پیرۆزو پێغەمبەرمان (د.خ) پێمان دەڵێت دەبێت لایەنگیری خێر بین و رۆڵی ئاشتەوایی بگێڕین، نەك ببنە لایەنگیری بەرەیەك کە نە لە بیروبڕواو نە لەمێژوو نە لە ویژدان لەگەڵ ئاینی پیرۆزی ئیسلام نین و کوردستان بەرەو ئاقارێکی خراپ دەبەن، باشە بۆ دەبێت هەندێك لە حزبە سیاسیەکان ئەو مافە لە میللەت بسێننەوە لەوەی دەنگ بە ســـەرۆکەکەیان بـــدەن، لەکاتێکدا هەموومان دەزانین ئەندام پەرلەمان دەنگی پێ دراوە لەبەر خاتری حزبەکەی یـــا لەبەر خاتری خۆی، بەڵام خۆ نابێت بۆ هەمـــوو کارێکی گرنگ هـــەر نوێنەرمان بێت، ئەوان بەداخەوە لەپەرلەمان بوونە نوێنەری حزبەکانیان، لە بری دەرکردنی یاساو تەشریعات و چاودێریکردنی حکومەت بوونەتە ئامێرێکی حزبیی بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێ حزبیەکان تەنانەت لەتەشریعات و یاساکانیشدا زۆربەی جار دڵی ئێمەی موسڵمانیان ئازاردا، کەس رازی نییە ئامێری ململانێی حزبایەتی لەبری ئێمە قســـە بکات و ســـەرۆکەکەمان هەڵبژێرێـــت، هاوولاتی و میللەت هۆشـــیارو عاقڵە، هەر ئەوان بـــوون پەرلەمانتارەکانیان هەڵبـــژارد، هـــەرواش دەتوانیـــن ســـەرۆکی خۆمان هەڵبژێرین، حزبە کوردســـتانییەکان لەبیریان چووەوە کە باسی دیموکراسی و مافی خەڵك و گەلیان دەکرد ئیتر بۆچی دەبێت لەهۆشـــیاری و دڵسۆزی گەل و خەڵکی بترســـن، با بڕیار بڕیاری گەل بێـــت و ئەو متمانەیە بەگەلەکەمان بدەین، پێویســـت بەپاساوو بیانوو هێنانەوە ناکات، پێشـــتر ئەزموونی دیموکراســـی و هەڵبژاردنمان هەبووە، هەر ئەو ئەزموونەش بوو ئەوانی هێناوەتە ســـەر کورسیی پەرلەمان و دەسەڵات، دوورخستنەوەی خەڵکی لە هەڵبژاردنی سەرۆك، تەنیا بۆ دەسکەوتی حزبی و شەخســـییە، تاوەکـــو کوێخایەتـــی بەســـەر ســـەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بکرێت.



# قەیرانی دارایی و بانکی کوردستان



د. لەتیف کەریم واحید
بۆ گوڵان نووسیویەتی

**● پێشەکی**

هۆکاری سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و بانکی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق و بەهیچ شێوەیەک خانایی نیە لە گەڵ قەیرانە داراییەکانی وڵاتانی گەشەکردووی ئابووری. بۆیە نابێت ئەم دوو کێشەیە ئاوێتە بکرێن. ڕاستە ئەم قەیرانە نزیکەی ساڵ و نیوێکە سەری هەڵداوە، نائامادەبوونی حکومەتی کوردستان و پشتگوێ کردنی کەرتی بانکی و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ سامانی دارایی کوردستان کە دەگەڕێتەوە بۆ خراپ فەرمانڕەوایەتی حکومەت قەیرانەکەی قوڵترکردۆتەوە و توانای بەرگری ئابووری کوردستانی لاوازکردووە. ئەڵبەتە هۆکاری سەرەکی قەیرانی دارایی و بانکی وڵاتە پێشکەوتووەکان دەگەڕێتەوە بۆ خراپ هەڵسوکەوتی کەرتی بانکی ئەو وڵاتانەو نەبوونی چوارچێوەیەکی یاسایی توندوتۆڵ بۆ ڕێگرتن لە خۆدان لە مەترسی (Risk taking)، لە کوردستاندا ناتوانرێت بگوترێت کە کەرتی بانکی هەیە بە واتا باوەکەی. ئەم نەبوونەش بۆ وڵاتێکی گەشەکەری وەک کوردستان جێگەی پرسیار و سەرسوڕمانە، چونکە گەشەکردنی ئابووری بەبێ هەبوونی سەرچاوەی دروستی دارایی زۆر ئاستەمە. هەر بۆیە ئەم خاڵە پێویستی بە باسکردنی تایبەت هەیە. واتە ئایە گەشەکردنی ئابووری بەبێ کەرتێکی بانکی کارا کردەنیە یانە!

**● کێشەی سیاسەتی دارایی لە کوردستاندا**

بە پێچەوانەی ڕای گشتیەوە، حکومەتی کوردستان نە ئازادە و نە دەستی لە ڕووی سیاسەتی داراییەوە ئاواڵایە. بۆ نموونە، سیاسەتی دارایی (Monetary Policy) کە لە ڕێگەی سیاسەتی خستنە ڕووی پارەوە (Money Supply) پەیڕەو دەکرێت لە ژێر ڕکێفی بانکی ناوەندی عێراقە نەک بانکی ناوەندی هەرێمی کوردستان. هەر بۆیە حکومەتی کوردستان دەسەڵاتی بەسەر چەندایەتی پارە لە کوردستاندا نییە و ناتوانێت

وەک دەوڵەتانی دیکەی تر لە ڕێگەی بازاڕەوە کار بکاتە سەر شلەی بازاڕ، بەڵام جاری وا هەیە دەتوانێت کار بکاتە سەر نرخی دیناری عێراقی لە بەرانبەر دراوە بێگانەکان ئەڵبەتە بە ڕادەیەک زۆر بەر تەسک و لە کاتێکدا کە خۆی پارەی یەدەگی هەبێت.

وەک هەموو وڵاتانی گەشەکەر، کوردستان پێویستی بە گەشەکردنێکی زۆرهەیە بۆ ئەوەی ئاستی بژێوی دانیشتوانەکەی بەرزبکاتەوە. دروستکردنی ژێرخانی ئابووری و بناغەدانانی کەرتی پیشەسازی و دامەزراندنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان وپێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ پێویستیان بە وەبەرهێنانێکی درێژخایەنی زۆر گەورە هەیە. زۆر بەداخەوە، کوردستان لە چەشنی وڵاتە گەشەکەرەکانی دیکە سەرچاوەی دارایی زۆر کەمە و کەرتی بانکیشی هێندە گەشەکردوو نییە هەتا بتوانێت بە شێوەیەکی بەردەوام و بەپێی پێویست سەرچاوەی دارایی هەبێت بۆ ئەو مەبەستانە. لە هەمان کاتدا پێویستە ئەوەش بگوترێت کە لە ماوەی چەند ساڵی حکومەتی ئۆتۆنۆمی کوردستاندا، کاربەدەستان هەوڵی دامەزراندنی سیستەمی بانکیان نەدا بۆ ئەوەی لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانێکی وەک ئێستا هێندە یەدەگ و توانای دارایی هەبوایە کە ئابووری کوردستان بەرگەی ماوەیەکی زیاتری بگرتایە. ئەم کەمتەرخەمییەش دەگەڕێتەوە بۆ پشت بەستن بە داهاتی نەوتی ئاسان و پشت گوێ خستنی دامەزراندنی ئابووریەکی فرە سەرچاوە. هەربۆیە کاتێک پارەی نەوت لەلایەن حکومەتی بەغداوە برا، سەرچاوەی داراییش لە پڕێکدا وشکی کرد. بۆ تێگەیشتنی سیستەمی دارایی پێویستە لێرەدا چاوێک بە کردار و تواناکانی سیستەمی بانکی مۆدێرندا بخشێنین.

## ● کرداره ئابوورییەکانی کەرتی بانکی

بە شێوەیەکی گشتی کەرتی بانکی گەر دروست دامەزرابێت دەتوانێت ئەم کردارانەی خوارەوە ئەنجام بدات:

(١) دابینکردنی میکانیزمی پارە پێدان (Payment Mechanism) لە بازاڕدا. واتە بانک دەتوانێت ڕۆڵی پارە بدەر بنوێنێ لە نێوان کڕیار و فرۆشیاردا. بەم کارەش کارئاسانی ئاڵوگۆڕی بازاڕ دەکات. بێگومان ئەم کردارە بۆ تەندروست بازاڕ زۆر پێویستە، چونکە کڕین و فرۆشتنی سەردەمیانە وەک گۆڕینەوە و کڕین و فرۆشتنی بازاڕە میللییەکان نییە کە لە نێوان دوو کەسدا ڕوودبات و هەردوو کەسیش ئامادەی گۆڕینەوەکە هەبن. بۆیە لە جیهانی ئێستادا پێویستیمان بە کەرتێکی بانکی کارا هەیە کە کارئاسانی گۆڕینەوەی پارە بکات لە نێوان کڕیار و فرۆشیارەکاندا.

(٢) گردکردنەوەی پاشەکەوتەکان و تەرخانکردنیان بۆ وەبەرهێنان. لێرەدا بانکەکان دەتوانن دوو کرداری زۆر گرنگ بەجێ بهێنن ئەویش:

یەکەم: زاڵبوون بە سەرنابەرانبەری چەندایەتیدا (Size mismatch). ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە خەڵکی ئاسایی پارەیەکی کەم پاشەکەوت دەکات، بەڵام وەبەرهێنەر پێویستی بە پارەیەکی زۆر هەیە بۆ دامەزراندنی پرۆژەیەک. بۆیە بانکەکان پارە کەمەکانی هاووڵاتیان خەرمان دەکەن و بە گوژمی گەورە گەورە بە وەبەرهێنەرانی بە قەرز دەدەن. لەم ڕێگەیەشەوە هەردوولای پاشەکەوتکەر و قەرزکەر قازانج دەبینن.

دووەم: زاڵبوون بەسەر نابەرابەری کاتدا ( Time mi-match). پاشەکەوتکەرەکان هەمیشە بۆ ماوەیەکی کورت پاشەکەوت دەکەن بەڵام قەرزکەر هەمیشە پێوسیتی بە قەرزێکی درێژخایەن هەیە. چونکە هیچ پرۆژەیەکی ئابووری لە شەو و ڕۆژ و هەفتە و دوودا تەواو نابێت. هەر بۆیە بانکەکان دەتوانن پاشەکەوت بۆ کورت خایەن و درێژخایەن وەربگرن و بە درێژخایەن بە قەرزیان بدەن. بەم کردارەش نێوانگیرییەکی دروست لە نێوان پاشەکەوتکەری کورتخایەن و قەرزکەری درێژخایەندا ئەنجام دەدرێت.

(٣) کەمکردنەوەی مەترسی (Risk Reduction). بێگومان گەر پرۆژەیەک لە نێوان چەند کەسێکی کەمدا ئەنجامبدرێت ئەوا مەترسییەکەی بەرز دەبێت، بەڵام چونکە بانکەکان ملیۆنەها مەعمیلیان هەیە، ئەوان مەترسییەکان بە سەر هەمواندا دابەش دەکەن بۆیە مەترسی لەناوچوون لە سەر تاکە کەس زۆر کەم دەبێتەوە. هەر بۆیە قەرزکەر و قەرزدەر لە ئابوورییە گەشەکردووەکاندا هەموو کات پەنا دەبەن بۆ بانکەکان و زۆر کەم لە نێوان دوو کەسدا مامەڵەی دوو لایەنە دەکرێت. هەرچەندە ئەم خاڵە پێویستی بە شیکردنەوەی زیاتر هەیە و ئێرە جێگەی ئەو باسە نییە، بەڵام هێندە بەسە بڵێین کە بانکەکان مەترسی بنبڕ ناکەن، بەڵام تێچووەکانی کەم دەکەنەوە بەوەی ئەو تێچووانە دابەش دەکەن بە سەر ژمارەیک خەڵکی زۆردا.

(٤) بانکەکان توانایان هەیە زانیاری لە بارەی هەلی وەبەرهێنانەوە کۆبکەنەوە وبە نرخێکی گونجاو بیگەیەننە دەستی وەبەرهێن و پاشەکەوتکەرەکان. بەمەش کارئاسانییەکی زۆر دەکەن بۆ وەرچەرخانی

پێویستە لیژنەی داڕشتنی دەستوور تەئکید لە ئینتیمای ئێستای کوردستانی بە هەموو ئاراستەو بۆچوونەکان و لۆژیکی نوێخوازیی لە بنیادنانی دامەزراوەکان بکاتەوە، نەک بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەدە تاریکەکان

دیاریکردنی بڕگەکانی دەستوور و تەوەرو بەشەکانی، لەسەر ئەگەری سیستەمەکانی نێو کۆمەڵگا ڕێکدەخرێن کە زۆرینەی گەل و نوێنەرانی بەچاکی دەزانن

بــازاڕ، چونکە تێچووی گەڕان و پشــکنین بەدوای زانیاریدا کات و پارەی زۆری تێدەچێت و وەبەرهێنێک و پاشــەکەوتکەرێکی بچووک ئــەو توانایەی نابێت زانیاریی دروست بە ماوەیەکی کورت و بە تێچوویەکی کەم وەدەست بهێنێت بۆیە هەبوونی سیستەمێکی بانکی پێشکەوتوو ئەو تێچوانە کەم دەکاتەوە.

**● بانکەکانی کوردستان**

گەر وردبینەوە لە کردارەکانی بانکەکانی کوردستان و بەرانبەریان بکەین بەو چوار کردارەی سیســتەمی بانکــی مۆدێرن بۆمان دەردەکەوێــت کە بانکەکانی کوردستان تەنها و بەشێوەیەکی زۆر تەسک کرداری یەکــەم واتــا پارەپێدان ئەنجــام دەدەن، بەڵام ســێ کردارەکــەی دیکە ئەنجام نــادەن. هۆکارەکانی ئەم نەکارابیەش بە شێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆیانەی خوارەوە:

یەکەم: ڕێگری یاسایی و ئایینی بۆ پێدانی ڕێژەی قازانــج (Interest rate). بە داخەوە بە هۆی زاڵبوونی بیر و باوەڕی ئایینی لە کوردســتان، ڕێژەی قازانج لە خەڵکی ئاسایی حەرامکراوەو بەمەش میکانیزمێکی گرنگی ئابووری لە کارخراوە. هەرچەندە ئەم کێشەیە لە وڵاتە هەڵگرەکانی ئاڵای ئیسلامدا بە شێوازێکی گونجاو بۆ خۆیان چارەســەر کــراوە، بەڵام بە هۆی چالاکی ڕێکخراوە ئیســلامییەکانی کوردســتان و کەمتەرخەمی حکومەتی کوردســتان ئەم کێشــەیە چارەسەر نەکراوە و بەو هۆیەشــەوە بانکەکان ناتوانن زۆربەی کردارە بانکییەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن.

دووەم: نەبوونی پسپۆڕی و هێزی کاری کارامە لە بواری ئیش و کاری بانکیدا. بانکەکانی کوردســتان ئاخنــراون بە خەڵکی نەزان و بێکار. ئەمەش تێچووی بانکەکانــی بەرزکردووەتەوەو کردوونیەتی بە جێگای کەمکردنەوەی بێکاری.

ســێیەم: نەبوونی تەکنەلۆژیای نوێ. تا ئێســتاش زۆربــەی کارەکانی بانکــی هەر بەدەســت ئەنجام دەدرێــن و زۆربەی کارمەندەکانی بانکەکان ئاشــنا نین بە تەکنەلۆژیای ســەردەم و بەرنامەی دارایی و بانکییەکان.

چوارەم: دوورەپەرێزی لە سیستەمی بانکی نێودەوڵەتی. زۆربەی بانکەکانی کوردســتان هیــچ پێوەندییەکی ئەوتۆ و بەردەوامیان لە گەڵ بانکەکانی جیهاندا نییە. بەمەش لە ڕێڕەوی پێشکەوتنی سەردەمیان دوا دەخات. ئێستا لە چاو پێشکەوتنی سیستەمی بانکی جیهاندا، بانکەکانی کوردســتان زۆر لە بانکەکانی سەردەمی حکومەتی عوسمانی پێشکەوتووتر نین.

**ئەگەر سەیری ئەزموونی گەلان بکەین هیچ بەو شێوەیە ڕووی نەداوە کە لە نێو جەرگەی ئەو شەڕەی وڵات دژی هەرەشەکانی دەرەکی دەیکات گۆڕانکاری بەسەر وڵاتدا بسەپێنرێت**

**● سیستەمی بانکی و پاشەکەوتکردن و وەبەرهێنان**

پاشەکەوتکردن ڕۆڵێکی زۆر گرنگی لە پێشکەوتنی ئابووریــدا هەیــە. چونکــە گەشــەکردنی ئابووری بەبێ کەڵەکەکردنی ســەرمایە نایەتــەدی. وەک لە پێشــەوە ئاماژەی پێکرا، زۆربــەی زۆری پرۆژەکانی گەشــەکردنی ئابووری پێویســتیان بە سەرمایەیەکی زۆر هەیە بــە تایبەت دامەزراندنی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی. ئەو پارانەش نە لە ئاســمانەوە دەبارێن و نە وڵاتانی دەوڵەمەندیش بە خێر و حەسەنات بە وڵاتانی هەژاری دەبەخشن. بۆیە پێویستە وڵاتی گەشەکەر خۆی پاشــەکەوتبکات و وەبەرهێنانی پێویست بۆ پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بکات. خشــتەی خوارەوە ئەوە نیشاندەدات کە وڵاتانی هەژار کەم پاشەکەوت دەکەن و وەبەرهێنانیشیان بەو پێیە نزمەو لە ئاستی پێویستدا نییە. بۆ نموونە، وڵاتە ئەفریقییەکان. لە هەمان کاتدا، وڵاتانی گەشەکردوویش پاشــەکەوتکردن و وەبەرهێنانیان نزمە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو وڵاتانە هێندە گەشەیانکردووە چیز دی پێویستیان بە وەبەرهێنانی زۆر نیە لە ژێرخانی ئابووریدا. هەربۆیە پاشەکەوتیشیان کەمە. لــە نێو هەموو وڵاتانی گەشــەکەردا وڵاتانی باشووری ئاسیا بە ئاشــکرا دەرکەوتوون بەوەی ڕێژەی پاشەکەوتکردنیان بەرزە. بۆ نموونە لە ساڵانی نەوەدەکان و دوو هــەزاردا زیاتر لە ٣٥٪ کۆی گشــتی داهاتی نەتەوەییان (Gross Domestic Product) پاشەکەوتکردووە و لە ساڵی ٢٠٠٥ دا ڕێژەی پاشەکەوتکردنیان نزیکەی ٤٣٪ دا بووە. هەر بۆیە ڕادەی گەشــەکردنی ئابووری ئــەو وڵاتانە کەم وێنەیــە لە جیهاندا. بۆیە پێویســتە بڵێین کە پەیوەندی پاشــەکەوتکردن و گەشــەکردنی ئابــووری زۆر بەهێزە و جێگەی مۆدێرن و شــیاوی ئەو پاشــەکەوتکردنەش بانکەکانن، چونکــە هەتا پارە لە بانکدا دانەنرێت نابێتە هێزێکی دارایی مۆدێرن. بەداخەوە کاربەدەســتانی کوردستان بێئاگان لەم پێوەندییە بەهێزە. باشــترین نموونەی باش بۆ بەکارهێنانی پاشــەکەوتی ناوخۆیی بۆ گەشــەکردنی ئابووری ئەزمونی یابانە لە دوای کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان.

لە کوردســتاندا، نەبوونی جێگە و ڕێگەی دروســت بــۆ پاشــەکەوتکردن (نەبوونی سیســتەمێکی بانکی پێشــکەوتوو) بووەتە هۆی تەخشــان و پەخشانێکی لە ڕادە بەدەر. بۆ نموونــە، زۆر خەرجکردن، زۆر خواردن، زۆر حەج و عەمرەکردن، کۆشک و تەلار دروستکردن، فرە ئۆتۆمبێلی گرانبەها، پشــت و پێشی ماڵ مەڕمەڕ و کاشیکردن، هەڵئاوســانی نرخی خانووبەرە...تاد. لە هەمان کاتدا، ئەوانەی شــارەزان، بە ئاشــکرا و بە ژێر

پاشەکەوتکردن و وەبەرهێنان بە پێی ناوچە (وەک ڕێژەی ٪ کۆی گشتی بەرهەم GDP)

| ناوچە | ١٩٠٠ | | ٢٠٠٠ | | ٢٠٠٥ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | پاشەکەوت | وەبەرهێنان | پاشەکەوت | وەبەرهێنان | پاشەکەوت | وەبەرهێنان |
| وڵاتانی کەم و مامناوەند دەرامەت | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ |
| وڵاتانی کەم دەرامەت | ١ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ |
| وڵاتانی بەرز دەرامەت | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ١ | ٢ |
| وڵاتانی ئەفریقا | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ |
| وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و پاسفیک | ٣ | ٣ | ٣ | ٣ | ٤ | ٣ |
| وڵاتانی باشووری ئاسیا | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ٣ |
| وڵاتانی ئەمریکای باشوور | ٢ | ١ | ١ | ١ | ٢ | ١ |
| وڵاتانی دەریای ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا | ١ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ |

Source: Cypher J.M. & Dietz, The Process of Economic Development, Routledge, (2009),

بە ژێرپاشەکەوتەکانیان دەبەنە دەرەوەی وڵات. هەر بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە بەهای ماڵێک لە شارێکی کوردستاندا زۆر جار لە بەهای ماڵێکی هاوتایی لە لەندەن و پاریس و نیویۆرک زیاتر بێت. ئەمانە هەمووی ئەوە نیشاندەدەن کە یا خەڵکێک بە عەقڵیەتی فەلاحێکی دواکەوتوو لە بارودۆخێکی سەیردا بوونەتە خاوەنی پارەیەکی زۆر و نازانن چی لێبکەن یا ئەوەتا دواکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی جێگەی وەبەرهێنانی لەباریان بۆ دابین ناکات. لە هەموو بارێکدا، سەرمایەداری کوردستان زۆر لە سەرمایەداری سەردەمی دەربەگایەتی ئەوروپا دەچێت نەک سەرمایەدارییەکی هاوچەرخ.

**● ئەو سیاسەتانەی پێویستن بۆ کۆکردنەوەی پاشەکەوتی ناوخۆیی**

بێگومان نەبوونی متمانە لە نێوان بانک و هاووڵاتیدا کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە سەر کەمبوونی پاشەکەوتی دارایی (Financial Saving). ئەم نەبوونیەش بە ئاسانی لە ناو ناچێت. بۆیە پێویستە حکومەت بەم هەنگاوانەی خوارەوە هەڵبستێت:

یەکەم: متمانە بە سیستەمی بانکی بگێڕێتەوە بەوەی یاسای بانکی ڕوون و ئاشکرا دابنێت.

دووەم: پێویستە کۆمیتەیەکی سیاسەتی دارایی لە پسپۆران بۆ چاودێری و لێپێچینەوە لە بانکەکان دابمەزرێنێت.

سێیەم: سیاسەتێکی ئاشکرا و ڕوون لە بارەی پاراستنی پاشەکەوت هەبێت و گەرەنتی پاشەکەوت بە هاووڵاتیان بدرێت.

چوارەم: پێویستە تەم و مژی ئاینی لە سەر ڕێژەی سوود هەڵبگیرێت.

پێنجەم، پێویستە باج لە سەر تێچوونێکی زۆری پاشەکەوت نەبێت و ئەگەر هەبێت دەبێت لاببرێت،

شەشەم، بازاڕی قەرز ببووژێندرێتەوە و حکومەت خۆی قەرز بۆ پرۆژە بچووکەکان دابین بکات.

بە کورتی، لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە دووبارە بکەینەوە کە قەیرانی دارایی ئێستای کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی ئەنجامی ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان حکومەتی کوردستان و حکومەتی عێراق بووە، بەڵام پێشبینی نەکردنی ڕوودانی قەیرانێکی لەم جۆرەو خۆ ئامادەنەکردن بۆی و پشتگوێ خستنی کەرتی دارایی و بانکی کوردستان کەمتەرخەمی و ناشارەزایی سیاسەتمەدارانی کوردستان دەگەیەنێت. پێویستە ئێستاش هەوڵی ڕشت بدرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانە و پەنا ببرێت بۆ پسپۆڕانی خاوەن ئەزموون بۆ چارەسەرکردنیان نەک خەڵکی سیاسی نەشارەزا، چونکە ئەم بابەتانە زانستین و پێویستیان بە خەڵکی زانا و پسپۆڕ هەیە بۆ چارەسەرکردنیان.